# حیکمەتە زیندوونەکانی زەمین

ئەفۆریزم

بەرگی دووەم

وەرگێڕانی

زانا خەلیل

ناوی کتێب: حیکمەتە زیندووەکانی زەمین
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : زانا خەلیل
بابەت: ئەفۆریزم_ بەرگی دووەم
بەرگ : دەراو خەلیل
تیراژ: (500) دانە..
چاپی یەکەم
چاپخانەی چوارچرا
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی
سپاردنی (37)ی ساڵی (2020)ی پێدراوە.

# حیکمەتە زیندوونەکانی زەمین

## ئەفۆریزم

بەرگی دووەم

لە عەرەبییەوە

زانا خەلیل

# پێرست


پێشەکی........................................................8

کونفوشیوس (551پ.ز_479 پ.ز).......................11

گاندی (1869_1948)......................................20

بیرتراند راسل (1872_1970)............................38

وینستۆن چەرچل (1874_1965)........................51

چارلی چاپلن (1889_1977)............................64

جبران خەلیل جبران (1883_1931)....................75

دیل کارنیجی (1888_1955)...........................109

میخایل نەعیمە (1889_1988).........................122

جان پۆل سارتەر (1905_1980).......................135

ئەلبێر کامو (1913_1960).............................147

ئیمیل سیۆران (1911_1995)..........................163

نەجیب مەحفوز (1916_2004).......................189

**چارلس بوکۆڤسکی (1920_1994)........................241**

**میلان کوندێرا (1929_      )..................................265**

**مەحمود دەروێش (1941_2008).........................284**

**گابریک گارسیا مارکیز (1927_2014)...................333**

**غادە ئەلسەمان (1942_      )...............................352**

**ئەحلام موستەغانمی (1953_      )........................375**

**عەلی شەریعەتی(1933_1977)...........................403**

**عەبدولڕەحمان مونیف(1933_2004)....................415**

**محەمەد ئەلماغوت (1934_2006)........................435**

**ئەحمەد مەطەڕ (1954_2014)............................460**

**نزار قەبانی (1923_1998)...................................472**

**پاولۆ کۆیلۆ (1947_  )........................................486**

**سوزان علیوان (1974_    )..................................500**

# پێشەکی

ئەفۆریزم یا (Aphorism) یا (حِكْمَة : قَوْلٌ مَأثُور) یا حیکمەت یا پەند: بیرۆکەیەکی سەربەخۆیە، لە رستەیەک یا چەند رستەیەکی کورتدا سەبارەت بە بابەتێک دەردەبڕدرێ و دەستپێکی مێژووی نووسراوی ئەفۆریزمیش دەگەڕێتەوە بۆ گریکییەکان و بە تایبەتیش بۆ (Heraklit) و سوکرات و ئەرستۆ و ئەفلاتون و..تاد

ئەفۆریزم چڕکراوەی رەنج و کۆششی بیرە لە چەند وشەیەکی کەمدا، زۆرترینجار بە جوانبێژییێکی شیعری واتادار و چڕ دەردەبڕدرێ کە ئەزمووندارِیی نێرەری تیا دەردەکەوێ و کورتبێژیش مەرجی سەرەکی و بنەڕەتی و جەوهەریی ئەو هونەرەیە.

ئەفۆریزم زۆرجار لەناو کۆمەڵگە و لە قسەی ئاسایی خەڵکی ئاسایش درووست دەبێ، بەڵام هەندێجار یا زۆرترینجار کە خاوەنەکەی دیار نابێ و ئەوە لەو

حاڵەتەدا دەبێتە موڵکی نەتەوەکە و زۆر ئەفۆریزمیش هەیە سنووری نەتەوە و زمانەکان دەبڕێ دەبێتە موڵکی مرۆڤایەتی بە گشتی و هەروەها لە ئێستادا ئەفۆریزم لە زۆر لە شیعر و ڕۆمانەکاندا بەرچاو دەکەوێ و وەک یەکەیەکی سەربەخۆ لە تێکستە ئەدەبیانەکاندا دەریدێنن و بە ناوی خاوەن تێکستەکە لەنێو وەرگرەکاندا بڵاو دەبێتەوە و جۆرێک لە جۆرەکان هەم چێژ و هەم سوود و هەموو ئەزموون بە کەسی وەرگر دەگەیەنێ.. دوا بە دوای تەواوکردنی هەردوو بەرگی (ئەستێرەکانی زەمین) کە ئەنتۆلۆژیای شیعری شاعیرانی جیهانە، کە هەر خۆم شیعرەکانم هەڵبژاردووە و هەم خۆشم کردوومنەتە کوردی بە نیاز نەبووم ئیدی هیچ شتێکی دیکە بکەمە کوردی، بەڵام کاتێ سایتی (sgb8bg.net/حکم نت)م کەوتە بەرچاو سەرم لە کارکردن لەناو ئەو سایتە سووڕما، لەو سایتەدا ئەفۆریزمی سەدان و سەدان فەیلەسوف و نووسەر و

زانا و رۆشنبیر کۆکراونەتەوە کە لە هەزارن ئەفۆریزم تێپەڕ دەکا و بە شێوەیەکی زۆر جوان و ئەکادیمیانەش پۆلێن کراوە و هەر بۆیەش نەمتوانی بەرانبەر ئەو هەموو جوانییە دەستەوەستان بوەستم و کارێکی لەسەر نەکەم و هەر ئەو سایتەم کردە سەرچاوەی ئەو کتێبەی بەر دەستان و ئەوەی ئارەزووم کرد هەڵمبژاردن و تەرجەمەم کردن... بێگومان ئەو کارەی من بێ هەڵە نییە و هیوادارم ئەوە دەستپێکێکبێ بۆ وەرگێڕانی ئەفۆریزمی زیاتر و بەرهەمهێنانی کتێبی زۆرتر لەو بواردەدا.



# konfucius

## کۆنفوشیوس (551پ.ز_479 پ.ز)

## فەیلەسوفی چینی

**گەورەترین نەهەنگەکانی دەریاش**

**هیچ هێزێکیان نییە لە بیاباندا.**

•

**مۆمێک داگیرسێنی**

**باشترە لەوەی**

**نەفرەت لە تاریکیی بکەیت.**

•

**مەزنایەتی لەوەدا نییە**

**هەرگیز نەکەویت**

**بەڵکو لەوەدایە**

**هەر کاتێ بکەویت،**

**بتوانیت هەستیتەوە.**

•

لێکۆڵینەوە لە ڕابردوو گرنگە

بۆ ئەوانەی پلان بۆ ئایندە دادەڕێژن.

•

بێدەنگیی تاکە هاوڕێیەکە

کە هەرگیز خیانەتت لێ ناکا.

•

باوک دان بە کوڕەکەیدا دەنێ،

جا بەهرەمەندبێ یا بێبەهرەبێ.

•

پاشگەزنەبوونەوە لە هەڵە،

هەڵەیەکی گەورەترە.

•

پێنج بەربەست لەسەر ڕێگەی مەزنبووندا هەن:

تەمبەڵیی،

خۆشویستنی ژنان،

لادان لە تەندرووستی،

بیرکردنی گوناح و

کەیف بەخۆ هاتن.

•

غەمگین نیم چونکە خەڵک نامناسن،

بەڵکو بۆیە غەمگینم

چونکە من نایانناسم.

•

ژن درەوشاوەترین شتە لە ژیان.

•

پیاوی بەرز

بە دوای شتێکدا دەگەڕێ

کە لە خۆیدا هەیە و

پیاوی نزمیش

بە دوای شتێکدا دەگەڕێ

لای ئەوانی دیکەدا هەیە.

•

هەر کێی ڕاستیی ببینێ و

ئەنجامی نەدا، ترسنۆکە.

•

بەختەوەریی

دوو زێی ئەزەلی هەیە:

سادەیی و باشیی.

•

گوللە تۆپ بە کار مەهێنە

بۆ کووشتنی پێشکە.

•

ویژدان نووری ژیرییە

بۆ لێکجیاکردنەوەی خێر و شەڕ.

•

هەرگیز ڕاڕا مەبە لەوەی بپرسی:

ئەو کێیە بەبێ تۆ؟

•

مەعریفەی ڕاستەقینە ئەوەیە

بزانیت کە لەنێو چ جەهلێکدا دەژیت.

•

ئەگەر دەتەوێ ئاستی پێشکەوتن و

شارستانیەت و تێگەیشتوویی

هەر نەتەوەیەک بزانیت،

گوێ لە مۆسیقاکەی بگرە.

•

ئەو پیاوەی چیا دەهەژێنێ،

بە فڕێدانی بەردێکی بچووک دەستپێدەکا.

•

چەند پیرۆزن

ئەو پیاوانەی

کە خۆشەویستییان

بۆ خوا یەکسانە

بە خۆشەویستییان بۆ ژن.

•

پیاو سێ ناوی هەیە:
ئەو ناوەی بە میرات بۆی
دەمێنێتەوە و ئەو ناوی کە باوکی
پێیدەبەخشێت و ئەو ناوەیش
کە خۆی بۆ خۆی درووستی دەکا.

•

ئێرەییم بەوانە دەبرد
کە پێڵاویان هەیە
تا ئەو کاتەی پیاوێکی بێ پێم بینی.

•

کەمجار چاکەی حەقیقی،
یاوەری وشەی بریقەدار و
شێوەی جوابپۆش دەبێ.

•

تەماشای دڵت بکە،

ئەگەر شتێکی هەڵەت

تێیدا نەدۆزیەوە

ئەوە لە هیچ شتێ

نە بترسە و نە ڕاڕاشبە.

•

دوو ژیانمان هەیە،

دووەمیان ئەو کاتە دەسپێدەکا

کە دەزانین تەنیا یەک ژیانمان هەیە.

•




**Gandhi**

## گاندی (1948_1869)

**سیاسی و فەیلەسوفی هیندی.**

**تەندرووستی**

**سەروەتی راستەقینەیە،**

**نەک زێڕ و زیو.**

•

**ئەوەی بە توندوتیژی بسەندرێ**

**تەنیا بە توندوتیژیش دەپارێزرێ.**

•

**هاوکاری نەکردنی شەڕ**

**پێویستییێکە**

**گرنگییەکەی**

**کەمتر نییە**

**لە هاوکاریکردنی خێر.**

•

پێویستە دەوڵەمەندەکان

بە سادەیی بژین تا هەژارەکان بتوان بژین.

•

هەڵە بە هۆی زۆر بڵاوبوونەوەی

نابێتە حەق و

حەقیقەتیش نابێتە هەڵە

لەبەر ئەوەی کەس نایبینێ.

•

خۆشەویستیی پیاو

بۆ مێ زگماکە،

بەڵام پاراستن و پارێزگاریی لێکردنی

پیاوەتییە.

•

نابێ جیاوازی بۆچوون

ببێتە دوژمنداری

گەرنا من و ژنم

دەبووینە سەرسەختترین

دوژمنی یەکتر.

•

ناتوانی تەوقە

لەگەڵ مست بکەیت.

•

پێویستە

خوێن

ڕێگەی سەربەخۆیی

خۆش بکا.

•

کاتژمێری غەزەب میلی نییە.

•

ناکرێ بە گوێرەی یاسا

عاتیفە درووستبکەیت یا رێکی بخەیت.

•

وا بژی وەک ئەوەی بەیانی دەمریت

وا خۆت فێرکە

وەک ئەوەی تا ئەبەد دەژیت.

•

بە دڵ نوێژ بکەیت بە بێ وشە

باشترە لەوەی لە نوێژدا

وشە ریز بکەیت بە بێ دڵ.

•

**بەختەوەریی ئەوەیە**

**فکر و قسە و کردارت وەک یەکبن.**

•

**لە کوێ خۆشەویستیی هەبێ**

**لەوێ ژیان هەیە.**

•

**ئەگەر بە خراپە رووبەڕووی خراپە ببیتەوە،**

**کەی خراپە کۆتایی پێدێ؟**

•

**بێهێز ناتوانێ بەخشندەبێ،**

**بەخشندەیی لە خاسییەتی**

**بەهێزەکانە.**

•

فێری شەترەنج نەبووم

چونکە حەز ناکەم

سوپا و سەربازەکانم

بە کووشتن بدەم

لە پێناوی مەلیک.

•

پێویستە پەنجەرەکەم بکەمەوە

تا _با_ی هەموو کولتوورەکانی تیا هەڵبکا،

بە مەرجێ لە رەگەوە هەڵمنەتەکێنێ.

•

لە یادکردن

نایەتە لات

دەبێ تۆ بچیتە لای.

•

**هەرگیز پەشیمان نابمەوە لە کەسێ**

**کە هاتە ژیانم و رۆیشت..**

**دڵسۆز، دڵخۆشی کردم  و**

**خراپ، ئەزموونی پێبەخشیم و**

**خراپتر، دەرسێک بوو بۆم**

**بەڵام باشترین، هەرگیز جێمناهێڵێ.**

•

**تووڕەیی و دەمارگیریی،**

**مرۆڤ بەرانبەر تێگەیشتنی درووست**

**کوێر دەکەن.**

•

**ئێمە بە قووڵی  بە دوای بەختەوەرییدا دەگەڕێین**

**کەچی لە شتی سادە دەیبینینەوە.**

•

**هیچ بەربەستێک هەیە**

**خۆشەویستیی نەتوانێ بیشکێنێ؟**

•

**کە سەردانی بەریتانیام کرد**

**رۆژنامەنووسێک بە گاڵتەجارییەوە لێیپرسیم:**

**_بۆ ئەو پارچە پەڕۆکەت پۆشیوە**

**کە جەستەشی دانەپۆشیووی؟**

**گوتم: چونکە من نوێنەرایەتی**

**ئومەتێکی رووت و برسی دەکەم.**

•

**دەتوانی شۆڕشگێڕ بکوژی**

**بەڵام ناتوانی**

**شۆڕش بکوژی.**

•

هەر کاتێ گەلی هیند

دژی داگیرکەری ئینگلیز

یەکیان دەگرت،

ئینگلیز سەری چێڵێکیان دەبڕی و

فڕێیان دەدایە

سەر رێگایەکی نێوان هیندۆس و موسڵمانان

تا بە ململانێی نێوانیان سەرقاڵ بن و

واز لە داگیرکەر بێنن.

•

ئەو _نەخێرە_ی

کە لە باوەڕێکی

قووڵەوە دەگوترێ

باشترە لە _بەڵێ_یەک

کە تەنیا لە پێناو رازیکردندا دەگوترێ.

•

**دەتوانی بمگریت**

**دەتوانی ئەشکەنجەم بدەیت**

**دەتوانی جەستەشم وێران بکەیت**

**بەڵام ناتوانی سەرکەویت لەوەی**

**دەست بەسەر زەینمدا بگریت.**

•

**کەس بۆ کەس نامێنێ،**

**فێربە چۆن دەتوانی بە خۆت بەهێزبیت.**

•

**توانای مرۆڤ**

**لە بەرگەگرتنی ئەشکەنجەدا گەورەترە**

**لە توانای دوژمنەکەی**

**کە ئەشکەنجەی دەدا.**

•

هەستکردنی مرۆڤ بە شانازیی

لە کاتی ریسواکردنی براکانی لە مرۆڤایەتیدا

لوغزێکە، ناتوانم تێیبگەم.

•

رەوشت بناغەی شتەکانە و

حەقیش جەوهەری هەموو رەوشتەکان.

•

جوانە لە مانای بەخشین تێبگەیت

بەڵام جوانتر ئەوەیە ببەخشیت.

•

هیچ رێگەیەک نییە بەرەو ئاشتیی

ئاشتیی خۆی رێگەیە.

•

چاوەڕوانیی گرینگیدان مەکە
تەنیا لەو دڵە نەبێ کە لە غیابت دەترسێ.

•

ئامانج درەختە و وەسیلە تۆویە،
وەکچۆن درەخت لەنێو تۆودا هەیە
ئاواش ئامانج لەناو وەسیلەدا هەیە.

•

درەنگ پۆزشهێنانەوە،
نیوەی بەهای خۆی لە دەستدەدا.

•

زۆرینە لە دەوری دەسەڵاتن و
کەمینەش لە دەوری نیشتمان.

•

دادگەیەکی باڵا هەیە

باڵاترە لە دادگەکانی دادپەروەریی

ئەویش دادگەی ویژدانە

ئەو زۆر باڵاترە لە هەموو دادگەکانی دیکە.

•

رێ بە کەس نادەم بە پێی پیسەوە

بێتە ناو عەقڵم.

•

لە مەسەلەکانی ویژداندا یاسای زۆرینە

هیچ شوێنکی نییە.

•

چاولێکەریی راستترین جۆری ریاکارییە.

•

ژیان ئاوایە، هەر کەسێ دڵی خەڵک بشکێنێ

بێگومان کەسێکیش دێ

دڵی ئەو دەشکێنێ.

•

ڕێزگرتن داوا ناکرێ،

بەدەستدەهێنرێ.

•

چەند جوانە بەناو خەڵکدا تێبپەڕیت و

بۆنی عەتری ڕەوشتی خۆتت لێبێ.

•

حەقیقەت هەر حەقیقەتە

جا با هەموو دژی یەک کەس بن.

•

خەڵک بەردبارانیان کردم،

بەردەکانم کۆکردەوە و ماڵێکم پێدرووستکرد.

•

باوەڕی ـچاو لە بری چاوـ

هەموو جیهان کوێر دەکا.

•

ئومێد شتێکی باشە و

شتە باشەکانیش هەرگیز نامرن.

•

هیچ ئومەتێک نییە توانیبێتی هەستێتەوە

بەبێ ئەوەی

خۆی بە ئاگری عەزاب پاک نەکردبێتەوە.

•

**هەموو کەسێک دەیەوێ**

**بەهێز و سەربەخۆبێ، بەڵام کەس نایەوێ**

**رەنجی تەواو بدا بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانە.**

•

**وشەی لێبووردەییم خۆشناوێ**

**بەڵام هیچ وشەیەکی لەوە باشتر نادۆزمەوە.**

•

**لە دنیاییێکی رەقدا دڵێکی نەرمت هەبێ**

**ئازایەتییە نەک بێهێزیی.**

•

**هەموو کەوتنێک کۆتایی نییە،**

**کەوتنی باران جوانترین سەرەتایە.**

•

حەق خۆشەویستییە و

تەنیا خۆشەویستیش چەکێکە

کە هیچ چەکێک نییە لەو بەهێزتر.


•

هیچ گوناحێکم نەدیتیە گەورەتربێ

لە چەوساندنەوەی بێتاوان

بە ناوی خواوە.

•




# Bertrand Russell

## بیرتراند راسل (1872_1970)

### فەیلەسوفی بەریتانی

زۆرینەی خەڵک

مردنیان لا باشترە

لە بیرکردنەوە.

•

ژیان هیچ نییە

جگە لە بەربەرەکانێیەک

کە هەر یەک لە ئێمە

دەیەوێ ببێتە تاوانبار نەک قوربانی.

•

تاکە شتێ

کە دەتوانێ

مرۆڤایەتی رزگار بکا،

هاوکارییە.

•

**جەنگ دەستنیشانی ئەوە ناکا**

**کێ لەسەر حەقە**

**بەڵکو دەستنیشانی ئەوە دەکا کێ دەمێنێتەوە.**

•

**مرۆڤ بە گەمژەیی لە دایکنابێ**

**بەڵکو بە نەزانی،**

**دواتر تەعلیم گەمژەی دەکا.**

•

**ئەگەر مرۆڤ بیتوانیبووا دزە بکاتە**

**نێو بیری ئەوانی دیکە،**

**باوەڕم وایە وەکچۆن بەفر**

**لە ژێر تیشکی خۆردا دەتوێتەوە**

**هەر ئاواش برادەرایەتی دەتوێتەوە.**

•

کێشەی جیهان ئەوەیە

هەمیشە گەمژە و دەمارگیرەکان

متمانەیان بە خۆیانە

لە کاتێکدا عاقڵەکان

پڕن لە گومانکرد لە خۆیان.

•

نهێنی بەختەوەریی یانی:

ئەو راستییە قبوڵ بکەیت کە ژیان پیسە.

•

هەست بە غیرە مەکە

لە خۆشحاڵی ئەوانەی

لە بەهەشتی گێلان دەژین،

تەنیا گەمژە لای وایە کە ئەوە بەختەوەرییە.

•

ئینسانیەتی خۆتت

لە بیربێ و

ئەوەیتر هەمووی لە بیرکە.

•

چ سوودێکی هەیە

هەموو مرۆڤێک

دەوڵەمەند بکەیت

کە دەوڵەمەندەکان خۆیان

بەدبەختبن.

•

هەست

بە یەقینی تەواو مەکە

بەرانبەر هیچ شتێ.

•

هەموو پێشکەوتنێک

لە شارستانییەتدا

کە هێشتا نوێیە،

تۆمەتبارە.

•

کۆمەڵگە نەزان و دواکەوتووەکان

ترسناکتر دەبن

کاتێ نەزانینی خۆیان پیرۆز دەبینن.

•

گوێ بە دەسەڵاتی ئەوانیتر مەدە،

چونکە هەمیشە

دەسەڵاتی دیکە دەبینی

کە دەبنە بەرهەڵستیان.

•

**کاتێ رووبەڕووی بەرهەڵستی دەبیتەوە**

**هەتا ئەگەر لە ژنت یا منداڵەکانیشتەوەبێ،**

**هەوڵدە بە دوان و گفتوگۆ بەسەریاندا زاڵبیت**

**نەک بە دەسەڵات**

**چونکە هەر سەرکەوتنێ**

**کە پشت بە دەسەڵاتەوە ببەستێ**

**راستەقینە نییە و وەهمییە.**

**•**

**زۆرترین ئەو مشتومڕانەی**

**بە توندییەوە دەکرێن**

**لەسەر ئەو شتانەیە**

**کە هیچ بەڵگەیەکی باش**

**لە ئارادا نییە**

**تا بیسەلمێنێ یا رەتی بکاتەوە.**

**•**

**ئەگەر  هەستتکرد کەشتییەکەت نوقم دەبێ،**

**ئەوە یانی کاتێکی گونجاوە**

**تا خۆت لەو شتە ناپێویستانە رزگار بکەیت**

**کە کەشتییەکەیان گران کردووە.**

•

**شەڕ خۆی، خۆی وێران دەکا.**

•

**خۆشەویستی دانایە و رقیش دەبەنگ.**

•

**ژیان لەوە کورتترە بە تۆمارکردنی**

**هەڵەی ئەو کەسانە بەڕێیبکەین**

**کە لەگەڵ ئێمەدا ئەنجامیانداوە.**

•

**ئەگەر ئازادیی زیانبەخشبێ**

**پێویستە پەنا بۆ یاسا ببەین.**

•

**ئەگەر قسەکردن هیچ لە واقیع نەگۆڕێ**

**ئەوە بێدەنگیی جوانتر و رێکترە.**

•

**پێویستیم بەوە نییە،**

**بە دۆزەخ هەڕەشەم لێبکرێ تا بە ڕەوشتبم.**

•

**دەگوترێ: مرۆڤ حەیوانێکی عاقڵە،**

**بە درێژایی ژیانم**

**بە دوای ئەو بەڵگانەدا گەڕاوم کە ئەوە بسەلمێنێ.**

•

ژیان شانۆیەکی گەورەیە
خراپترین شت تێیدا ئەو کەسانەن
کە ڕۆلی گرنگیدان دەبینن
لەو کاتەی کە شتێکیان لێتدەوێ.

•

دەتوانی درۆیەکی سادە بکەیت،
دە کەس چەپڵەت بۆ لێدەن و
دەتوانیت حەقیقەتێکی بێزارکەر بڵێیت،
هەشت کەس تۆمەتبارت بکەن و
دوویان بڕۆن بیری لێبکەنەوە.

•

هەرگیز لە فیراقی هیچ کەس ناترسم،
کێ ئەوڕۆ دەڕوا سبەی لەو جوانتر دێ.

•

زۆر راستگۆبە

هەتا ئەگەر حەقیقەتەکە

خۆشیش نەبێ

چونکە هەوڵدان

بۆ شاردنەوەی حەقیقەت

زۆر ناخۆشترە.

•

هەندێ کات هەیە

هەست دەکەی

نە خۆشەویستیی و

نە گرینگیدانی کەسانیتر و

نە هیچ شتێکی دیکە

حاڵت باشتر ناکا جگە لەو شتەی

کە خۆت دەیبەخشیتە خۆت.

•

ڕۆژێ کوڕێکی بەژن ناوەندیم دیت

لە منداڵێکی لە خۆی بچووکتری دەدا،

قسەم لەگەڵ کرد و گوتی:

منداڵە گەورەکان لە من دەدەن و

منیش لەو منداڵانە دەدەم

کە لە خۆم بچووکترن.. ئەوە یەکسانییە..

ئەو منداڵە بەو چەند وشەیە

هەموو مێژووی مرۆڤایەتی کورت کردەوە.

•

ژیانت تێدەپەڕێنیت و لات وایە تۆ

بەرگری لە ئەفکارت دەکەی،

دواتر بۆت دەردەکەوێ کە تۆ لە راستیدا

بەرگری لە فکری ئەوانە دەکەیت

کە لە عەقڵی تۆدا چاندوویانە.

•

مرۆڤ هەمیشە هەوڵی بەختەوەریی دەدا و

لەو رێگەیەدا پێویستی بە سێ شت دەبێ:

ئومێد و سەرەڕۆیی و گۆڕان.

•

پڕکردنەوەی کاتی بەتاڵ بە زیرەکیی،

بەرزترین ئاستی رۆشنبیری شەخسییە.

•

بەختەوەریی ئەو کاتە دێ

کاتێ لە دڵتدا شوێێنکی بۆ ئامادە دەکەیت.

•



# Winston Churchill

## وینستۆن چەرچل (1874_1965)

### سیاسەتمەداری بەریتانی

رەشبین

سەختی لە هەموو

دەرفەتێکدا دەبینێ

بەڵام گەشبین لە هەموو سەختییێکدا

دەرفەت دەبینێ.

•

سەرکەوتووەکان

مێژوو دەنووسنەوە.

•

ئەو جگەرەکێشە ڕاڕایەی

زۆر لەبارەی زیانەکانی جگەرە دەخوێنێتەوە،

چار نییە دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان

واز لە خوێندنەوە بێنێ.

•

لە گۆڕستانێک دەڕۆیشتم

دیتم لەسەر کێلێک نووسرابوو:

لێرە زەعیمێکی سیاسی و

پیاوێکی راستگۆ راکشاوە

سەیرم پێهات چۆن ئەو دووە لە یەک قەبردا دەنێژرێن!

•

کەمجار مەزنایەتی و خێر

لە یەک پیاودا کۆدەبنەوە.

•

دەماری جەنگ، پارەیە.

•

تاکە وەڵامی ژێرکەوتن، سەرکەوتنە.

•

ئیمپراتۆرییەکانی ئایندە، ئیمپراتۆرییەتی عەقڵن.

•

لە سیاسەتدا

نە دوژمنی بەردەوام و

نە دۆستی بەردەوام هەیە،

بەڵکو بەرژەوەندی بەردەوام هەیە.

•

کاتێ هەڵۆکان بێدەنگدەبن

بەبەغاکان دەست بە چەنەبازیی دەکەن.

•

کەسی خاکەڕا

زۆر شتی هەیە تاکە خاکەڕایی پێبکا.

•

نهێنی حەقیقەت ئەوە نییە

کارێک بکەین کە خۆشماندەوێ

بەڵکو ئەوەیە

ئەو کارەمان خۆشبوێ کە دەیکەین.

•

دیلی جەنگ کەسێکە

هەوڵدەدا بتکوژێ و ناتوانێ،

جا دواتر داوات لێدەکا نەیکوژی.

•

ژیر ئەو کەسەیە

کە بە خۆی هەموو هەڵەکان ئەنجام نەدا

بەڵکو دەرفەت

بۆ کەسانیتر بهێڵێتەوە.

•

**ئەگەر جەنگ**

**لە نێوان رابردوو و ئێستا هەڵگیرسێنین**

**ئاینده دەدۆڕێنین.**

•

**لەو سەربازەی کە لەسەر جادە دەوەستێ**

**هەیبەتی دەوڵەت دەستپێدەکا.**

•

**ئەگەر دەتەوێ**

**هەر میللەتێک لە جیهاندا بناسی**

**تەماشای پەرلەمانەکەی بکە و**

**بزانە کێ نوێنەرایەتی دەکا،**

**جا دەزانی چ میللەتێک شیاوی ئەوەیە**

**گوڵی بۆ هەڵدەی یا بە قۆندەرە تێیهەڵدەی.**

•

له هەموو چیرۆکێکی سەرکەوتندا
کەسێک هەیە بڕیارێکی ئازایانەی داوە.

•

حەقیقەت مشتومڕ قبوڵ ناکا
لەوانەیە پیسیی هێرشی بکاتە سەر و
جەهل گاڵتەی پێدەکا،
بەڵام دواجار
حەقیقەت هەر حەقیقەتە و ناگۆڕێ.

•

سیاسی باش ئەوەیە
توانای پێشبینیکردنی هەبێ و
توانای پاساو هێنانەوەشی هەبێ
کە بۆچی پێشبینییەکانی نەهاتنەدی.

•

من ئامادەم
لە پێناو نیشتمانم
هاوپەیمانی لەگەڵ شەیتانیش بکەم.
•

ئەگەر بەرەبەیانێ
کەسێ لە دەرگایماڵەکەمیدا و
من هیچ گومانم نەبوو کە ئەوە شیرفرۆشە،
ئەوە یانی من لە وڵاتێکی دیموکراسیدا دەژیم.
•

ئەگەر شەیتان دژی هیتلەر
هاوکاری کردبام
من لەبەرانبەر ئەنجوومەنی
ئومەت ناوم بە باشە دەهێنا.
•

زۆر کەس بە پەیژەی شکۆدا سەرکەوتن
جا یا بەسەر شانی دۆستەکانیان
یا بەسەر جومجومەی دوژمنەکانیان.
•

هەمیشە شێواز وا دەکا
لە قسەکردن لەگەڵ کەسێکدا
بەردەوامبین یا بە تەواوی بەلایەوەی بنێین.
•

ئەگەر تیرەکەت ئامانجی نەپێکا
بیر لەوە مەکەوە چ هەڵەیەکت کردوە
تیری دووەم راکێشە و بیر لەوە بکەوە
چی پێویستە بە شێوەیەکی درووست بیکەیت
تا ئامانج بپێکیت.
•

زیاد لە پێویست

مەبەخشە

تا زیاد لە پێویست

لەدەستنەدەی.

•

کاتێ دایکت پێتدەڵێ:

لەو شتە پەشیمان دەبیتەوە

چارنییە، زۆرترینجار

پەشیمان دەبیتەوە.

•

ئەگەر تۆ شتێکت بوێ

ئەوە بە درێژایی ژیان

لەگەڵت بەردەوام دەبێ.

•

دەکرێ مێژووی جیهان

لە یەک حەقیقەتدا چڕ بکرێتەوە

ئەویش ئەوەیە:

کاتێ نەتەوەکان بەهێزن

دادپەروەر نین و

کاتێکیش دەیانەوێ دادپەروەربن

ئەوە هێزی خۆیان لە دەستداوە.

•

مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە

چونکە دەبەنگەکان باش لێی تێنەگەیشتوون.

•

هەندێ هەڵە لە یادناکرێن

ئەگەر بشیانبەخشین.

•

**دوژمنت هەیە؟ عەزیمە..**

**مانای ئەوەیە تۆ رۆژێ لە رۆژان**

**بەرگریت لە شتێک کردوە.**

•

**دەمارگیر کەسێکە ناتوانێ بۆچوونی خۆی بگۆڕێ و**

**ناشیەوێ بابەتەکە بگۆڕێ.**

•

**ئەگەر دەتەوێ بەرەو دۆزەخ بچی**

**دوای رووناکیی بکەوە.**

•

**ئێمە بەوە دەژین کە وەریدەگرین،**

**بەڵام ژیان بەوە درووستدەکەین کە دەیبەخشین.**

•

دەستبەرداری شتێ مەبە

کە ناتوانی رۆژێ بەسەرتدا تێبپەڕێ و

بیری لێنەکەیتەوە.

•

باشە راستگۆبی

بەڵام زەروریشە

لەسەر حەق بیت.

•

هەرگیز ناگەیتە ئامانج

مادەم لەگەڵ

حەپینی هەر سەگێک دەوەستیت

تا بەردی تێبگری.

•



# Charlie Chaplin

## چارلی چاپلن (1977_1889)

**ئەکتەر و دەرهێنەری بریتانی**

**برسییەتی، ویژدانی نییە.**

•

**بیرۆکە**

**لە ئارەزوویێکی بە تینەوە دێ.**

•

**لەوانەیە ژیان نایاب بێ**

**ئەگەر خەڵک وازت لێبێنن.**

•

**رەنگە ئازاری من ببێتە هۆی پێکەنینی کەسێک،**

**بەڵام حەز ناکەم خۆشییەکانم**

**ببنە هۆی ناخۆشی کەسێک.**

•

**کاتێ جیهان بێئومێدیت**

**بەسەر دادەبارێنێ،**

**یا بەرەو فەلسەفە دەچیت**

**یا بەرەو گاڵتەجاڕیی.**

•

**ڕۆژێکی بێپێکەنین**

**ڕۆژێکی**

**بە فیڕۆ چووە.**

•

**زێدەڕۆیی مەکە لە ستایشکردن**

**تا نەکەویتە نێو بیری دووڕوویی و**

**زێدەڕۆیش مەکە لە سەڕاحەت**

**تا نەکەویتە نێو قوڕی بێئابڕوویی.**

•

ئازابە و رووبەڕووی ژیان ببەوە.

•

پەلکەزێڕینە نابینی مادەم

تەماشای خوارەوە دەکەیت.

•

گرنگە کەسێک دڵخۆش بکەیت و

گرنگتر ئەوەیە لە خۆتەوە دەستپێبکەیت.

•

گلەییکردن شێوازێکی کۆنە،

وەک ئەو هەڵسوکەوت کردنن

باشترە.

•

دەشێ ژیان نایاببێ

ئەگەر خەڵک وازمان لێبێنن

لە گۆشەگیریماندا.

•

لەو دەرگایە مەدە

کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بە رووتدا داخراوە،

بە دوای ئەو دەرگایەدا بگەڕێ

کە بەر لە گەیشتنت هەستت پێدەکا،

ئەوەیان بۆ عاتیفەت گونجاوترە.

•

خۆت بە هیچ شتێ هەڵمەواسە،

هۆکاری ئەندێشە و ئازار خۆهەڵواسینە،

خۆهەڵواسین بەشێکە لە مەرگ.

•

حزووری لە چەپکە گوڵێک دەچوو.

•

زۆر بیردەکەینەوە و

کەم هەست دەکەین.

•

دڵە باشەکان مەزڵوومن

چونکە پیسیی ناناسن و

یەکەم لێدانیشیان لە پیسەکانەوە پێدەکەوێ.

•

زەمەن مەزنترین کتێبە

چونکە هەمیشە کۆتاییە گەورەکان خۆی دەینووسێ.

•

ئاوێنەکەم باشترین برادەرمە

چونکە کاتێ دەگریم ئەو هەرگیز پێناکەنێ.

•

هیچ شتێ هەمیشەیی نییە لەو دنیایەدا،

هەتا کێشەکانیشمان.

•

ئەوانەی تووشی خۆشەویستی دێن،

غیرە لە شتی پڕوپووچ دەکەن.

•

چرکەساتە جوانەکان لە یاد ناکرێن

ئەگەر زۆر کورتیش بن.

•

**بۆ ئەوەی بە قووڵی پێبکەنی پێویستە فێربی**

**چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ژانەکانت دەکەیت و**

**چۆن یارییان پێدەکەیت.**

•

**مادەم کەس ئەزیەت نادەیت**

**لێیانگەڕێ چیدەڵێن با بیڵێن و چیدەکەن با بیکەن.**

•

**دڵت بەهادارترین شتە کە هەتە زۆر باش بیپارێزە.**

•

**بۆ ئەوەی ژیانت نایابێ**

**پێویستیت بە بوێریی و خەیاڵ و کەمێ پارە دەبێ.**

•

ئێمە لە بینینی خوێن دەترسین لەگەڵ ئەوەیش کە
خوێن لە دەمارەکانماندا دێت و دەچێ و لە قسەکردن
سەبارەت بە سێکسیش دەترسین کەچی سێکس
لەناوماندا دێ و دەڕوا و دەخەوێ و لە دایکدەبێ و
دەژیێ و گەورە دەبێ.

•

ئەو پیاوەی لایەنەکانی هێز لە خۆیدا ناناسێ،
ئامانجێکی ئاسانە بۆ ژن
کە هەموو لایەنەکانی لاوازیی ئەو پیاوە بزانێ.

•

کەسێک وشەکانت لەبەر دەکا
کە تۆ پێتوایە گرنگ نین و
دەنگیشتی خۆشدوێ کە خۆت خۆشتناوێ.

•

بزە بکە و ژیانت بژی،

ژیان شیاوی گرینگیپێدانە.

•

کۆمەڵگە رازییە لەسەر کۆمەڵکوژیی

هەر بۆیە چەکیان داهێناوە.

•

لە بۆچوونی ئەوانی دیکە مەترسە،

ئەوە بیری ئەوانە نەک واقیعی تۆ.

•

ژیان تراژیدیایە ئەگەر لێی نزیک بکەوەیتەوە و

تەماشاکردنت لێی دوور بکەیتەوە و

کۆمێدیاشە ئەگەر لە دوورەوە لێی بڕوانیت.


•

لە ژیانمدا کێشەی زۆرم هەیە

بەڵام لێوەکانم ئەوە نازانن و

ئەوان هەمیشە لە بزەدان.

•




**Gibran Khalil Gibran**

**جبران خەلیل جبران (1883_1931)**

**شاعیر و شێوەکاری لوبنانی**

مینبەری مرۆڤایەتی دڵی بێدەنگیەتی

نەک عەقڵی چەنەبازی.

•

پیاو شکۆ و گەورەیی و ناوبانگ دەکڕێ

بەڵام ژن نرخ و باجەکەی دەدا.

•

رووخساری دایکم

رووخساری ئومەتەکەمە.

•

لە دڵی هەموو زستانێ بەهارێ هەیە دەجوولێ و

لە دوای نیقابی هەر شەوێکیش

بەرەبەیانێ هەیە بزە دەکا.

•

ئەو خۆشەویستییەی

کە چاو بە فرمێسکەکانی دەیشۆرێ

بە پاکیی و جوانیی و نەمریی دەمێنێتەوە.

•

برادەری ساختەچی

وەک سێبەر وایە،

بە دوام دەکەوێ کاتێ لەبەر خۆردام و

بزریش دەبێ کاتێ لەناو تاریکیدام.

•

خەونی ئەوانەی

لەسەر پەڕەمووچە دەخەون

جوانتر نییە لە هی ئەوانەی

لەسەر عەرد دەخەون.

•

بێدەنگیی لە چەنەباز فێربووم و

زیرەکیی لە تەمبەڵ و

خاکەڕایی لە خۆ بە زلزان و

سەیریش لەوەدایە

من بە فەزڵی ئەو مامۆستایانە بڕیار نادەم.

•

دایک هەموو شتە لەو ژیانەدا

پرسەیە لە خەمدا

تکایە لە بێ ئومێدیدا و

هێزە لە بێهزیدا.

•

ڕەشبین لەو ژیانەدا هیچ نابینێ

جگە لە سێبەری خۆی.

•

ئەوەی کە بە حوبر دەنووسێ

وەک ئەوە نییە کە بە خوێنی دڵ دەنووسێ.

•

حەق پێویستی بە دوو کەسە

یەکێ بیڵێ و یەکێ لێیتێبگا.

•

پۆشاکت مەکە گرانترین شت لە خۆتدا

تا رۆژێک خۆت نەبینییەوە بێنرختربیت

لەوەی کە دەیپۆشیت.

•

کورتترین رێگە لەنێوان دوو فکردا

رێکنەکەوتنە.

•

**ژن رێگەی کۆیلایەتی دەگرێتەبەر**

**تا ببێتە گەورەی پیاو**

**بەڵام پیاو رێگەی گەورەکان دەگرێتەبەر**

**تا ژن بیپەرستێ.**

•

**ئەو پیاوەی**

**کە لە هەڵە بچووکەکانی ژن خۆشنابێ**

**چێژ لە چاکە گەورەکانیشی ناکا.**

•

**ئەگەر برادەرێکت قسەی نەکرد و بێدەنگبوو،**

**دڵت لە گوێگرتن**

**بۆ دەنگی دڵی دامەبڕێنە،**

**چونکە برادەرایەتی پێویستی بە وتە و دەستەواژە نییە.**

•

ئەوە میرە کە عەرشی خۆی

لە دڵی دەروێشان دەبینێتەوە.

•

یادکردن شێوەیەکە لە شێوەکانی دیدار.

•

یەکێ لە باشییەکانی خەڵک ئەوەیە

ناتوانن خراپییەکانیان ماوەیەکی درێژ بشارنەوە.

•

ماندوویەتی دەست دەخاتە سەر برژانگەکانم،

دەڵێی دەیەوێ خەو بەسەریاندا بسەپێنێ،

بەڵام هیچ شتێ نییە بتوانێ

دەست بخاتە سەر خەونەکانم.

•

لەوانەیە کەسێ لەبیر بکەیت کە لەگەڵیدا پێکەنیبیت
بەڵام ئەو کەسە لەبیر ناکەیت کە لەگەڵیدا گریاویت.

•

کیسەڵەکان لە رێگەکاندا شارەزاترن لە کەروێشکەکان.

•

ئاخ بۆ ئەو نەتەوەی کە هەر هۆزێکی نەتەوەیەکە.

•

ئەگەر هیچ نەبینی جگە لەوەی
کە رووناکیی کەشفی دەکا و
هیچ نەبیستی جگە لەوەی
کە دەنگ رایدەگەیەنێ
ئەوە تۆ لە حەقدا نە دەبینی و نە دەبیستی.

•

ئەگەر تۆ لە هەموو بارودۆخێک

لە برادەرت تێنەگەیت

ئەوە تۆ هەرگیز لێی تێناگەیت.

•

خۆشەویستیی وەک زەمەن وایە

نە دابەشدەکرێ نە پێوانە دەکرێ.

•

لە هەموو حاڵەتێکدا حەق دەزانرێ

بەڵام لە هەندێك حاڵەتدا دەگوترێ.

•

حەماسەت گڕکانە و

گیای ڕاڕایی، لەسەر لوتکەیدا ناڕوێ.

•

میهرەبانیی نیوەی دادپەروەرییە.

•

گەورە ئەو کەسەیە

نە دەیەوێ ببێتە گەورەی کەس و

نە کەسیش ببێتە گەورەی ئەو.

•

خۆشەویستیی و نەزانین بە یەک ناگەن.

•

چۆلەکەی کێڵگەتان بینیوە

چۆن بێچووەکانی فێری فڕین دەکا

ئەی چۆن منداڵەکانتان فێردەکەن

کۆت و زنجیر راکێشن.

•

جوانیی نسیبی ئەوانەیە

کە رادەمینێن.

•

ئەو زیندانییە ستەم لێکراوەی بتوانێ

دیواری زیندانەکەی بڕووخێنێ و

ئەو کارە نەکا، ترسنۆکە.

•

زریان و بەفر، گوڵەکان لەناو دەبەن

بەڵام تۆویەکانی ناکوژن.

•

خەمی دڵە گەورەکان رێگریان لێناکەن

کە لەگەڵ دڵە شاد و بەختەوەرەکان بجریوێنن.

•

**تۆ دوو کەسی: یەکێکیان لە تاریکییدا**

**بە ئاگایە و دوومیان لە نووردا بێئاگایە.**

•

**تۆ جگە لە سێبەرت هیچ نابینی**

**کاتێ پشتت لە خۆر دەکەیت.**

•

**بە دڵ خۆشەویستیی دەکەین و**

**بە عەقڵ رقلێبوونەوە و**

**بە هەردووکیشیان شێت دەبین.**

•

**مرۆڤ تەنیا لە رێگەی شەوەوە**

**دەگاتە بەرەبەیان.**

•

بەشێکمان وەک حوبرین و بەشێکمان وەک کاغەز
ئەگەر رەشایی بەشێکمان نەبووا سپیاتی کەڕ دەبوو
ئەگەر سپیاتی بەشێکیشمان نەبووا
ئەوە رەشایی کوێر دەبوو.

•

دوێنێ ژن کوێربوو
بەناو نووری رۆژدا رێیدەکرد
ئێستا دەبینێ
کەچی بەناو تاریکیی شەودا رێدەکا.

•

لەسەر دەرگاکەمم نووسی:
دووڕوویت لە دەرەوە جێبێڵە
ئیدی کەس سەردانی نەکردم.

•

**هیچم ناوێ و هەموو شتێکیشم دەوێ.**

•

**هەرگیز خۆت بە هاوارکردن رامەهێنە**

**ئەوەی لێت تێبگا، باش گوێی لە دەنگت دەبێ.**

•

**تەنیا ئەوانە لە نهێنییەکانی دڵمان تێدەگەن**

**کە دڵیان پڕە لە نهێنی.**

•

**هیچ نوورێکی درەوشاوەتر و**

**ترووسکەدارتر نییە**

**لەو تیشکەی کە کۆرپەیەکی زیندانیی**

**لە تاریکایی هەناوەوە دەینێرێ.**

•

خۆم بچووکتر نابینم لەوانەی
خەون دەبینن و ئارەزوویانە
خەونەکانیان بە دەستبێنن و
خۆشم گەورتر نابینم لەوانەی
خەونیان نییە.

•

هەرچی خەونەکان کۆیان دەکەنەوە
بە ئاگاهاتن بڵاویان دەکەنەوە.

•

سەیرە
کە بەرگریی لە هەڵەکانمان دەکەین
بە حەماسەتترین لەوەی
کە بەرگریی لە باشییەکانمان دەکەین.

•

سەیرە کە خۆشەویستترین

کەسەکانمان بە تواناترینن لە شێواندنی ژیانمان.

•

ئەوەی خەمەکان نەبینێ

شادییەکانیش نابینێ.

•

ئەوەی ڕێز لە بێدەنگیت نەگرێ،

گرنگی بە قسەکانیشت نادا.

•

ئەو کەسەی کە دەنگی ڕابردوو

لە سێدارەی دەدا

ناتوانێ لەگەڵ ئایندەدا بدوێ.

•

ئێمەی پێغەمبەران و شاعیران و
مۆسیقارەکان، منداڵی دڵتەنگیین.

•

تەنیا ئەو کاتە پێدەگەیت
کە هەست دەکەیت قسەی زۆرت هەیە
بەڵام پێویستیت بەوە نییە بە هیچ کەسێکی بڵێیت.

•

چ پێویستیم بە تۆیە لە رووناکییدا
ئەگەر لە تاریکییدا نەتدۆزمەوە.

•

کارەساتی راستەقینە ئەوەیە خەون
لە ناخی مرۆڤێکدا بمرێ کە هێشتا زیندووە.

•

**خۆشەویستیی تاکە گوڵێکە**

**کە بە تەنیا و بە بێ هاوکاری وەرزەکان**

**دەڕوێ و گەشە دەکا.**

•

**گلەیی لە خەڵک مەکە**

**ئەگەر شەرمەزاریان کردی**

**بەڵام گلەیی لە خۆت بکە**

**چونکە زیاد لە پێویست**

**چاوەڕوانییت لێدەکردن.**

•

**بۆ ئەوەی جوان لە چاوەکانتدا**

**هەر جوان بمێنێتەوە،**

**زۆر لێی نزیک مەکەوە.**

•

خۆشەویستیی وشەیەکە لە نوور

دەستێک لە نوور

لەسەر  لاپەڕەیەک لە نوور، نووسیویەتی.

•

ئازار خەڵک دەگۆڕێ

وایانلێدەکا کەمتر متمانە بکەن و

زۆرتر بیر بکەنەوە و

ماوەیەکی زیاتر گۆشەگیربن.

•

متمانە بڵندترین پلەی خۆشەویستییە

ئەگەر متمانە بە کەسێک بکەیت

بەبێ ڕاڕایی

کلیلی دڵتی پێدەدەیت.

•

باشیی دەنگی نییە،

بەڵکو جوانترین پەروەردە و ڕەوشتە.

•

دنیا موڵکی ئەو کەسەیە

کە زوو لە خەو هەڵدەستێ.

•

خەبەری بەخت بدەن کە ئێمەش

زیندووین با شەوێ لە دەرگەمان بدا.

•

پێمدەڵێی: لە خۆشەویستیی دەترسم.

_بۆچی لە خۆشەویستیی دەترسی بچووکەکەم؟

کەس لە هاتنی بەهار ترساوە؟

•

به تەنیا بارودۆخ ئایندەت دیاری ناکا
بەڵکو بڕیارەکانیشت.

•

هیچ کەس نازانێ چی برینداری کردوویت
هیچ کەس نازانێ جەنگانی تایبەتیت چۆنە لەگەڵ ژیان
چ شتێ ئارامیی شێواندوویت و
عەفەویتی کووشوویت و
چەند کۆشاویت و چەند دۆڕاویت..
بەڕاستی هیچ کەس نازانێ کە تۆ کێیت.

•

ئەگەر رابردووت پەیوەندی پێکردیت و گوتی:
غەریبیت دەکەم.. بە هێمنی لەسەری داخە و
بڕۆ _ئێستا_ لە باوەش بگرە.

•

نیوەی چارەسەر هەڵمەبژێرە و

لە نیوەی حەقیقەتدا مەوەستە و

نیو خەون مەبینە و

بە نیو ئومێدیشەوە پەیوەست مەبە.

•

_خودێك_ی دڵتەنگ

لە گۆشەگیریی و تەنیاییدا

دەحەسێتەوە و

خەڵک جێدێڵێ

وەکچۆن مامزێکی بریندار

لە پۆلەکەی دوور دەکەوێتەوە و

خۆی لە ئەشکەوتی خۆی حەشار دەدا

تا چاک دەبێتەوە

یاخود دەمرێ.

•

تەنیایی باشترە
لەوەی پێچەوانەی خۆت بژیت
لەپێناو رازیکردنی ئەوانی دیکە.
•

کە دەگەیتە جەوهەری ژیان
لەنێو هەموو شتدا
هەست بە جوانیی دەکەیت.
•

چاوەڕوانی
هەواڵی خۆش دەکەین و
هەندێجاریش
ئەوە بەسمانە
کە هەواڵی ناخۆشمان پێنەگا.
•

فێربە، هەموو ئەو شوێنانە جێبێڵە

کە شایەنی تۆ نین.

•

ئەگەر بە گەنجی کاری گەمژانە نەکەیت

کاتێ گەورە دەبیت

هیچ شتێکت نابێ پێی پێبکەنیت.

•

تەنیا ئەو کەسە گرنگیت پێدەدا

کە تۆی دەوێ.

•

جگە لە "کەڕ " هیچ کەس

حەسوودی بە کەسانی زۆربلێ نابا.

•

**تەنیایی بێزارکەرە**

**بەڵام بە ئینسافترە لە ژاوەژاوێکی پڕ دووڕوویی.**

•

**پارێزگاریی لەوە بکە کە خۆشتدەوێ،**

**دڵ هەموو کات دەرگاکانی ناکاتەوە.**

•

**مەترسە بە لە دەستدانی هیچ کەسێ**

**لەوە بترسە لە پێناو رازیکردنی کەسێک،**

**خۆت لە دەستبدەی.**

•

**دەکرێ هەموو شتێ بگۆڕدرێ**

**جگە لەوانەی راستگۆن لەگەڵ هەستەکانیان.**

•

بەختەوەریی ژیان ئەوەیە

رۆحێکت هەبێ شادییت پێببەخشێ.

•

لەوانەیە لەنێو خەڵکانێکی زۆر

هەست بە تەنیایی بکەیت و

لەوانەشە لەگەڵ یەک کەس

هەست بە شادیی بکەیت،

کارەکە پەیوەست نییە بە ژمارەی خەڵکی دەوروبەرت

بەڵکو بە دڵی ئەو کەسەوە پەیوەستە کە لە تەنیشتتە.

•

پێویست نییە لەسەرت هەموو کات بەهێزبیت

بە چرکەساتی بێهێزیدا تێپەڕە و

شەرم مەکە چونکە ئەوەش بەشێکە ئینسانییەتی تۆ.

•

**نابێ سێ کەس لەبیر بکەیت:**

**ئەوەی لە کاتی تەنگەتاویی هاوکاریی کردی و**

**ئەوەی لە کاتی تەنگەتاویی بەجێیهێشتیت و**

**ئەوەیش کە تووشی ئەو حاڵەتی تەنگەتاویەی کردی.**

•

**بە خەونەکانی خۆمم گوت: وەرن.. هاتن.**

•

**خراپترین هەڵەمان ئەوەیە**

**خۆمان بە هەڵەی ئەوانی دیکە سەرقاڵ بکەین.**

•

**هەموو ماڵێک تاریکە**

**هەتا دایک بە خەبەر دێ.**

•

بەختەوەر ئەو کەسانەن کە زانیان

خەم سوودیان پێناگەیەنێ، بۆیە بزەیان کرد.

•

سڵاو لەوانەی کە ژیان نایانگۆڕێ و

ڕێگەکان لێکیان جیا ناکاتەوە و

بارودۆخ نایانگۆڕێ.

•

باشەکان کە ئازار دەچێژن بێدەنگدەبن.

•

بزە، گرنگیدان، نیەتی باش..

ئەگەر ئەو سێ خاسییەتەت

لە کەسێکدا دۆزییەوە، لە دەستی مەدە.

•

چ بێئابڕوویـیـێکە

کرداری خۆت لەبیر بکەیت و

لەسەر پەرچەکرداری من

حیسابم لەگەڵ بکەی.

•

لە هەموو کەس غەمگینتر ئەو کەسەیە

کە هۆکاری غەمگینییەکەی نازانێ.

•

دڵە باشەکان

خۆشەویستیی راستگۆیانە

دەبەخشن،

وریابە

ئازاریان نەدەی.

•

**سڵاو لەوانەی لە خۆشەویستیی**

**تێدەگەن و خۆشەویستیشیان نییە.**

•

**راشکاوبی،**

**دەبیە دوژمنی هەمووان.**

•

**ئەگەر کەسێکی خەوتووت دیت**

**بە خەبەری بێنە و باسی ئازادیی بۆ بکە.**

•

**جوانیی لە ئەدگاری رووخساردا نییە،**

**جوانیی راستەقینە نوورێکە**

**لە دڵدا هەڵدەقووڵێ.**

•

ئاخ لەو ئومەتەی

عاقڵەکانی لاڵن و

بەهێزەکانی کوێرن و

قوڵبڕەکانیشی چەنەباز.

•

کەسێ کە بە نیاز

غایب بێ و گرنگی نەدا

لە بیرکردنی ئەرکە.

•

لەبارەی

خۆشەویستییەوە بۆم مەدوێ

بەڵکو بە خۆشەویستیی

هەڵسوکەوتم لەگەڵ بکە.

•

جەنگ کۆتایی دێ و

سەرکردەکان تەوقە دەکەن و

ئەو ژنەش هەر چاوەڕوانی کوڕەکەی دەکا.

•

شەو نەخەوتن جوانە

کە تۆ هەڵیبژێری

بەڵام بە ئازارە

ئەگەر ئەو هەڵتبژێرێ.

•

شەرم لە هەڵەکانت مەکە چونکە تۆ مرۆڤیت؛

بەڵام ئەگەر دووبارەت کردەوە و

بە ملی قەدەرت داهێنا

ئەوە دەبێ شەرم لە خۆت بکەیتەوە.

•

هەموومان بە نەزانی لە دایکبووین

بەڵام لەسەر هەموو کەسێ پێویستە

بە جددی کار بکا تا بە دەبەنگی نەمێنێتەوە.

•

(بەڵێ)ی کردار باشترە لە (بەڵێ)ی قسە.

•

ویژدانی باش، جەژنێکی بەردەوامە.

•

ناتوانم رووگەی _با_ بگۆڕم،

بەڵام دەتوانم دەسەڵاتم بەسەر چارۆگەی

بەلەمەکەمدا هەبێ

تا بەرەو ئەو شوێنە بڕۆم کە خۆم دەمەوێ.

•

**نیوەی حەقیقەت،**

**درۆیەکی گەورەیە.**

•

**حەکیم کێیە؟**

**ئەو کەسەیە**

**کە لە هەموو کەس فێردەبێ..**

**بەهێز کێیە؟**

**ئەو کەسەیە کە زاڵە بەسەر هەستەکانیدا..**


**دەوڵەمەند کێیە؟**

**ئەو کەسەیە کە چاوتێرە..**

**کێ هەموو ئەو شتانەیە؟**

**هیچ کەس.**

•



**دیل کارنیجی**

**Dale Carnegie(1888_1955)**

**نووسەری ئەمەریکی.**

**کە براکان بە یەکەوە کار دەکەن**

**چیاکان دەبنە زێڕ.**

•

**تۆ شتێکی ناوێزەی لەو جیهانەدا،**

**تۆ چڕاوی خۆتی، لەوەتەی ئەو زەمینە خولقاوە**

**نە کەسێکی تەواو وەک تۆی بە خۆیەوە بینیوە و**

**نە لە چاخەکانی داهاتووشدا**

**کەسێکی تەواو وەک تۆ بە خۆیەوە دەبینێ.**

•

**سەرەتا کارە سەختەکانت**

**جێبەجێ بکە،**

**کارە ئاسانەکان**

**خۆیان جێبەجێ دەبن.**

•

لەبیرتبێ

ئەورۆ ئەو سبەینێیەیە

کە دوێنێ لەبارەیەوە قەلەقبووی.

•

پێکەنین تێکەڵی قسەکانت بکە و

وابکە بە شێوەیەکی سرووشتی نادەستکرد

دەریببڕی.

•

دەتوانی لە دوو مانگدا

هاوڕێی زیاتر بە دەستبێنی لە دوو ساڵدا

ئەگەر  بە وردییەوە

گرنگی بە ئەوانیدی بدەیت

لە جیاتی ئەوەی ئەوان گرنگیت پێبدەن.

•

ئەگەر دەتەوێ

واز لە ڕاڕایی بێنیت و

دەست بە ژیان بکەیت

نیعمەتەکانت بژمێرە

نەک هیلاکییەکانت.

•

نیوەی ئەو ڕاڕاییەی لە جیهاندا هەیە،

هۆکارەکەی ئەو کەسانەن

کە بەبێ بوونی زانیاری تەواو

بڕیار دەدەن.

•

خراپترین سیمای ڕاڕایی ئەوەیە:

تواناییمان لەسەر وردبینیی وێران دەکا.

•

پێویستە

لە کارکردندا

خۆم ونکەم

نەک لە ئازاردا.

•

ئەو بزنسزمەنانەی نازانن

چۆن رووبەڕووی راڕایی ببنەوە

زوو دەمرن.

•

لەو دوژمنانە مەترسێ

کە هێرشت بۆ دێنن

بەڵکو لەو دۆستانە وریابە

کە مەراییت بۆ دەکەن.

•

راڕایی خولانەوەیە

بەنێو بازنەیەکی بۆشدا.

•

قەسە مەکە

تا دڵنیا نەبیت

چیت هەیە بۆ گوتن و

سەبارەت بە چی قسە دەکەیت.

•

ئەو گوزارشتەی ژن

لە رووخساری دەریدەخا

زۆر گرنگترە لەوەی

لە جل و بەرگیدا

دەریدەخا.

•

تەنیا ئەو کاتە سەرکەوتوو دەبیت

کە کارێک بکەیت و خۆشتبوێ.

•

هەوڵدە فەشەل بکەیتە

دەستپێکی خەونێکی نوێ.

•

کاتێ دەتەوێ شانازیی بە خۆتەوە بکەیت،

بە ناسکییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆت مەکە.

•

کاتێ لە بۆرسەدا بەهای پشکەکان دادەبەزێ،

ڕێژەی شەکر لە خوێندا بەرز دەبێتەوە.

•

_هۆراس_ی شاعیری گەورەی رۆمانی

دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستا نووسیویەتی:

بە دوای وشەدا مەگەڕێ، تەنیا بە دوای حەقیقەت و فکرەدا بگەڕێ، ئەوکات وشەکان خۆیان کۆدەبنەوە.

•

زۆرترین شتە گرنگەکانی ژیان بەرهەمی ئەو کەسانەن

کە باوەڕیان بە هەوڵدان هەبووە

سەرباری ئەوەی کە هیچ ئومێدێکیش لە ئارادا نەبووە.

•

ئەو پیاوەی کە دەیەوێ ژن

فریشتەیەک بێ بەسەر سەرییەوە،

دەبێ بەهەشتێکی بۆ درووست بکا،

چونکە فریشتە ناتوانێ لە دۆزەخدا بژیێ.

•

**کاتێ ژیان هۆکارێکت دەداتێ تا بێئومێدبیت،**

**تۆ هەزار هۆکاری بدێ بۆ بەرەوامبوونت،**

**لەو زەمینەدا**

**هیچ شتێ**

**لە ئیرادەی مرۆڤ بەهێزتر نییە.**

•

**رێگە مەدە بۆچوونی خەڵک**

**کاریگەری لەسەر ژیانت هەبێ.**

•

**ئەگەر توانیم**

**بیرت بخوێنمەوە دەتناسم،**

**چونکە ئەوە بیرتە**

**کە کەسایەتیت درووست دەکا.**

•

رقت لەوانە نەبێتەوە کە غیرەت لێدەکەن،

بەڵکو رێزیان لێبگرە

چونکە غیرەکردنەکەی هیچ نییە

جگە لە داننان بەوەی کە تۆ لەوان باشتری.

•

پیاوی سەرکەوتوو

سود لە هەڵەکانی دەبینێ و

جارێکی دیکە

بە شێوازێکی دیکە

هەوڵدەدا.

•

لەبیرتبێ هەر رۆژێ لە ژیانتدا

دەرفەتێکە، دووبارە نابێتەوە.

•

هەرگیز برادەرەکەت

ناچار مەکەبێتە لات،

مرۆڤێکی راستگۆ

کە بە دڵسۆزییەوە خۆشیدەوێی

خۆی دێتە لات بەبێ ئەوەی

وای لێبکەیت هەست بکا

پێویستیت پێیەتی.

•

باشترین رێگە بۆ بردنەوە

لە دەمەقاڵێدا ئەوەیە وازی لێبێنی.

•

مرۆڤی پۆزەتیڤ بیرۆکەکانی تەواو نابێ و

مرۆڤی نێگەتیڤیش بەهانەکانی.

•

جان جاک رۆسۆ سەبارەت بە چۆنییەتی نووسینی

نامەی خۆشەویستییەوە گوتی:

بەبێ ئەوەی بزانێ چی دەنووسێ

دەستیپکردوە و بەبێ ئەوەی بشزانێ

چی گوتوە کۆتایی پێهێناوە.

•

ئەو شتەی کە بەختەوەر یا بەدبەختت دەکا

تەنیا بیرەکانی خۆتە.

•

یاسات مەکە ئەوە:

من کار دەکەم تا بژیم

بەڵکو یاسات بکە ئەوە:

من کار دەکەم تا خودی خۆم بە دەستبێنم.

•

**ئەگەر دەتەوێ بەسەر هەستی ترساندا زاڵبیت**

**خۆت بە بیرکردنەوە لێی سەرقاڵ مەکە**

**بەڵکو هەمیشە ئامادەبە بۆ رووبەڕووبوونەوەی.**

•

**من جەخت لە گەیشت بە ئامانج دەکەمەوە،**

**یا سەردەکەوم**

**یا سەردەکەوم.**


•

**بەبێ پەشیمانیی رابردووت قبوڵکە،**

**بە متمانەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێستادا بکە و**

**بەبێ ترس رووبەڕووی ئایندەت ببەوە.**

•



# Mikha'il Na'ima

## میخایل نەعیمە (1889_1988)

### نووسەر و بیرمەندی لوبنانی

**ئاشتی، لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان لە دایک نابێ**

**بەڵکو لە دڵ و فکری خەڵک لە دایک دەبێ.**

•

**کاتێ کتێبخانە لە ماڵدا وەک مێز و**

**قەروێڵە و کورسی و ناندین بووە پێویستییێک**

**ئەو کاتە دەتوانین بڵێین: ئێمە میللەتێکی شارستانین.**

•

**بەر لەوەی بیر لە رزگاربوونتان**

**لە چەوساندنەوەی حاکمێکی دیکتاتۆر بکەنەوە،**

**بیر لە رزگاربوونتان**

**لەو خووە خراپ و**

**نەریتە رەشانە بکەنەوە**

**کە دەتانچەوسێنێتەوە.**

•

قسەکردن تێکەڵەیەکە
لە راستیی و درۆ
بەڵام بێدەنگیی راستییێکە فێڵی لێناکرێ
بۆیە بێدەنگبە با خەڵک قسە بکا.
•

لە باخچەکەی ماڵمدا گوڵێکم ئاودا
تێنوویەتی تووڕەی کردبوو
پێینەگوتم: سوپاس.
بەڵام ئەو بوژایەوە و منیش بوژامەوە.
•

ئەو ماڵەی
میوان ناناسێ
گۆڕستانێکە بۆ نیشتەجێکانی.
•

**خولەکێک ئازار کاژێرێکە و**

**کاژێرێک چێژیش خولەکێک.**

•

**رەگی چێژ لە ئازارە و**

**رەگی ئازاریش لە چێژ،**

**بەڵام بەختەوەریی هەرگیز هیچ رەگێکی نییە.**

•

**گەززەی ددان، نەوەک گەززەی زمان.**

•

**جنێودانت بە رۆژگار بە کەلکت نایە،**

**چونکە رۆژگار گوێی نییە تا بتبیستێ.**

•

مرۆڤەکان، کۆیلەی خووەکانیانن.

•

ڕاڕایی لاوازییێکە

لە ترسی پەشیمانی لە ئاییندە، دەردەکەوێ.

•

دڵی کەسی ساویلکە، لە چاوەکانیدایە.

•

درکم بە شیرینی بێدەنگیی کرد و

قسەکەرانیش درکیان

بە تاڵیی قسەکردن نەکرد

بۆیە من بێدەنگبووم و خەڵکیش قسە دەکەن.

•

**راکردن لە ژان**

**بەرەو لەززەت**

**دیوەکەی دیکەی ژانە.**

**•**

**سەرم لەو کەسە سوڕدەمێنێ**

**کە لە ڕۆژێکدا چەندان جار**

**ڕووخساری دەشوا و**

**ساڵێ جارێکیش دڵی ناشوا!**

**•**

**مەڵێ ژیان هیلاکییە**

**بەر لەوەی یەقین بیت**

**کە مردن حەسانەوەیە**

**گەرنا برادەرایەتی هەردووکیان لە دەستدەدەی.**

**•**

بۆچی دەنووسم؟

تا خۆت لە مندا ببینی و

منیش خۆم لە تۆدا ببینم.

•

خەڵک چ خێران

لە درووستکردنی هۆکارەکانی ناکۆکیی و

چەند لەسەرخۆشن

بۆ درووستکردنی هۆکارەکانی کۆکیی.

•

ئای برادەر

ژیان چییە

جگە لە سەرکێشییێکی

بەردەوام؟

•

**چۆن لێمدەپرسی من کێم،**

**کە خۆت نازانیت تۆ کێیت؟**

•

**چ سەیرە!**

**دڵم لەسەر کاغەز دەچێنم و**

**لە دڵی کەسانی دیکەدا دەڕوێت.**

•

**مادەم ئامانجت**

**لە مەزهەبەکەت**

**گەیشتنە بە خوا و**

**ئامانجی منیش لە مەزهەبەکەم گەیشتنە بە خوا**

**چ کارێکت بە منە**

**کام رێگە دەبڕم بۆ گەیشتن بە ئامانج.**

•

**فرانترین و جوانترین و ئاسانترین زمان**

**زمانی فکر و دڵەکانە،**

**بەڵام زمانی لێو و زمانەکان پەیژەن،**

**مرۆڤ بەرەو زمانی فکر و دڵەکان سەردەخەن.**

**•**

**سەقفی ماڵم لە ئاسنە**

**گۆشەی ماڵم لە بەردە**

**دەی دە هەڵکەن، ئەی _با_یەکان.**

**•**

**هەموو تۆبەکارێک**

**پەشیمانە**

**بەڵام هەموو پەشیمانێک**

**تۆبەکار نییە.**

**•**

ئەوە پێویستییێکە

کە لەگەڵ هەر خواردنێکدا مردن بخۆیت و

لەگەڵ هەر خواردنەوەیەکدا بیخۆیتەوە و

لەگەڵ هەر پۆشینێکدا و بیپۆشیت و پیرۆزی بکەیت و

کاتێکیش کە ئەو دەتخوا و دەتخواتەوە و دەتپۆشێ

لەعنەتی لێبکەیت.

•

هەر کات

چوارچێوەی خۆشەویستیت فراوانتربێ

چوارچێوەی جوانیی لە ژیانت فراوانتر دەبێ،

چونکە تۆ ناتوانی

ناشرینی لە یەکێ ببینی

کە خۆشتدوێ و

جوانیش لە کەسێ کە رقت لێیەتی.

•

قەناعەتی جەستە

کارێکی چاکە

بەڵام قەناعەتی رۆح

تاوانە.

•

جەنگ کۆتایی هات

لەو رۆژەدا بە ملیۆنان کەس

لە هەموو شوێنەکانی جیهان

گۆرانیان چڕی و

مەستبوون و

بەزمیان نایەوە

جگە لەوانەی

تاڵاوی جەنگیان چەشتبوو

ئەوان بە بێدەنگیی مانەوە.

•

**ئەگەر مرۆڤ خوای ناسیبا**

**دابەشی نەدەکرد بۆ عیبرانی و**

**مەسیحی و موسڵمان و بودی و بتپەرست و**

**مرۆڤ خوێنی مرۆڤی نەدەڕشت و**

**مرۆڤ دڵڕەق نەدەبوو**

**بەرانبەر مرۆڤ**

**لە پێناو خودا.**

•

**لە نەزان هەڵمێن**

**بەڵکو لە نەزانیی هەڵێن**

**چونکە کاتێ ئێوە لە نەزان هەڵدێن**

**یانی لە خۆتان هەڵدێن**

**بەڵام راکردن لە نەزانیی**

**یانی نزیکبوونەوە لە زانین.**

•

هەندێ کەس وەک پەیژە وان

ئەوانەی دەچنە سەرەوە

پێیدا سەردەکەون و

دابەزیوەکانیش پێیدا دادەبەزن،

بەڵام بە خۆیان

نە سەردەکەون و

نە داشدەبەزن.

•

ئەوانە چ فەقیرن

کە هیچ سەروەتێکیان نییە

جگە لە پارە.

•



# Jean-Paul Sartre

# جان پۆل سارتەر (1905_1980)

## فەیلەسوف و نووسەری فڕەنسی

ئەوانی دیکە دۆزەخن.

•

ڕۆشنبیر کەسێکە خۆی تێکەڵی شتێک دەکا

کە پەیوەندی بەو نییە و

توانای دەرخستنی حەقیقەتیشی هەیە.

•

باشترین شت بۆ مرۆڤ ئەوەیە

خۆی هەڵسەنگێنێ نەک کەسانی دیکە.

•

ئەو زۆر بە توندی بە هەموو شتەوە

پەیوەست دەبێ، بەڵام زۆر بە ئاسانیش

دەست لە هەموو شتێ بەردەدا.

•

کاتێ دەوڵەمەندەکان

جەنگ هەڵدەگیرسێنن،

فەقیرەکان دەمرن.

•

رقم لەو قوربانیانەیە

کە رێز لە جەللادەکانیان دەگرن.

•

منداڵان

هەموو شت

لە ناشت دەبینن و

گەورەکانیش

هیچ شتێ

لە هەموو شتەکان نابینن.

•

پێویستە گومان لە هەموو ئەو نووسینانە بکرێ

کە پیاوان لە بارەی ژنانەوە نووسیویانە

چونکە خۆیان لە هەمان کاتدا،

هەم رکابەر و هەم دادوەرن.

•

لەو چرکەیەی وەهمی ئەوە لە دەستدەین

کە ئێمە نەمرین

ژیان بە تەواوی مانای خۆی لە دەستدەدا.

•

بە رەهایی ناتوانم

بەرگەی فکرەی کەسێک بگرم

کە چاوەڕوانی شتێکم لێبکا،

هەمیشە ئەوە واملێدەکا کارێکی پێچەوانە بکەم.

•

**لە خۆشەویستیدا**

**یەک و یەک یەکسانە بە یەک.**

•

**ئەوەی گوتوویەتی بە پارە**

**بە ختەوەریی ناکڕدرێ پارەیەکی زۆری نەبووە.**

•

**گوێ مەگرە**

**کاتێ باسی شتێکت بۆ دەکەن**

**تاقیت نەکردبێتەوە**

**تەنیا بە خۆت تاقی بکەوە.**

•

**ئێمە ئارەزووەکانی خۆمانین.**

•

ناتوانم ئازادیی بکەمە ئامانجم

ئەگەر ئەوانی دیکەش

لە ئامانجمدا یەکسان نەبن.

•

پێوستبوو تابلۆی جوان و

فیلمی جوان و

شتی جوانی نیشانبدا

چونکە خۆی جوان نەبوو،

وەک ئەوە وابوو داوای لێبووردنی لێبکا.

•

زۆربەی ئەو کەسانەی لە سەرەتادا سەرسامت دەکەن

وردە وردە دەبنە کەسانی کەمتر لە ئاسایی

وەک رووناکیی لە ناکاو کە کوێرکەرێکی کاتییە.

•

من دەتوانم هەمیشە هەڵبژێرم

هەتا ئەگەر هەڵبژاردنیش رەتبکەمەوە،

من کە هەڵبژاردن رەتدەکەمەوە

ئەوە خۆی لە خۆیدا هەڵبژاردنە.

•

هەست بە خۆشییەک دەکەم

هێشتا نەتناسیووە

خۆشیی گواستنەوەی لە ناکاو

لە هاوڕێیەتییەوە بۆ خۆشەویستیی و

لە هێزەوە بەرەو بێهێزیی، بەرەو سۆزداریی.

•

پێویستە مرۆڤ هێزی دەربخا

هەتا ناچار نەبێ بە کاری بێنێ.

•

**ڕۆشنبیر**

**هەڵوێستە**

**نەک پیشە.**

•

**ژیان سێ قۆناغە:**

**باوەڕت وایە تۆ دنیا دەگۆڕیت**

**ئیمان دێنی دنیا ناگۆڕێت**

**دڵنیا دەبی لەوەی دنیا تۆی گۆڕیوە.**

•

**بڕیارمدا**

**توانای قسەکردن**

**لە دەستبدەم و**

**لە مۆسیقادا بژیم.**

•

ڕێژەیەکی زۆری خەڵک لەو جیهانەدا

لە دۆزەخ دەژین

چونکە زۆر پشت بە بۆچوونی

ئەوانی دیکە دەبەستن.

•

من ئێستا ئازادم

ئیدی هیچ هۆکارێکم نییە

بۆ ئەوەی بژیم.

•

لە ژیاندا

هەموو شتێکمان زانی

تەنیا ئەوە نەبێ

کە چۆن بژین.

•

هەموو ئەو شتانەی کە دەورەیان دابووم

لەو مادانە درووستکرابوون

کە منی لێدرووستکروە..

لە جۆرێک لە ئازاری ناشرین.

•

راست نییە بڵێیت

داگیرکەری چاک و خراپ،

راستیی ئەوەیە داگیرکەر

هەر داگیرکەرە.

•

ئاساییە یەکێک لە هەموو شت

سەرکەوتوو نەبێ، بەڵام پێویستە لەسەری

هەموو شتێکی بوێ.

•

**ئێمە ئەو ئەکتەرانەین پاڵنراوینەتە**

**سەر شانۆ بەبێ ئەوەی ڕۆڵێکی**

**دیاری کراویان پێدرابێ،**

**بەبێ نووسراو لە دەستدا و بێ پێبێژێک**

**کە پێیان بڵێ دەبێ چیبکەن..**

**لەسەرمان پێویستە بە تەنیا هەڵبژێرین**

**کە چۆن ژیانێک دەژین.**

•

**هەر بیرۆکەیەک لە بیرتدا**

**ڕاکردنێکی بچووکە.**

•

**مرۆڤ بەرپرسە، بەرپرسێکی کامل**

**لە سرووشت و هەڵبژاردنەکانی.**

•

**ژیان لە نائومێدییەوە دەستپێدەکا.**

•

**ئێمە حوکم لەسەر ئەو کەسانە نادەین**

**کە خۆشماندەوێن.**

•




# Albert Camus

## ئەلبێر کامو (1960_1913)

### ڕۆماننووسی فڕەنسی

پیاوی بێ ئەخلاق وەحشێکە

بەڕەڵڵای ئەو دنیایە کراوە.

•

لەو ڕێزگرتنە پڕوپووچتر نییە

کە لەسەر بنەمای ترسە.

•

ڕۆشنبیر کەسێکە

کە عەقڵی دەتوانێ

چاودێری بکا.

•

فێڵباز گورگێکە

لە ژێر پێیەکانی شواندا دەگرێ.

•

_شۆڕشگێڕ کێیە؟

_پیاوێکە دەڵێ: نەخێر.

•

ئەوانەی لە ئازایەتییان کەمە

هەمیشە فەلسەفەیەک دەدۆزنەوە

تا تەفسیری کەماسی ئازایەتییان پێبکەن.

•

لە پێشم مەڕۆ دوات ناکەوم،

لە دوام مەڕۆ ڕێبەرایەتیت ناکەم،

لە تەنیشتم بڕۆ و ببە برادەرم.

•

مرۆڤی یاخی ئەو مرۆڤەیەکە دەڵێ: نەخێر.

•

به هاوارەوە بڵێ:

من ئیمانم بە هیچ نییە و

هەموو شتێ پڕوپووچە.

•

شتی گرنگ ئەوەیە کە _ئابیە_

بە گالیانی گوت: ئێمە چاک نابینەوە

بەڵکو دەبێ لەگەڵ نەخۆشییەکانمدا بژین.

•

ڕێگەی ژیان دژوار و

تاقەت پڕووکێنەرە

بە بێ هاوکاریی

دین و هونەر و

خۆشەویستیی.

•

**من یاخی دەبم، کەواتە ئێمە هەین.**

•

**هەموو مرۆڤێ تاوانبارە بەڵام نازانێ،**

**تاوانباریش کەسێکە کە باوەڕی وایە بێتاوانە.**

•

**کەسانێک هەن پێویستە**

**لە قەبارەی خۆیان گەورەتریان نەکەین**

**تا زۆر لە قەبارەی خۆمان کەم نەکەینەوە.**

•

**ئەو ئامانجەی پێویستی**

**بە وەسیلەی نادرووستە**

**ئامانجێکی نادرووستە.**

•

داهێنان بکەیت یانی دوو جار دەژیت.

•

ئەوانەی شتێکیان هەیە بۆ گوتن
هەرگیز لەبارەیەوە نادوێن.

•

شتێکی سرووشتییە کەسێ
واز لە بەشێکی کەمی ژیانی بێنێ
لە پێناو ئەوەی هەمووی نەدۆڕێنێ.

•

من باوەڕم بە دادپەروەری هەیە
بەڵام بەر لە دادپەریی
بەرگری لە دایکم دەکەم.

•

**شەرمەزارییە بۆ بەشەرییەت**

**کەسێ خۆی بکوژێ تەنیا لەبەر ئەوەی پێویستی**

**بە لەباوەشگرتنێکی گەرم هەبوو.**

•

**عەقڵ بە گفتوگۆ**

**هەڵدەسەنگێندرێ و**

**مەحەبەتیش بە هەڵوێست.**

•

**ناوم دەزانن بەڵام چیرۆکم نازانن**

**دەزانن چیمکردوە بەڵام نازانن**

**بە چ بارودۆخێکدا تێپەڕیووم**

**بۆیە واز لەوە بێنن بڕیارم لەسەر بدەن و**

**باشتر وایە بە خۆتانەوە خەریکبن.**

•

**کشانەوە لە ژیانی هەندێ کەسدا**

**بە مانای رادەستبوون نایە،**

**بەڵکو زۆرترینجار بە مانای ئەوە دێ**

**کە زۆر بەرگەی شتێکت گرتووە**

**شایەن نەبووە.**

**•**

**ئەورۆ**

**رۆژی حەسانەوەیە و**

**دڵم دەڕوا**

**بە دوای خۆیدا دەگەڕێ.**

**•**

**تەنیا ئەوانەی ژیان ناناسن**

**پێیانوایە ژیان جوان و خۆشە.**

**•**

**باش گوێبگرە تا لێمتێبگەی..**

**قسەم پێمەبڕە تا بیرەکانم دەگەیەنم،**

**دەنگت نزمکە تا لە زمانت تێبگەم..**

**بزە بکە تا بۆچوونەکانت قبووڵ بکەم.**

•

**هەر کێی فکری خۆی ئازاد دەکا**

**پێویستە خۆشی پاک بکاتەوە.**

•

**ئێمە هەموومان حاڵەتی تایبەتین.**

•

**مرۆڤی دادپەروەر کەسێکە**

**مافەکانی بە ئەرکەکانی پێوانە دەکا.**

•

تۆ سەرکەوتنی بچووکی منی.

•

نیتچشە گوتی: هیچ هونەرمەندێ نییە
بەرگەی واقیع بگرێ..
ئەوە راستە بەڵام هیچ هونەرمەندێکیش نییە
بتوانێ واز لە واقیع بێنێ.

•

خووگرتن بە بێئومێدی
خراپترە لە بێئومێدی.

•

رۆشنبیریی هاواری مرۆڤەکانە
بە رووی چارەنووسیان.

•

مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە

کە رەتیدەکاتەوە لەسەر حەقیقەتی خۆیبێ.

•

لە سەردەمێکدا کە زۆر لەمێژ نییە

کرداری خراپ پێویستی بە پاساوبوو

بەڵام ئەورۆ کرداری باش پێویستی بە پاساوە.

•

پێویستە مرۆڤ دادپەروەربێ

بەرلەوەی بەخشندەبێ.

•

لە قووڵایی ناخمدا شارێکی زیندوو

هەیە، خۆشمدەوێ.

•

له قووڵایی زستانی سارددا

زانیم له ناخمدا

هاوینێک هەیە نابەزێندرێ.

•

بە یاخیبوون هۆشمەندی لەدایکدەبێ.

•

خۆشەویستیی راکردنە

لەو وجودە بێئومێدەی کە تێیدا دەژین.

•

هەرگیز بەختەوەر نابین

مادەم ئەو شتانەی کە باوەڕمان پێیان هەیە

جیان لەگەڵ ئەو شتانەی کە ئەنجامیان دەدەین.

•

ئەگەر پێویستبا لەسەرم

کتێبێک لەسەر ئەخلاق بنووسم دەمکردە سەد لاپەڕە،

99 لاپەڕەم بە سپییەتی جێدەهێشت و

لەسەر دوالاپەڕە دەمنووسی: تەنیا یەک ئەرک دەزانم

ئەویش خۆشەویستییە.

•

هەر کەسێ بەرانبەر دۆخی مرۆڤایەتی

ئومێدەواربێ، شێتە.

•

کەسایەتی و هەڵسوکەوتم تێکەڵ مەکە

کەسایەتیم من وێنا دەکا

بەڵام هەڵسوکەوتم تا ئاستێکی زۆر

بە تۆوە پەیوەستە.

•

له راستیدا من له کتێبەکانی مارکس

فێری ئازادیی نەبوویمە

بەڵکو له هەژارییدا.

•

ئازادیی جگە له دەرفەتێک

بۆ باشکردنی کەسێک

هیچ شتێکی دیکە نییە.

•

بەختەوەر نابیت مادەم

بە دوای پێکهاتەکانی

بەختەوەرییدا دەگەڕێیت و

ناشتوانی بژیت

ئەگەر بە دوای مانای ژیاندا بگەڕێیت.

•

لە سایەی شەریعەعەتدا

ئاوەز هیچ شتێ

بەبێ هۆ ئەنجام نادا.

•

هەر کار و فکرێکی گەورە

سەرەتاییێکی پڕوپووچی هەیە.

•

بڕوام پێبکە ئازاری گەورە و

پەشیمانیی و

بیرەوەری گەورە

وجودیان نییە

هەموو شتێ لەبیر دەکرێ

هەتا خۆشەویستیی گەورەش.

•

**پێویستە تووشی خۆشەویستیی بێین**

**بە لایەنی کەم هۆکارێکمان دەبێ**

**تا لە هەموو حاڵەتێکدا پڕ لە بێنەوانییمان بکا.**

•



**Emil Cioran**

**ئیمیل سیۆران (1911_1995)**

**فەیلەسوفی رۆمانی_فرەنسی.**

مۆسیقا

پەناگەی ئەو رۆحانەیە

کە بەختەوەریی برینداری کردوون.

•

پێشکەوتن

ئەو زوڵمەیە

کە هەموو نەوەیەک

بەسەر نەوەکەی

پێش خۆیدا دەیسەپێنێ.

•

(خەلق)

یەکەمین مەشقی کرداریی

تێکدەرانەبوو.

•

ئارەزووکردنی مەرگ

تاک و تەنیاترین خەمم بوو،

لە پێناویدا قوربانیم بە هەموو شتدا

هەتا بە مەرگیش.

•

نەست نیشتمانە و

ئاگاییش تاراوگە.

•

رەخنە

تەفسیرێکی

هەڵە و پێچەوانەیە

پێویستە لەپێناو تێگەیشتنی خۆت بخوێنیتەوە

نەک لە پێناو تێگەیشتن لە ئەوی دیکە.

•

نهێنی گونجانی من لەگەڵ ژیاندا ئەوەیە

من وەکچۆن کراسێک دەگۆڕم

هەر ئاواش نائومێدی دەگۆڕم.

•

لەسەر کتێبی حەقیقی پێویستە

پەنجە بخاتە نێو برین

لەسەر کتێب پێویستە

ترس درووستبکا.

•

زۆر بەر لەوەی

فیزیا و پسیۆلۆژیا لە دایکبن،

ئازار بەردی وردوخاش دەکرد و

خەمیش رۆح.

•

هەر ئارزووییێک لە ناخمدا

ئارەزووییێکی دژ بە خۆی زیندوو دەکاتەوە

هەرچیم کرد

بەهام بۆ هیچ شتێ نەدۆزییەوە

جگە لەو شتانەی کە ئەنجامم نەداوە.

•

هەموو شتێ لە ئارەزووکردن و

ئارەزوونەکردن چڕ دەبێتەوە،

ئەوەیتر هەمووی سێبەرە.

•

هیچ شتێ نایسەلمێنێ

کە ئێمە

لە هیچ زیاترین.

•

که بەبێ هۆ دەگرین
یانی لە هەموو شت
تێگەیشتووین.
•

کەس ناتوانێ پاسەوانیی
لە گۆشەگیریی خۆی بکا
ئەگەر نەزانێ دزێوی چۆنە.
•

مرۆڤ نیشتەجێی وڵات نییە
بەڵکو نیشتەجێی زمانە
جگە لە زمان هیچ شتێکی دیکە
نیشتمان نییە.
•

تەنیا شاعیرە خراپەکان

هەست بە ئازادیی دەکەن.

•

خەم مەیلێکە، هیچ کارەساتێک لەو ناچێ.

•

بەرهەڵستی جیهان ناکەم

بەرهەڵستی لە هێزێکی گەورەتر دەکەم

بەرهەڵستی لە هیلاکیم دەکەم لە جیهاندا.

•

قەبارەی هێزی تایبەتیمان نازانین

ئەو کاتە نەبێ، کە ریسوا دەکرێین.

•

کەس گرنگیم پێنادا

جگە لەوانەی

کە هەندێ لە شێتایەتیان تێدایە.

•

ئەگەر ئازایەتییێکی پێویستم هەبووایە

تا رۆژانە نیو سعات هاوارکەم

ئەوە چێژم

لە هاوسەنگییێکی تەواو دەبرد.

•

لە ژیاندا هیچ رێگەیەک

بەرەو فەشەل

لەوە کورتتر نییە کە شیعر

بەبێ بەهرە بنووسیت.

•

**هیچ شتێ بەردەوام نابێ**

**ئەگەر تەئویلی جۆراوجۆری بۆ نەکرێت.**

**•**

**هەر کەسێک**

**لە جیاتی خەڵک قسەی کرد**

**دڵنیابە ئەو کەسە ساختەچییە.**

**•**

**_تۆ کێیت؟**

**_من مرۆڤێکم هەموو شت بێزارم دەکا..**

**نامەوێ بێزاربم**

**نامەوێ گرنگیم پێبدەن**

**هەوڵدەدەم جێی سەرنجیان نەبم و**

**لەگەڵ ئەوەشدا بێسوودە.**

**•**

من پیاوێکم

لەو سەرزەمینەدا

نیشتمانم نییە.

•

ئەگەر جارێ بەبێ هۆ غەمگین بوویت،

دڵنیابە کە تۆ بە درێژایی ژیانت

غەمگین بوویت

بەبێ ئەوەی بزانیت.

•

ئارەزوو بۆ ناوبانگ یانی:

کەسێ ئارەزوو بکا

بە بەدناویەوە بمرێ

نەک مردنێک کە لەبیر بکرێ.

•

هەرچەند زەمەن تێپەڕی

باوەڕم زیاتربوو کە ساڵەکانی

یەکەمی تەمەن فیردەوسبوو.

•

دوژمنێکی دوور باشترە

لە دوژمنێک کە لەبەر دەرگایە.

•

زمانی مرۆڤ

چل هەزار ساڵە،

کەچی ناتوانی تەنانەت

یەک تاکە حەرفیش بدۆزیتەوە

تا بە تەواوی وەسفی

ئەو هەستەی ناختی پێبکەیت.

•

هیچ کەس بە قەد من

باوەڕی نەهێناوە

کە هەموو شت پڕوپووچە و

کەسیش وەک من ئاوا

بە کارەساتباری هەڵسوکەوتی

لەگەڵ ئەو هەموو ژمارە زۆرە

لە شتی پڕوپووچ نەکردوە.

•

ئەگەر کتێبەکانم خەماوین

هی ئەوەیە

من ئەو کاتە دەست

بە نووسین دەکەم

کە حەزدەکەم

گوللەیەک لە خۆم بدەم.

•

**ناپلیۆن سی هەزار جەنگاوەری**

**لە جەنگی _ڤاگرام_ لەدەستدا،**

**هەستی بە گوناح نەکرد بەڵکو تەنیا هەستی**

**بە خراپی میزاج کرد.. چ سوودێکی هەیە سەرنجی ئەوە**

**بدەین؟ تەنیا ئەوانە هەست بە گوناح دەکەن کە هیچ**

**ناکەن، ئەوانەی لە کرداریان کەمە، لای ئەوان**

**پەشیمانیی شوێنی کارکردن دەگرێتەوە.**

•

**ئێرەیی بە کەس نابەین جگە لەوانەی**

**کە باش دەیانناسین و زۆر لەگەڵیان تێکەڵین،**

**پێویستە بە سەرکەوتنیان دڵخۆش بین**

**کەچی شتێکی پیس لەنێو هەموو نزیکایەتییێکدایە و**

**وا دەکا نزیکەکانمان تەنیا**

**لە حاڵەتی قوربانیدان خۆشبوێ.**

•

**جەستەمان لەبیر دەکەین**

**کەچی ئەوان هەرگیز ئێمە لەبیر ناکەن،**

**چ نەفرەتییێکە زاکیرەی ئەندامەکانی جەستە.**

•

**راڕاییمان ئاماژەیەکە بۆ پاکییمان**

**بەڵام یەقینیمان**

**ئاماژە بۆ هیچ شتێ ناکا**

**جگە فڕوفێڵ.**

•

**تەنیا ئەو نووسینانە شیاوی نووسینن**

**کە نووسەرەکانیان**

**بەبێ بیرکردنەوە لە خوێنەر و**

**قازانج و دەستکەوت دەینووسن.**

•

_بەڕێزم لە بەیانییەوە تا ئێوارە چی دەکەیت؟

_تەحەمولی خۆم دەکەم.

•

ئەگەر مرۆڤ بیەوێ بەختەوەربێ

نابێ زاکیرەی هەڵبکۆڵێ.

•

تاکە رێگەیەک بۆ ئەوەی هەموو شت بەدەستبێنی

ئەوەیە: نەتەوێ هیچ بە دەستبێنی.

•

راهیبێک و قەسابێک هەن

لەنێو هەموو ئارەزووییێکدا بەشەڕ دێن.

•

**لەسەر رەشبین پێویستە هەموو رۆژ**

**هەندێ هۆکار دابهێنێ**

**بۆ بەردەوامبوون لە وجود**

**ئەو قوربانییێکە لە قوربانییەکانی مانای ژیان.**

**•**

**کۆمەڵگە نەخۆش نییە بەڵکو کارەساتە**

**ئەوە چ موعجیزەیەکی دەبەنگە**

**وا لە مرۆڤ دەکا بتوانێ تێیدا بژی.**

**•**

**ئێمە بەرگەی یەکتر دەگرین چونکە هەموومان**

**دەجالین، مرۆڤ کاتێ درۆ رەتدەکاتەوە،**

**دەبینێ کە خاک چۆن ژێر پێیەکانی هەڵدەکۆڵێ،**

**ئێمە بایلۆژیەن وا سازکراوین کە فریودەر بین.**

**•**

بۆ ئەوەی مرۆڤ

خۆی بدۆزێتەوە

هیچ شتێ لەوە باشتر نییە

کە لەبیر بکرێ.

•

هۆشیاریی

زۆر زیاترە لە درک،

خەنجەرە لە جەستەدا.

•

هی ئەو دنیایە نیم

من بەردەوام لە دۆخێکی نامۆدام

لە حاڵەتی بێ ئینیماییێکی تەواودام

بەرانبەر هەموو شتێک.

•

بریا ئەو منداڵانەی

کە ئارەزووم نەکرد بیانهێنمە دنیا

هەستیان بەو بەختەوەرییە دەکرد

کە قەرزاری منن.

•

ئەو کاتە دەزانین ئیدی گەنج نەماوین

کە دەست لە دەستنیشانکردنی

دوژمنەکانمان هەڵدەگرین

یا بەوەندە دوژمنەی کە هەمانە وازدێنین.

•

ژیان بەردەوام دەبێ تا ئەو کاتەی

هەڵچوونەکانمان بەردەوامن،

بەبێ هەڵچوون ژیان دەبێتە غوبار و هیچیتر.

•

هەموو بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن

کە ئێمە بۆیە لەو جیهانەدا هەین

تا هیچ کارێک نەکەین.

•

چەنەبازیی یانی:

هەموو ئەو گفتوگۆیانەی

لەگەڵ کەسێ دەکرێ کە ئازار ناناسێ.

•

هەندێ ئەزموون هەن

مرۆڤ ناتوانێ لێیان رزگاربێ،

دوای هەر ئەزموونێ لەو ئەزموونانە

مرۆڤ هەست دەکا

هیچ شتێ هیچ مانایەکی نەماوە.

•

کاری من ئەوەیە

کات بکوژم و

کاتیش من دەکوژێ

چ خۆشە

لەنێوان ژمارەیەکی زۆری بکوژدابیت.

•

من بەشێک نیم

لە جیهانی مرۆڤدا

من لە جیهانێکی دیکەدا دەژیم و

تا بتوانم لەو جیهانەدا بژیم

پێویستیم

بە ئیرادەیەکی نائاسیی هەیە

بۆ ئەوەی رادەستیی

ئیغرای خۆکووشتن نەبم.

•

تەنیا گەشبینەکان خۆیان دەکوژن

ئەو گەشبینانەی

کە ئیدی سەرکەوتوو نین

لەوەی لە گەشبینیدا بەردەوامبن

بەڵام ئەوانی دیکە هیچ هۆیەکیان نییە

تا بەرەو ژیان راکەن، ئەی کەوایە بۆچی

هۆیەکیان هەبێ

تا بەرەو مردن راکەن؟

•

خراپترین شت ئەوەیە مرۆڤ

تووشی لە دەستدانی مەیلی قسەکردن و

پێکەنین و دەرخستنی بەرپەرچدانەوەبێ

خراپترین شت بۆ مرۆڤ ئەوەیە

بە زیندوویەتی بمرێ.

•

مرۆڤ بۆ ئەوە نانووسێ
چونکە شتێکی هەیە تا بیڵێ
بەڵکو هەر دەیەوێ شتێک بڵێ.
•

کاتێ سەگێک
بە بینینی تارماییێک دەحەپێنێ
هەزاران سەگ
ئەرکی گۆڕینی ئەو تارماییە
بۆ حەقیقەت دەگرنە ئەستۆ.
•

من ئامادەم دەست لە هەموو
دیمەنەکانی جیهان بەردەم
بەرانبەر  یەک دیمەنی منداڵییم.
•

لەپێناو مەستییێک

کە لە نۆ چرکە زیاتر نییە

مرۆڤێک لە دایکدەبێ

بەو هۆیەوە حەفتا ساڵ ئەشکەنجە دەچێژێ.

•

دوای هەندێ ئەزموونی تایبەت

پێویستە ناوەکانمان بگۆڕین

چونکە ئێمە خۆمان نامێنین.

•

ژنێکی خوێندەوار پێیگوتم: کەوایە تۆ دوای

ئەو جەنگەی ئەخیری دژی هەموو شتێکی؟

گوتم: هەڵەت کرد خانمەکەم،

من لەسەردەمی ئادەمەوە دژی هەموو شتێکم.

•

تەنیا دوای چارێگە سعاتێک

هیچ کەس ناتونێ هەڵسوکەوت

لەگەڵ بێئومێدی و شکەستی کەسێکی دیکە بکا

ئەگەر  بە بێ سەبری و بێزاریی نەبێ.

•

هەموو ئەو عەیبانەم هەیە کە مرۆڤ هەیەتی،

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کارانەم لا گونجاو نییە

کە ئەنجامی دەدەن.

•

خوێندنەوە

یانی تۆ لێدەگەڕیت

ئەوانی دیکە لە پێناو تۆدا هەوڵبدەن

ئەوە میهرەبانترە لە ئیستغلال.

•

**ساڵان و ساڵان**

**بۆ بە خەبەرهێنانی**

**ئەوانی دیکە**

**لەو خەوەی کە تێیدا راکشاون..**

**دواتر ساڵان و ساڵان**

**بۆ راکردن لەو بەخەبەرهاتنە.**

**•**

**من ئەو کەسە نیم**

**کە لە جیهاندا**

**ئازار دەچێژێ**

**بەڵکو ئەوەم**

**کە جیهان**

**لە ناخی مندا**

**ئازار دەچێژێ.**

**•**

ئەوانیٚ دیکە دەجالن

بەڵام هەستی پێناکەن

منیش رێک وەک ئەوانم

بەڵام درکی پێدەکەم و

ئازار دەچێژم.

•

ئەوان بە زیندوویەتی نێژراون،

دواتر بە شێوەیەکی ناشرین دەردەکەونەوە.

•



# Naguib Mahfouz

## نەجیب مەحفوز (1916_2004)

### رۆماننووسی مصری

عاقڵە

کان پلانی شۆڕش دادەڕێژن و

ئازایەکان جێبەجێی دەکەن و

ترسنۆکەکان لێیدەخۆن.

•

ئەگەر دواکەوتوویمان

بەو شێوەیە بەردەوامبێ

گەشتیاران دێن سەیری ئێمە دەکەن

لە جیاتی شوێنەوارەکانمان.

•

چ جوان دەبوو ئەگەر کێشە ترسناکەکانمان

بە حەبێکی دوای خواردن

یا کەوچێک شرووبی بەر لە خەوتن چارەسەر ببا.

•

**گەورەترین دۆڕان لە ژیانمدا ئەوەیە**

**کە لە چێژی خوێندنەوە بێبەشم**

**بە هۆی کزبوونی چاوەکانم.**

•

**لە دەستپێکی هەر پەیوەندییێک**

**هەست دەردەکەوێ و لە کۆتاییشدا ئەخلاق.**

•

**شاعیر رۆیشت، رادیۆ جێگەی گرتەوە.**

•

**زەمەنی باوەڕ بەسەرچوو،**

**ئەو زەمەنە، زەمەنی کۆچە.**

•

باشتر نییە کۆچبکەین لەوەی زەواج بکەین؟

هاوسەرگیری هیجرەتە لە ناخدا.

•

مامۆستا گەورەترین پیشەی هەیە

هەموو پیشەکانی دیکە

لەسەر دەستی ئەو دێنە بەرهەم.

•

بەختەوەریی

بەبێ کەرامەت بوونی نییە.

•

بیرکردنەوە شمشێرێکی دوو لایەنە.

•

دەتوانم لە وەڵامدانەوەدا بزانم

کە پیاوێک زیرەکە یا نا

دەتوانم لە پرسیارکردندا بزانم

کە پیاوێک حەکیمە یا نا.

•

هەموو خەڵک

هێز دەپەرسێ..

هەتا قوربانییەکانی هێزیش،

هێز دەپەرستن.

•

بێهێز

ئەو دەبەنگەیە

کە نهێنی هێزی خۆی نازانێ.

•

تەنیا ئاژەڵ هیچی بۆ گرنگ نییە
جگە لە خواردن.

•

بەیانیان فەرمانبەری حکومەتبووم و
ئێوارانیش نووسەر.

•

لەبیرکردن؛
ئافاتی گەڕەکەکەمانە.

•

ڕەتکردنەوەی حەقیقەت
حەقیقەت ناگۆڕێ.

•

مرۆڤ تا زەواج نەکا،

سەقامگیر نابێ.

•

ئەوە دەبینمەوە

کە بە دوایدا ناگەڕێم و

بە دوای ئەوەشدا دەگەڕێم

کە نایبینمەوە.

•

وەک فێرمکردی

خەڵک بە خۆشەویستییەوە

بە ڕەوشتکە، هەر کێیش خۆشەویستیی

بە ڕەوشتی نەکرد، خۆشەویستییێکی زیاتر

بە ڕەوشتی دەکا.

•

خراپترین غوربەت ئەوەیە

کە لە نیشتمانتدا هەستی پێدەکەیت.

•

خاوەن بەرژەوەندییەکان

شۆڕشیان خۆشناوێ.

•

خوا بەختی هەژاران و

شەهوەتی دەوڵەمەندانی پێداوە،

ئەو گوناحی چییە؟

•

ئایە حەقیقەت سەیرتر نییە لە خەیاڵ؟

•

ئەخلاق تەنیا سیستەمێک نییە

بۆ تەعامولکردنی خەڵک لەگەڵ یەکتر

بەڵکو کۆمەڵگە رێکدەخا و لە فەوزا دەیپارێزێ.

•

سەرباری داهێنان و

سەرکەوتنەکانی مرۆڤ، هێشتایش تا سەری

لە دەبەنگیی و پڕووپووچیدا غەرقە.

•

ئیمان و گومان وەک رۆژ و شەو وان.

•

خەندە قەدەرە و فرمێسکیش قەدەر.

•

**رادەستبوون**

**گەورەترین گوناحی هەمووانە.**

•

**توندکردنی سزا ئاسانترە**

**لە دۆزینەوەی چارەسەر.**

•

**جوانیی چەکێکی سودبەخشە**

**بە دەستی هەژارانەوە.**

•

**ترس ناتوانێ رێ لە مەرگ بگرێ**

**بەڵام دەتوانێ رێ لە ژیان بگرێ.**

•

**دەرمانی حەقیقی**

**تەنیا لە دەستی خۆتدایە.**

**•**

**ئاین بابەتێکە و**

**خواش بابەتێکی دیکە.**

**•**

**سەر، سەرچاوەی بەڵایە.**

**•**

**گەنجەکان**

**دوژمنی رازیبوونن**

**ئەوە هەموو شتێکە.**

**•**

سکاڵا زمانی هاوبەشی مرۆڤە.

•

وەڕسیی سەرەتانی رۆحە.

•

عاشق بێهێزە و مەعشوق بەهێز.

•

خوا دەزانێ بەیانی چی روودەدا

بەڵام مرۆڤ درووستی دەکا.

•

دڵ لەوە زیاتر دەزانێ کە عەقڵ وێنای دەکا.

•

هێز بۆ کاتی پێویست و

خۆشەویستیش بۆ هەموو حاڵەت و کاتەکان.

•

هێز

داناپۆشرێ.

•

رقلێبوونەوەی راستەقینە،

لەبیرکردنە.

•

نەخۆشی،

خۆشەویستیی ناسڕێتەوە.

•

**تاکە پێوەرێک لە هونەردا ئەوەیە:**

**کامیان جوانترە و لە فکریشدا ئەوەیە: کامیان باشترە.**

•

**سەرباری ئەوەی شوێن کۆتایی نایە**

**بەڵام هێشتا زیندانە.**

•

**کۆچبەران نەتەوەیەکن نیشتمانیان ئەو شوێنەیە**

**کە بەختەوەرییان بۆ دابین دەکا.**

•

**مەرگ ژیان لەناو نابات**

**ئەگەرنا خۆی لەناو دەبرد.**

•

**ئاخ بۆ ئەو کەسەی لەسەردەمێک**

**رێز لە خۆشەویستیی دەگرێ**

**کە خۆشەویستیی تێیدا هیچ رێزێکی لێناگیرێ.**

•

**جەنگ زۆر کەسی نزم بەرز دەکا.**

•

**نەخۆشیی راستەقینە**

**ترسە لە ژیان**

**نەک لە مەرگ.**

•

**پرسیار، چڕکراوەی ژیانی رۆحییە.**

•

زانا

لە لانکەوە تا قەبر

بە دوای زانستەوەیە و

بە نەزانیش دەمرێ.

•

هونەرمەندان

جنسێکن

لەنێوان پیاوان و ژنان.

•

بڵاوکردنەوەی زانست

دەستەبەری دەرکردنیان دەکا

وەکچۆن نوور

شەمشەمەکوێرە دەردەکا.

•

تەماشای پیسیی

شەقامەکان بکە لە دڵی شاردا

رۆژێ دادێ مێشەکان داوای

حەقی هاووڵاتیبوون دەکەن.

•

سینگی پزیشک

گۆڕستانی نهێنییەکانە

هەرگیز هەڵناکۆڵدرێ.

•

کێ دەتوانێ بیسەلمێنێ

کە بەختەوەریی

واقیعێکی زیندووە

نەک وەهم و خەون؟

•

**مرۆڤ لە نامەدا**

**ئازایەتییێکی زیاتری هەیە.**

**•**

**لە روانگەی مردوودا**

**ژیان هەر جۆرێکبێ لە مردن خۆشترە.**

**•**

**هێزی زاکیرە لە بیرهاتنەوە دەردەکەوێ**

**وەکچۆن بە لەبیرکردنیش دەردەکەوێ.**

**•**

**مانگێک بوو وەک خەون،**

**بەڵام خەونەکان بەردەوام نابن.**

**•**

**لە واقیعدا**

**ژیانی خاڵی بوو لە خۆشەویستیی**

**وەک ئەشکەوتێکی شێدار**

**کە هەرگیز خۆر لێنادا.**

**•**

**چەند ئومەتێتک**

**شان بە شانی یەکتر دەژین**

**لەناو ئەو ئومەتەدا؟**

**•**

**چۆن باوەڕ بە خوا ناکەم**

**کە من ئەوەتەم**

**وا لەنێو دۆزەخی**

**ئەودا دەسووتێم.**

**•**

**له هیچ هۆشیارتان ناکەمە**

**جگە لە دوژمنێک کە ئەویش بێئومێدییە.**

•

**لەبیر مەکەن چاکەش گەمەیەکە**

**لە گەمەکانی خۆپەرستیی.**

•

**غەرقبوون هیچ ترسێکی نییە**

**مادەم نەهەنگ لە ئاودا هەیە.**

•

**هیچ شتێ شایەنی خەمخواردن نییە،**

**خەم بۆ دەبەنگەکان جێبێڵە.**

•

**هیچ شتێ**

**وەک عەزابی هاوبەش**

**خەڵک لە یەکتر نزیک ناکاتەوە.**

•

**هیچ شتێ لەبیر ناکرێ و**

**هیچ شتکیش نامێنێتەوە.**

•

**نابێ حوکم لەسەر خەڵک بدرێ**

**لە کاتی بێئیشییاندا.**

•

**هیچ ئازارێک نییە بە بێ مانا.**

•

خوا نەفرەتی لە چاخ کردووە،

نزیکترین کەسمان لێدەبا و دەیکاتە دوژمنمان.

•

هەر یەک لە ئێمە باوکێکی دیکەی هەیە و

بەختەوەرە ئەو کەسەی دەیدۆزێتەوە.

•

حەقیقەت دڵڕەق نییە

بەڵام دابڕان لە جەهل وەک لە دایکبوون بە ئازارە.

•

عەقڵ چ سوودێکی هەیە

لە جیهانێکی نامەعقولدا؟

•

پڕوپووچییە

عاشق گفتوگۆ لە بارەی عەشقییەوە بکا.

•

_ڕێز لە ژیانت دەگری؟

_هێشتا بیرم لە هەڵسەنگاندنی نەکردۆتەوە.

•

_ڕۆژێ لە ڕۆژان بیرت لە ژیان کردۆتەوە؟

_ژیان هیچ مانایەکی نییە جگە لە خۆشەویستیی.

•

مرۆڤ بە هەموو خێر و شەڕییەوە

دەڕوا، تەنیا ئەفسانەکان دەمێننەوە.

•

**هەر چاخێ پێغەمبەرانی خۆی هەیە،**

**پێغەمبەرانی ئەو چاخە زاناکانن.**

•

**ئەگەر تەرازووی دادپەروەریی لەو وڵاتە دابنێرێ**

**زیندانەکان پڕ دەبن و کۆشکەکانیش چۆل.**

•

**باشترین کەس نیم،**

**بەڵام دڵێکم هەیە حەز ناکا کەس بریندار بکا.**

•

**ترۆپکی دەبەنگییە**

**مرۆڤ بە غەمگینی بژی لە پێناو کەسێ**

**کە بەوپەڕی شادییەوە دەژیێ.**

•

هەندێ مردوو هەن وشەکانیان نەمردوون و

هەندێ زیندووش هەن

گوێمان لە دەنگیان نابێ.

•

لەوانەیە سکاڵا بکەیت و درک نەکەیت

کە کەسێکیتر ئومێد دەکا ژیانێکی وەک تۆی هەبێ.

•

تەنیاییێکی هاوەڵ لەگەڵ کبریا تەنیایی نییە.

•

نیوەی جوانیی مرۆڤ زمانییەتی

قسەکانتان باشکەن.

•

ڕێزگرتنم لە خەڵک

مانای ئەوە نییە پێویستیم پێیانە

ئەوە باوەڕێکە

لە پەروەردەمەوە فێری بووم.

•

لەسەر شێوە حوکم مەدە

لەوانەیە دڵێکی دەوڵەمەند

لەژێر پاڵتۆیەکی هەژاردا هەبێ.

•

چونکە

زۆر بە سەبری،

پێیانوابوو

تۆ هەست ناکەی.

•

**هەندێ کەس خۆشەویستیت پێدەبەخشن**

**بەبێ ئەوەی هیچ شتێکیان پێببەخشیت و**

**هەندێکیش ئازارت پێدەبەخشن**

**دوای ئەوەی کە تۆ**

**هەموو شتێکیان پێدەبەخشی.**

•

**چۆن دەبینە ئومەتێکی شارستان**

**کە سەرباز حوکممان بکا!؟**

•

**عەقڵ**

**خاوەنی خۆی**

**لە نیعمەتی حەسانەوە**

**بێبەش دەکا.**

•

مەترسە لەوەی خەڵک لە دەستبدەی

بەڵکو لەوە بترسە لە کاتی هەوڵدانت

بۆ بەختەوەرکردنی هەمووان

خۆت لە دەستبدەی.

•

ئەوەی یەکێکی خۆشدەوێ

سەرباری عەیبەکانیشی خۆشیدەوێ

عەیبەکانیشی خۆشدەوێ.

•

خۆشەویستیی بەبێ دڵسۆزیی و

راستگۆیی و

کەمێ لە شێتایەتی

هیچ مانایەکی نییە.

•

ئێمە چۆنین ئاوا قبوڵمان بکەن

یا ئێمە چۆنین ئاوا وازمان لێبێنن

نە ئێوە حەقی چاککردنی ئێمەتان هەیە و

نە ئێمەش ئارەزووی پاساوهێنانمان هەیە.

•

ئەو چاکەیە بەهای نییە

کاتێ بکەرەکەی دەڵێ:

من ئەنجاممدا.

•

هەڵە بکەیت

خەڵک لەبیر دەکا

کە تۆ رۆژێ لە رۆژان

کەسێکی باشبوویت.

•

ناتوانم لە قوڕدا مەلە بکەم.

•

بە درۆ

سەرەڕۆیی لەگەڵ ژنێک مەکە

کە باوەڕی بەتینی

بە هەستەکانی خۆی هەیە.

•

کاتێ ژن غەمگین دەبێ

دواترین شت کە پێویستی پێیدەبێ

چارەسەری واقیعیانە و

وشە عەقڵانییەکانی پیاون

ژن ئاگا لێبوونی دەوێ نەک قسە

دەورگرتنی دەوێ نەک گازاندە.

•

ئێمە هەر ئەو کاتە نامرین کە ڕۆح لێمان جیا دەبێتەوە،

بەڵکو بەر لەوە، لەو کاتەدا دەمرین کە ڕۆژەکانمان

وەک یەکیان لێدێ و لە گۆڕان دەوەستین و

هیچ شتێکمان لێ زیاد نابێ جگە لە کێش و تەمەن.

•

هەرچەند بە تەمەنتربین

دڵمان هەر وەک دڵی منداڵان دەمێنێتەوە،

پێویستی بە گرنگی پێدانە.

•

ئەوان درۆزنن و دەزانن کە درۆزنن و

دەزانن ئێمەش دەزانین کە ئەوان درۆزنن و

لەگەڵ ئەوەشدا بەوپەڕییە دەنگ بەرزییەوە

درۆ دەکەن.

•

ئینسانیەتیش نوێژە

باشییەکانی زۆر زیاترە

لە رکەعەتەکانی

هەندێ کەسی دووڕوو.

•

عەیب نییە بکەویە خۆشەویستی کەسێکەوە

کە بۆ خۆشەویستیی ناشێ،

بەڵام بەردەوامبوون

لەو خۆشەویستییە دەبەنگییە.

•

وەکچۆن جلەکان هەڵدەبژێرن

ئاواش وشەکانتان هەڵبژێرن،

چونکە قسەکردنیش شیکییە.

•

ئەو چاوەی کە بە تۆ پڕ دەبێ

تەماشای کەسیتر ناکا،

جا حازربی یا غایب.

•

کە یەکێ بۆ تۆ

باسی بێئومێدبوونی خۆی لە خەڵک دەکا،

دەیەوێ پێتبڵێ: تکایە وەک ئەوان مەبە.

•

کاتێ نازانی چۆن وەسفی شعورت بکەیت

یا لە هەڵوێستێک نازانی

چۆن بەرگری لە خۆت بکەیت

ئەوە بزانە کە دڵێکی بێتاوانت هەیە و

فێری پیسییەکانی ژیان نەبووە.

•

نامەوێ بمرم،

بەر لەوەی بمرم.

•

من لە پەیوەندیدا

ناوەندی ناوێ،

یا هەموو یا هیچ.

•

بە باوەڕەوە کار بکەیت

ئەوە نمونەی باڵایە

بە بێ باوەڕی کار بکەیت

ئەوە پێیدەگوترێ بە فیڕۆدان

بەڵام ئەگەر باوڕت هەبێ و نەتوانی کار بکەیت

ئەوە دۆزەخە.

•

له بەڵێندان ڕاستگۆبە

ئەگەر ناتوانی بەڵێنت ببیتە سەر بەڵێن مەدە

چونکە کەسانێک خەونەکانیان

لەسەر بەڵێنی تۆ بینا دەکەن.

•

پێویستە جۆرێ لە فەوزا هەبێ

تا بێئاگا لە بێئاگاییدا بە ئاگابێتەوە.

•

زۆر خراپە

ئەو خەمانە بکەیتە کۆڵت

کە لەگەڵ تەمەنتدا ناگونجێن،

لە کاتێکدا کە تۆ پێویستە

جوانترین ڕۆژەکانی ژیانت بژیت.

•

**کەسە باشەکان کەس ئازار نادەن**

**بەڵام زۆر خۆیان ئازار دەدەن**

**بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەن.**

•

**کەس لە هەواڵت ناپرسێ جگە لەوەی بیرت دەکا و**

**کەسیش بیرت ناکا جگەی لەوەی دوای تۆ سەرنجی**

**پانتایی بۆشایی دەدا.**

•

**لە هیچ پەشیمان نیم**

**جگە لەو رۆژانەی**

**لەبەر قسەی خەڵک**

**ئاوا نەژیام**

**وەکچۆن خۆم دەمویست.**

•

**هیچ لەوە بە ئازارتر نییە**

**کەسێک بە ئاشکرا زوڵمت لێبکا و**

**بە دزییەوە داوای لێبووردنت لێبکا.**

•

**با لە خەمخواردن بەردەوامبێ**

**ئەوەی کە زەمانەتی کردووە بەیانی نامرێ.**

•

**بینین فێڵ دەکا و بیستن فێڵ دەکا،**

**بەڵام دڵ هەرگیز فێڵ ناکا.**

•

**ئای ژنان چەند بە توانان**

**لە شاردنەوەی هەستەکانت!**

•

بەختەوەر کەسێکە

کە ژیان

کەسێکی نەگۆڕی پێبەخشیوە.

•

ئەگەر لەو زەمەنە مووشەکییەی ئێمەدا

خۆشەویستیی مانگێکی تەواو بژی

ئەوە خۆشەویستییەکی بە تەمەنە.

•

کاتێ لە ژیانتدا

تووشی کۆست دێی

دڵنیابە لەوەی

کە عەقڵت

لە تەمەنت گەورەتر دەبێ.

•

پێممەڵێن کێ رقی لێم دەبێتەوە
یا قسەم لەسەر دەکا
لێمگەڕێن هەمووانم خۆشبوێ و
پێموابێ کە هەمووشیان منیان خۆشدەوێ.

•

چاوەڕوانی هیچ شتێ
لە هیچ کەس مەکە
جا هەموو ئەوانەی دەوروبەت
بە شێوەیەکی جوانتر دەبینی.

•

کەی عەقڵ
رەحم بە خۆی دەکا و
رادەستی نووستن دەبێ؟

•

**کەسێک بەڕاستی خۆشیبوێی**

**گرنگیت پێدەدا**

**تا دڵی خۆی دڵنیا بکا کە تۆ باشیت**

**نەک وا بکا هەستی پێبکەیت**

**کە گرنگیت پێدەدا.**

•

**بە کوێری بڕۆ ماڵی خەڵک و**

**بە لاڵی لێی وەرە دەرەوە.**

•

**هێندە لە پشتم ناترسم**

**لەبەر دوژمنێکی شەریف**

**بەقەد ترسم لە سینگم**

**لە برادەرێکی فێڵباز.**

•

شت بۆ دەبەنگ راست مەکەوە رقی لێت دەبێتەوە

بەڵام بۆ حەکیم راستی بکەوە چونکە رێزت لێدەگرێ.

•

ئەوە سەیر نەبوو

کە مصرییەکان فیرعەونیان دەپەرست،

بەڵام سەیر لەوەدابوو

فیرعەون بەڕاستی باوەڕی کردبوو کە خودایە.

•

هەرگیز لە بێدەنگیت

پەشیمان مەبەوە

ئێمە هەمیشە بە هۆی زۆر گوتنەوە

خەڵک لە دەستدەدەین

نەک کەمدویی.

•

خۆشویستنی بێدەنگم خۆشناوێ،

پێمبڵێ چەند خۆشتدەوێم و

واملێبکە شێتتبم.

•

ئەوە زیاتر ئازارت دەدا

کاتێ متمانەیەکی کوێرانە

بە کەسێک دەکەیت و

کەسەکەش بۆت دەسەلمێنێ کە تۆ بەڕاستی کوێری.

•

ئەگەر رۆژێ لە رۆژان پەیوەندیت،

بە کەسێك کە خۆشتدەویست کۆتایی هات

دڵت بکە حەشارگەی نهێنییەکان و حیکایەتەکانی،

چونکە پەیوەندی ئەخلاقە.

•

لەوانەیە ئەوەی بێدەنگیی دروستی دەکا

قسە دروستی نەکا و

ئەو شتانەیش کە دووریی چارەسەری دەکا

نزیکی چارەسەری نەکا.

•

چاودێری کردارەکانتان بکەن و

ئەو دڵانە بریندار مەکەن

کە هیچ گوناحێکیان نییە

جگە لەوەی کە بەڕاستیی خۆشیویستوون.

•

خۆت لە دەست مەدە

لەپێناو بە دەستهێنانی

ئەوانی دیکە.

•

کات و گرنگیدان

جوانترین و بەهادارترین دیارین

بیدەیتە کەسێک کە خۆشتدەوێ.

•

بۆ مانەوە نەخولقاوین

شتێکی جوان

بۆ رۆحت درووستکە

تا دوای تۆ بمێنێ.

•

تەندرووستی

دایکم باشە،

دنیا چییە

خەمی لێبخۆم.

•

رووەک عەقڵی نییە،

ئەگەر بە سندووقێکی کون کون داپپۆشی

لەو کونانەدا بە دوای رووناکیدا دێتەدەر،

ئێمە چیمان بەسەر هاتووە!

عەقڵیشمان هەیە

کەچی بە دوای نووردا ناکەوین.

•

زۆرترینجار بڕیارەکانی بەر لە نووستن

لە بەیانیدا لەگەڵمان بە خەبەر نایەن.

•

بێدەنگیی دوا هەوڵە

بۆ ئەوەی هەموو ئەو شتانەیان پێڕابگەیەنی

کە لە کاتی قسەکردنماندا تێنەگەیشتن.

•

بە نیوە رازی مەبە

مادەم تۆ شایەنی تەواویت.

•

سڵاو لەوەی دیواری رۆحی رووخا و

داوای لە کەس نەکرد بۆی چاکبکاتەوە..

سڵاو لەوەی بزەی کرد

تا ماندووبوونی لێیان بشارێتەوە.

•

هەموو گەرمایی باوەشی جیهان

بەشی ئەوە ناکا هەست بە ئەمان بکەیت

ئەگەر خۆت لە ناختدا نەخەیتە باوەشت،

لە پێناو خۆتدا هێوربە

لەگەڵ برین و برینەکانت.

•

کاتێ ژن تووڕە دەبێ
چارێگێ جوانیی و
نیوەی ژنایەتیی و
هەموو خۆشەویستیی لە دەستدەدا.

•

ئەو گەردوونە
بارگرانە
بە دەبەنگیی.

•

کێ دەڕوا با بڕوا،
خوا جگە لە خراپەکان
کەس دوور ناکاتەوە.

•

سڵاول ەوانەی ژیان بە بەرائەتی منداڵ و

ئاواتی فریشتە بەڕێوە دەبەن.

•

خراپەکان نیعمەتن لە ژیانماندا،

ئەگەر ئەوان نەبن

بەهای باشەکان نازانین.

•

لێبووردەیی

بەرزترین پایەی هێزە و

خۆشویستنی

تۆڵەسەندنەوەش

یەکەم دیاردەی لاوازییە.

•

کێ لەو خەڵکەی دەوروبەرمان

یەک شەخسیەتی هەیە؟

ئێمە لە شانۆیەکی گەورەداین

هەموو ئەکتەرن.

•

ئەگەر کەسێکت بریندار کرد و

بێدەنگییەکەی درێژەی کێشا

دڵنیابە سزایەکی توندترت

لە قسەپێگوتن دەدا.

•

شەیتان

بە بێ رووخسەتی ئێمە

نایەتە ناومان.

•

**بەڕاستی ژیان کارەساتێکی**

**بە ئازاری پێکەنیناوییە.**

•

**ژیانی مرۆڤ سەیرە،**

**دەکرێ لە دوو وشەدا چڕی بکەینەوە:**

**خوێن و هەڵهەڵە.**

•

**چەند جوانە**

**کە بە رێککەوت**

**غەریبەکان دەبنە دۆستمان و**

**چەند ناشرینیشە**

**کە دۆستەکانمان**

**لە ناکاو غەریب دەبن.**

•

سەرباری ئەو هەموو قەرەباڵغییە
هێشتا بۆشایی هەیە.
•

هەندێجار
غیابی ئەوانەی خۆشماندەوێن
حزووری هەمووان ناهێڵێ.
•

زۆر کەس پێیانوایە
گەشبینیی
چاوەڕێکردنی
دەرکەوتنی گوڵێکە
کە هێشتا
نەشچێنراوە.
•

**هیچ شتێ ناگاتە نیەتی باش**

**ئەوە بکە کە دەتەوێ و لێیانگەڕێ**

**چۆنیان دەوێ با ئاوا لێت تێبگەن.**

•

**وشەی (رجل)، کۆیەکەی(رجال)ە،**

**(إمرأة) کۆ ناکرێ،**

**ژن هەتا لە زمانی عەرەبیشدا**

**گەورەیی خۆی هەیە،**

**ناهێڵێ لەگەڵ کەسێکی دیکەدا کۆ بکرێتەوە و**

**بە هیچ کەسێکیش بەراورد بکرێ.**

•




**Charles Bukowski**

**چارلس بوکۆڤسکی (1920_1994)**

**شاعیری ئەمەریکی**

دووجار بە گەڕەکدا خولامەوە

دووسەد کەسم دیت

بەڵام فەشەلم هێنا لەوەی

تەنیا یەک ئینسان بدۆزمەوە.

•

نەخۆشخانەکان هێندە گرانن

بە حەدێ کە مری هەرزانترە و

پارێزەرەکانیش بە حەدێ گرانن

کە دانی پیا بنێی تۆ تاوانباری هەرزانترە.

•

دەمەوێ خۆم بم

نەک رووخسارێکی دەستکرد

تا خەڵک حەزم پێبکەم.

•

**ئازاد نابی ئەگەر لە رووی مادییەوە**

**سەربەخۆ نەبی، جگە لەوە ئەوەیتر**

**هەمووی فەلسەفە و ئەفکاری خەیاڵییە.**

•

**لە قاوەخانەدا مێزێک پێی گوتم:**

**ئەی برادەر راستگۆکان بە تەنیا دێن.**

•

**ئەگەر هەوڵدەدەی ئەوە تا کۆتای بڕۆ،**

**ئەگەرنا دەستپێمەکە.**

•

**هەمیشە شتێکم لایە بۆ خوێندنەوە**

**تا ناچار نەبم خەڵک ببینم و لەگەڵیان بدوێم.**

•

ئایە من ڕقم لە خەڵک دەبێتەوە؟

نا ڕقم لێیان نابێتەوە

بەڵام هەستێکی خۆشترم هەیە

کە لێم نزیک نین.

•

ئایە دەزانی کەی خۆشەویستیی کۆتایی دێ؟

ئەو کاتەی دەڵێی هەموو شت کۆتایی هات و

ئازاریش نەچێژی.

•

ئەگەر توانیت کەسێ لە خشتە ببەیت

مانای ئەوە نییە کە ئەو دەبەنگە

مانای ئەوەیە زیاتر لەوەی کە تۆ شایەنیت

متمانەی پێکردووی.

•

بەهێزترین پیاوەکانی دنیا ئەوانەن

کە زیاتر گۆشەگیرن.. دەرەوە هیچ نییە

جگە لە کارگەیەکی گەورەی دەبەنگیی و

تێکەڵبوونی دەبەنگەکان بە یەکترەوە،

ئەوە هەموو شتێکە.

•

بلیمەتیی

ئەوەیە بتوانی

شتی قووڵ

بە شێوازێکی ئاسان بڵێی.

•

ئەگەر دەتەوێ هەوڵبدەی ئەوە

بە هەموو برینەکانتەوە هەوڵبدە.

•

هیچ کاتێکم نییە
بۆ شتی بێڕۆح.
•

من باوەڕم وایە
ئەگەر ژنێ
بە درێژایی سی و پێنج ساڵ
قاچەکانی لێک نەکردبێتەوە
ئەوە شیعر و خۆشەویستیی
لەمێژە وازیان لێی هێناوە.
•

ژیان چییە، جگە لەوەی هەوڵبدەیت
هەموو ناشرینیەکانیش
جوان ببینیت؟
•

جیاوازی لە نێوان دیموکراتیەت و
دیکتاتۆریەت ئەوەیە
کە ئێمە لە دیموکراتیەت
سەرەتا هەڵدەبژێرین
ئینجا ئەمرمان پێدەکرێ
بەڵام لە دیکتاتۆریەتدا پێویست بەوە ناکا
کاتت بە هەڵبژاردن بە فیڕۆ بدەی.

•

نامەوێ ببمە
دەستکردی کۆمەڵگا.

•

خۆشەویستیی خەنجەر لە ئێسکم دەدا و
منیش پێدەکەنم.

•

هەموو هەفتەیەک جارێک

بۆ ئەبەد لە یەکجیا دەبووینەوە.

•

خۆشەویستانم

خۆتان پڕ بکەن لە ژیان

رۆژێ لە رۆژان لە دەستیدەدەن.

•

هەمیشە خەڵک یاوەرم بوون و

تەنیاش بووم.

•

دۆزەخ ئەو شتەیە

کە تۆ دەیکەیتە دۆزەخ.

•

خۆشحاڵ کردنی من ئاسانە

کێشەکە لە کەسەکانیتری دنیایە.

•

بڕیارماندا دەرمان بۆ ئەفریقیا بنێرین

ئەوە کارێکی ئینسانی باشە

بەڵام کێشەکە لێرەدابوو

لەسەر دەرمانەکان نووسرابوو

_دوای خواردن._

•

هەمیشە کەسێک ئامادەیە

رۆژت تێکدا

ئەوە ئەگەر ژیانت

تێکنەدا.

•

ئێمە داوای بەختەوەرییمان نەکردوە

تەنیا قوومێک ئازاری کەمترمان ویستووە.

•

زۆرینەی ژنان زۆر گەرمن

وەک زبدەی تواوە لەسەر نانێکی گەرم.

•

شەممەم خۆشدەوێ

لە منداڵییەوە ئەو رۆژەم خۆشدەوێ

چونکە سبەی یەکشەممە، پشووە

سەیرەکە لەوەدایە

یەکشەممە خۆش نییە

چونکە خەمی سبەینێتە

کە دووشەممە.

•

چونکە ڕەوشت بەرزم

سەرم بۆیان دەجوولێنم و

خۆم وا نیشان دەدەم

لەوە تێدەگەم کە دەیڵێن

تا  کەس بریندار نەکەم..

ئەوە تاکە خاڵی لاوازی منە

کە منی خستۆتە نێو زۆر کێشە

هەوڵدەدەم لەگەڵ

هەموو کەس میهرەبانبم

تا ئاستێ کە ڕۆحم پارچە پارچە دەبێ.

•

_چی تۆی بە زیندوویەتی

هێشتۆتەوە؟

_نووسین.

•

خەڵک بۆ کوێ بڕوا

تۆ بە ئاراستەیەکی دیکەدا بڕۆ..

ئەوان هەمیشە هەڵەن.

•

تێمبگە؛

من وەک خەڵکانی

تەقلیدی نیم

من شێتایەتی و

رەهەندی خۆمم هەیە.

•

مادەم دەتوانی پشتت

لە هەموو جیهان بکەیت

کەوایە تۆ باشیت.

•

کاتێ ژن وازیان لەوە هێنا
ئاوێنە لەگەڵ خۆیان ببەنە هەموو شوێنێ
ئەو کاتە لەوانەیە بتوانن
لەبارەی ئازادییەوە قسەم بۆ بکەن.
•

خەڵک بەتاڵم دەکەن،
پێویستە دوور بڕۆم تا خۆم پڕ بکەمەوە.
•

یەکێ لە جوانترین
خۆشییەکانی ژیانم ئەوەیە
دەرگەی حوجرەکەم لەسەر خۆم داخەم و
بە تەواوی دوور لە هەر کەسێ
لە گۆشەگیرییدا نوقمبم.
•

هەرگیز کۆیلایەتی هەڵنەوەشاوەتەوە
بەڵکو فراوان کراوە
تا هەموو رەگەزەکان بگرێتەوە.
•

وریای عارفان بن
وریای ئەوانە بن
کە زۆر  کتێب دەخوێننەوە.
•

رۆشنبیر ئەوەیە شتێکی ئاسان
بە شێوازی ئاڵۆز دەڵێ
بەڵام هونەرمەند ئەوەیە
شتێکی ئاڵۆز بە شێوازێکی
ئاسان دەڵێ.
•

هیچ عاتیفەیەک و بایەخەدانێکم
بۆ ئەو شتانە نییە کە زۆرینە ناتوانن
وازیان لێبێنن.

•

لە گۆشەگیرییدا سەرفراز نەبووم
بەڵام پشتم پێی بەستبوو
بۆ من تاریکیی لە گەروومدا
وەک رووناکیی خۆر وابوو.

•

ئەوانەی لە دۆزەخ رایانکرد
هەرگیز هیچ کات باسی ناکەن و
هیچ شتێکیش دوای ئەوە
دڕدۆنگیان ناکا.

•

**ئێسکی شانەکانی دەرپەڕیوون**

**دەڵێی دەیانەوێ گەشە بکەن و ببنە باڵ.**

•

**هیچ کردارێکم بۆ خەڵک**

**شیناکەمەوە، تا کەس تووشی**

**وەهمی ئەوە نەبێ**

**کە حەقیەتی هەرچی دەیکەم بیزانێ.**

•

**گەمژەکان لە هەر شوێنێ بن**

**کارێک بۆ خۆیان دەدۆزنەوە**

**پێویستە زیرەک بیت**

**تا لە ژیاندا بە بێ کارکردن**

**سەرکەوتوو بیت.**

•

کاتێ ژن لێت دەگۆڕێ

ئیدی کارەکە لەبیرکە

دەتوانن خۆشیانبوێی

دواتر شتێ لە ناخیاندا دەگۆڕێ

دەتوانن تەماشات بکەن

کە تۆ لە زێرابدا دەمریت

یا تەماشات بکەن

کە سەیارە بەسەرتدا تێدەپەڕێ

ئینجا تفت لێدەکەن.

•

ژنانی زۆر ویستیان

جیهان رزگار بکەن

بەڵام نەیانتوانی پارێزگاری

لە رێکوپێکی مەتبەخەکانی خۆشیان بکەن.

•

بۆ ئەوەی مرۆڤ

میزاجی باشی بە دەستبێنێتەوە

پێویستی بە پشوویێکە

بۆ ماوەی شەش مانگ

خۆی لە مرۆڤەکان گۆشەگیر بکا

بە لایەنی کەم لە ساڵێکدا دوو جار.

•

دواجار

لە دڵەڕاوکێیەکی تەواودا

دادەنیشیت و

چاوەڕێ دەکەیت

وەک ئەوەی لەسەر کورسییێکی

وێستگەی پاسدا

چاوەڕوانی مەرگ بکەیت.

•

هیچ شتێ نییە بتوانم بیڵێم و

مانای شتێکی دیکە نەدا

بۆیە بڕیارمدا بێدەنگبم.

•

ئەو کاتەی ژیان هیچی پێنەدەبەخشیم

ئەو کاتەی ژیانم فیلمێکی ترسناکبوو

نووسین هاوکاری کردم تا بەردەوامبم.

•

تیمساحەکان

سەد ساڵ دەژین

گوڵەکان سێ رۆژ دەژین

کەچی ئێمە گوڵ

پێشکەشی یەکتر دەکەین.

•

**هەموو بەیانییەک بڕیار دەدەم**

**تووڕە نەبم و ڕۆژێکی ئارام بگوزەرێنم**

**دواتر چاوم بە هەندێ دەبەنگ دەکەوێ**

**وا دەکەن ئەو شتە مەحاڵ بێ.**

•

**لە هەموویان بەختەوەرتر بووم،**

**ئەوان پۆزەتیڤبوون و غەمگینبوون**

**من نێگەتیڤبووم و شادبووم.**

•

**ژیان هیچ نییە جگە کێشە.**

•

**کارەساتەکان یەک ڕەگیان هەیە.**

•

**هەرگیز بێزار نەبوویمە لەوەی کە تەنیام**

**هەمیشە پەرۆشی گۆشەگیریم و**

**وجودیشم لە ئاهەنگ**

**یا لە یاریگەیەکی پڕدا**

**کە خەڵک هوتاف بۆ شتێک لێدەدەن**

**واملێدەکا هەست بە تەنیایی بکەم.**

•

**ژیان**

**بۆ ئەوانەیە**

**کە بوێرن.**

•

**بەوانە باوەڕ مەکە**

**کە داوای ڕاستگۆییت لێدەکەن.**

•

دوای ئەوەی دوو کەس

بۆ ماوەی هەشت نۆ سعات

دەمەتەقێ دەکەن

جۆرێکی سەیر

لە برایەتی لەنێوانیان پێدەگا.

•

چۆن دەتوانی بڵێی

یەک کەسم خۆشدەوێ

لەگەڵ ئەوەیش کە هەزاران خەڵک هەن

ئەگەر چاوت پێیان بکەوێ زیاتر خۆشتدەوێن؟

•

ئێوە دنیا رزگار بکەن و

منیش دەنووسم چۆن رزگارتان کرد.

•

**هەر یەک لە ئێمە**

**لە کۆتاییدا تەنیا دەمێنێتەوە.**

•

**کاتی خۆمم پێدان و**

**ئەوەش هەموو شتێکە**

**کە من هەمە.**

•

**جوانیی هیچ نییە**

**جوانیی بەردەوام نابێ**

**ئای تۆ چەند بەختەوەری کە ناشرینی**

**چونکە دەزانی**

**ئەگەر خەڵک خۆشیانبوێی**

**ئەوە لە پێناو شتێکیترە.**

•

**زۆرینەی خەڵک شێتن**

**ئەوەی کە شێتیش نییە تووڕەیە و**

**ئەوەیش کە نە شێتە و نە تووڕەیە تەنیا دەبەنگە.**

•

**من کۆمەڵێک سەرکەوتنی بچووک و**

**دۆڕانی گەورەم**

**سەرم سوڕماوە**

**چۆن لەوێوە گەیشتوومەتە ئێرە و**

**هیچ تاوانێکی کووشتنیشم ئەنجام نەداوە.**


•

**ژیان یارییێکی ماندووکەرە، هەر**

**ئەوەی بەیانی پێڵاوت لە پێ بکەیت**

**بە سەرکەوتن دەژمێردرێ.**

•



**Milan Kundera**

**میلان کوندێرا (1929_      )**

**نووسەر و فەیلەسوفی چیکی_فڕەنسی.**

**ئیدانەکردنی ئەو کەسانەی**

**کە نازانن چیدەکەن**

**کارێکی بەربەریانەیە.**

•

**ئەگەر  سەری گۆڕێک بە بەردێک دابخەین**

**ئەوە یانی ئارەزووی**

**گەڕانەوەی مردووەکە ناکەین،**

**بەردی قورس پێیدەڵێ: لە کوێ لەوێ بمێنەوە.**

•

داهێنان بوونەوەرێکە

بەرگەی خۆشاردنەوە ناگرێ.

•

پەیوەندی سێکسی بەبێ

خۆشەویسیی شتێکی بێ مانایە.

•

فکرەکانیش

دەتوانن ژیان رزگار بکەن.

•

هەندێجار

رق وەک کحول

خەڵک سەرخۆش دەکا.

•

کاتێ گرنگی بە جەستەمان نادەین

بە ئاسانی دەبینە قوربانی ئەو.

•

دەیزانی کە زۆر شێواز هەیە

بۆ سەرنجڕاکێشانی ژن و

دڵنیاترین ڕێگەش

ژەنینی وەتەری خەمەکانییەتی.

•

ئازادیی نییە بۆ دوژمنانی ئازادیی.

•

ئێمە لاوازین

بەرانبەر ستایش.

•

غەڵبە غەڵبیش باشیی خۆی هەیە،

لە کاتی غەڵبە غەڵبدا

ناتوانین وشەکان جیاکەینەوە.

•

غیرە وەک ژانێکی بەهێزی ددان وایە

لێناگەڕێ هیچ کەس هیچ شتێ بکا،

هەتا ناتوانێ داشبنیشێ،

دەبێ بەردەوام بێ و بچێ

هیچ نەکا بەردەوام بێ و بچێ.

•

کاتێ دڵ قسە دەکا

گونجاو نییە بۆ عەقڵ

ناڕازیبێ.

•

هەستی دەکرد پیرە و ئارەزووی هیچ ناکا

جگە لە کەمێ دڵنیایی و ئارامیی.

•

هەرچەند زیاتر لە مەرگ

نزیک دەکەوتەوە ئەوەندە زیاتر

لە نەمریی نزیک دەکەوتەوە.

•

دۆستایەتی بە ژمارەی ئەو وشانەی

دوو کەس دەیگۆڕنەوە پێوانە ناکرێ.

•

ئەوەی لەو کڵێسەیەدا بەبێ ژوان و

بە رێککەوت بینیم خوا نەبوو، جوانیی بوو.

•

هەرچی لە هەڵبژاردنەوە

بەرهەم نەهاتبێ

ناتوانرێ نە بە شایستە و

نە بە فەشل دابنرێ.

•

_ئایە ئەوە راستە دەنگمان بەرز

بکەینەوە کاتێ کەسێک پیاوێک

بێدەنگ دەکا؟

_بەڵێ.

•

ئێستا ئاشکرابوو

کە ئەوساڵانە،

لە یادکردنەوەدا جوانترن لە واقیع.

•

هەمیشە بە گوێرەی پێویست
دەبەنگ هەن تا وەڵامبدەنەوە،
دەبەنگەکان هەموو شت دەزانن.

•

سازبوونی کێشە، بۆ من
جوانترین چرکەیە
بۆ تاقیکردنەوەی زیرەکییم.

•

خەڵک هاوسەرگیریی دەکەن و منداڵ دەنێنەوە و
کارەکانیان هەڵدەبژێرن و ئەو ڕۆژەی
کە لە زۆر شت دەزانن و تێدەگەن
ئیدی کات درەنگ کەوتووە، چونکە ژیانیان لە قۆناغێدا
کە بە ڕەهایی هیچیان نەدەزانی شێوەی خۆی وەرگرتووە.

•

کەسانی وابەستە زۆرترینجار

لە ئیلهامبەخشەکانیان توندڕەوترن.

•

کاتێ ژان بەهێز دەبێ، جیهان

نامێنێ و هەر یەکێکمان بە تەنیا

لەگەڵ خۆیدا دەمێنێتەوە.

•

گەورەترین کارەسات بۆ پیاو

هاوسەرگیرییێکی بەختەوەرانەیە،

چونکە ئیدی ئومێدی تەڵاقدانی نامێنێ.

•

سەرەڕۆیی ڕێگەیەکە بۆ تێگەیشتن لە جیهان.

•

ئەی ڕێزداران.. چ خەمێکە کەسێ بژیت و
نەتوانێ هیچ شت و
هیچ کەسێ بە جددی وەربگرێ.

•

کات بە شێوەیەکی بازنەیی ناڕوا
بەڵکو لە ڕاستەهێڵکدا بەرەو پێشەوە دەچێ،
هەر لەبەر ئەوەیە مرۆڤ ناتوانێ بەختەوەربێ،
چونکە بەختەوەریی ئارەزووە بۆ دووبارەکردنەوە.

•

ئەوەی لە ئەبەدییەت دەژی خەم
ناناسێ، دەزانێ ژیانی مرۆڤ لە
چرکەیەک زیاتر ناخایەنێ و گەیشتن
بەوانەیش کە مردن لێی بردووین زۆر نزیکە.

•

پەیکەرێکی یادەوەریت

لە زاکیرەتدا بۆ من درووستکردوە،

ناشێ رێ بدەین بیرووخێنی.. تێمبگە،

حەقت نییە، حەقت نییە ئەو کارە بکەیت.

•

ئێمە بۆیە کتێب دەنووسین چونکە

منداڵەکانمان گرنگیمان پێنادەن..

بۆ جیهانێکی نایار دەدوێین چونکە

هاوسەرەکانمان گوێیان دادەخەن

کاتێ قسەیان لەگەڵ دەکەین.

•

رێژەی دەبەنگیی تاک هەرچەند

بەرزتربێ ئەوەندە زیاتر حەز لە زۆربوون دەکا.

•

دڵەکانتان لە دەستی ئەوانە دەربێنن

کە شایەنی نین.

•

دەزانی چی؟ من ژنێکی ڕێکخراو نیم،

حەز دەکەم شتەکان بجوولێن و

بخولێنەوە و گۆرانی بچڕن..

بە کورتی: من ژیانم خۆشدەوێ.

•

زوو پەیوەست مەبە،

چونکە زۆرینەیان ڕێبوارن.

•

کاتت بۆم نەبێ شوێنم بۆت نییە.

•

شتە جوانەکان

ئەگەر گرنگیان پێنەدرێ دەڕۆن.

•

ڕۆمان دەرفەتی ڕاکردنی خەیاڵیمان پێدەبەخشێ و

لەو ژیانە داماندەماڵێ

کە هیچ درەفەتێکی ڕازیبوونی پێنەبەخشیوین.

•

هیچ شتێ لەوە بێماناتر نییە

کەسێ بیەوێ شتێ

بۆ دەبەنگەکان بسەلمێنێ

بۆیە ئەگەر یەکێکی بیرداخراو

لە بەرانبەرتبێ پێیبڵێ:

تکایە دەمت داخە.

•

ئای لە شێتایەتی وشە فریودەرەکان،
من باوەڕم بە بێدەنگییە زیاتر
لە جوانیی و هەر شتێکی دیکە،
ئای لە خۆشبەختی ئەوانەی
بە بێدەنگیی تێدەگەن.

•

زەمەنێکی درێژە زانیومانە
ئیدی ناتوانین ئەو جیهانە بگۆڕین و
بەرەو باشتری ببەین،
ناشتوانین ڕۆیشتنی کەساسیی
بەرەو پێشەوە ڕاگرین
تەنیا تاکە بەرگرییێک
بە دەستمانەوە مابێ ئەوەیە:
بە جددی وەری نەگرین.

•

**متمانە و تێکگەیشتن**

**لە هەموو خۆشەویستییێک**

**گەورەتر و جوانترن.**

•

**مرۆڤ هیچ نییە**

**جگە لە تەنیایی،**

**تەنیایەک**

**بە تەنیاکان دەورەدراوە.**

•

**ئەگەر لە بەزەیی پێهاتنەوە**

**کەسێکمان خۆشویست**

**ئەوە یانی:**

**بەڕاستی خۆشماننەویستووە.**

•

**مرۆڤی باش پێدەکەنێ، زۆرجار خەڵک دەبەخشێ**

**هەر شتێ ئازاری بدا بەلاوەی دەنێ و**

**کەسیش نازانێ چی لە ناخدایە.**

•

**خۆشەویستی حەزێکە بۆ دۆزینەوەی**

**نیوە ونبووەکەیترمان لە دەرووغان.**

•

**پرسیاری ترسناک ئەوانەن**

**کە منداڵ دەریدەبڕن،**

**تەنیا ئەو پرسیارانەی**

**کە زۆرترین بەرائەتیان تێدایە**

**پرسیاری خەتەرناکن،**

**ئەو پرسیارانەن کە وەڵامیان نییە.**

•

پیاوێکی چیکی داوای ڤیزەی کرد،

فەرمانبەرەکە لێیپرسی:

دەتەوێ بچیتە کوێ؟

پیاوکە وەڵامیدایەوە: گرنگ نییە.

فەرمانبەرەکە گۆی زەوی بۆ هێنا و

گوتی: زەحمەت نەبێ وڵاتێک هەڵبژێرە.

پیاوەکە بە هێمنی

گۆی زەوییەکەی خولاندەوە و

گوتی: گۆی زەوییێکی دیکە نییە؟

•

باوەڕم پێبکە

یەک کتێبی قەدەغەکراو

لە وڵاتەکەت گرنگی زیاترە

لە ملیاران وشە کە زانکۆکانمان فڕێیدەدەن.

•

له خۆشبەختی مرۆڤایەتی

جەنگە گەورەکان پیاوان بەڕێوەیان بردووە،

ئەگەر ژنان بەڕێوەیان بردبا

وەحشیانەتر دەبوو،

بەشەرییەت کۆتایی پێدەهات.

•

مرۆڤ ناچارە بە مەعریفە،

مرۆڤ بەرپرسە لە جەهلی،

جەهل گوناهە.

•

ئایە ئەوە زەروورەت نییە

بیر لە جۆری ئەو جیهانە بکەینەوە

کە منداڵەکانمانی بۆ دەنێرین؟

•

**قووڵترین برادەرایەتی ئەوەیە**

**کە کەمبوونەوەی دیدار کاری لێنەکا.**

•

**ئەو هیچی نەبوو بۆ**

**رووبەڕووبوونەوەی ئەو جیهانە**

**هیچ و پووچەی کە دەوری داوە**

**جگە لە چەکێک: کتێب.**

•



# Mahmud Darwisch

## مەحمود دەروێش (1941_2008)

### شاعیری عەرەب

**نیشتمانم هەمیشە لەسەر حەق نییە**

**بەڵام ناتوانم مومارەسەی حەقێکی راستەقینە بکەم**

**ئەگەر لە نیشتمانی خۆمدا نەبێ.**

•

**ساڵێ دەڕوا و ساڵێ دێ و**

**هەموو شت لە تۆدا خراپتر دەبێ ئەی نیشتمانم.**

•

**ناوت نانێم ژن، ناوت دەنێم هەموو شت.**

•

**قەینا رابردوومان باشتربووبێ لە ئێستامان**

**بەڵام دۆزەخێکی تەواوە**

**ئەگەر ئێستامان باشتربێ لە ئایندەمان.**

•

**شادیی لە ناکاو هات و ڕۆژگار فێری کردیت**

**خۆت لە شادیی بپارێزیت**

**چونکە خیانەتەکەی زۆر دڵڕەقانەیە.**

•

**بەبێ یادگە هیچ پەیوەندییێکی ڕاستەقینە**

**لە شوێندا وجودی نییە.**

•

**لێیپرسیم: ئایە تۆ + تۆ = دوو؟**

**گوتم: تۆ و تۆ کەمترن لە یەک.**

•

**من قسەم لەسەر چاوەکانم بۆ جێهێشتی،**

**بەڵام پێموایە تێنەگەیشتی.**

•

هۆکارەکانی مردن زۆرن
لە نێوانیاندا ژانی ژیان.

•

شەو مێژووی حەنینە و
تۆش شەوی من.

•

جوانترین شت
لە رێککەوتدا ئەوەیە
چاوەڕوانیی تێدا نییە.

•

شتەکانیشمان وەک ئێمە دەمرن
بەڵام لەگەڵ ئێمە و نانێژرێن.

•

مەرگ ئازاری مردوو نادا

مەرگ ئازاری زیندووان دەدا.

•

لەبیرکردن

راهێنانی خەیاڵە

لەسەر رێزگرتن لە واقیع.

•

گۆشەگیریی

پاڵاوگەیە نەک ئاوێنە.

•

زەوی مەنفایە و

مێژووش کارەسات.

•

**من عاشقێکی بەدبەختم نە دەتوانم بێمە لات و**

**نە دەتوانم بگەڕێمەوە لای خۆم**

**دڵم لێم یاخیبووە.**

•

**ئازادیی من یانی: ببمە ئەو کەسەی**

**کە ئەوانیدی نایانەوێ ببم.**

•

**تامی ئەفسانەکان و خاک..تۆیت.**

•

**هیچ شتێ نایسەلمێنێ کە من**

**زیندووم و هیچ شتێکیش**

**نایسەلمێنێ کە من مردووم.**

•

شەو چ دڵتەنگییێکە

کاتێ شتێ لە دەست دەدەی

کە خووت پێوە گرتووە.

•

وەک چۆن گیا لەنێو دەرەزی بەرد دەڕوێ

ئاوا رۆژێ لە رۆژان

بە غەریبی یەکترمان دۆزییەوە و

هەمیشەش هەر هاوڕێ دەمێنینەوە.

•

پێیگوت:

ناخەوم تا خەون ببینم

بەڵکو دەخەوم

تا لە بیری بکەم.

•

**هیچ خۆشەویستییێک لە خۆشەویستییێکیتر ناچێ و**

**هیچ شەوێکیش لە شەوێکیتر.**

•

**هیچ شتێکم بە دڵ نییە، دەمەوێ بگریم.**

•

**نا..تۆ بە تەنیا نیت،**

**نیوەی گڵاسەکەت بەتاڵە و**

**نیوەکەیتر خۆر  پڕی دەکاتەوە.**

•

**ئەگەر محەمەد دوا پێغەمبەر نەبووا**

**ئەوە هەر باندێک پێغەمبەرێکی**

**دەبوو، هەر ئەسحابەیەکیش ملیشیایەک.**

•

چەند بەختەوەرە

ئەو کەسەی کە نە ماڵئاوایی

لە کەس دەکا و

نە چاوەڕوانی کەسیش دەکا.

•

ئەگەر جارێکیتر

شادیت بۆ هاتەوە

خیانەتی رابردوویت بیرنێتەوە..

بڕۆ نێو شادیی و بتەقەوە.

•

رەوانبێژی

مانا بریندار دەکا و

ستایشی برینەکەی دەکا.

•

**لە شانسی باشم**

**من بە تەنیا دەخەوم و**

**گوێ لە جەستەم دەگرم و**

**باوەڕم بە بەهرەی خۆم هەیە**

**لە ئاشکراکردنی ئازار.**

•

**ئەی خۆشەویستیی**

**هیچ ئامانجێکمان نییە،**

**جگە لە دۆڕان لە جەنگەکانت.**

•

**واقیعێک گەمارۆی داوم**

**ناتوانم**

**بیخوێنمەوە.**

•

ئەگەر سەیری گوڵت کرد و

ئازاری نەدایت و شادبوویت، بە دڵت بڵێ: سوپاس.

•

ئایە دەتوانی سرووشتیی بیت

لە واقیعێکی ناسرووشتییدا؟

•

چاویلکەی نەنکم لە چاو دەکەم

تا دنیای سەردەی ئەوی پێببینم.

•

خۆشمویستی، نەک لەبەر ئەوەی جوانترینی

بەڵکو چونکە قووڵترینی،

هەمیشە عاشقانی جوانیی، دەبەنگن.

•

**دژوارترین جەنگی ژیانت**

**ئەو جەنگەیە کە لەنێوان**

**عەقڵ و دڵت روودەدا،**

**عەقڵت حەقیقەت دەزانێ و**

**دڵت رەتی دەکاتەوە قبوڵی بکا.**

•

**لەگەڵ لە دایکبوونمەوە**

**من غەریبم لەنێو ئەو قەرەباڵغییەدا.**

•

**تەنیایی ئازاربەخشە**

**بەڵام زۆر جوانترە**

**لەو کەسانەی کە تەنیا**

**لە کاتی بێئیشیان تۆیان بیردێتەوە.**

•

یەکێ خۆشەویستیی

بە ژیان دادەنێ و

یەکێکیش بە درۆ،

هەردووکیان راستدەکەن، یەکەمیان:

بە رۆحی گەیشتووە و دووەمیشیان:

لە دەستیداوە.

•

عاشقی تەمەنی خۆمم،

چونکە ئەگەر بمرم

شەرمەزاری فرمێسکی دایکم دەبم.

•

ئایە پێویستمان بە وڵاتێکی نوێیە

یا وڵاتمان پێویستی بە گەلێکی نوێیە؟

•

**_تۆ لە لێواری مردنی،**

**چۆنە کە ئاوا پێدەکەنی؟**

**دەڵێ: ژیانم زۆر خۆشدەوێ**

**بۆیە دەمەوێ بە پێکەنینەوە**

**ماڵئاوایی لێبکەم.**

•

**هەر بەردەوام دەبم**

**لە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە خۆشەی**

**کە لە خەیاڵم درووستمکردووە.**

•

**زۆر لە خۆکردنت بۆ لە یادکردنی**

**کەسێک واتلێدەکا**

**زیاتر بیری لێبکەیتەوە.**

•

من لەبیر ناکەم

من تەنیا شتەکان لە لایەک جێدێڵم.

•

لە دڵمدا شوێن نەماوە بۆ گوللەیەکی نوێ.

•

من زیندووم مادەم هێشتا خەون دەبینم

چونکە مردووەکان خەون نابینن.

•

ئێستا شاهێدی دەدەم

کە حزوورت مەرگێکە و غیابت دوو،

ئێستا لەسەر خەنجەر دەڕۆم و ستران دەخوێنم و

مەرگیش زانی کە خۆشمدەوێی.

•

خەیاڵم

بەشم ناکا

تا گەشتەکەم تەواوکەم.

•

من لەوانەم

کاتێ خۆشەویستیی دەکەن

دەمرن

•

شتێکم کەمە

لەوانەیە ئومێدبێ

لەوانەیە لەیادکردنبێ

لەوانەیە هاوڕێ بێ

لەوانەشە خۆم بم.

•

وریای دڵتبە،

زیاد لە پێویست

نازی مەکێشە و

زیاد لە پێویستیش

فەرامۆشی مەکە.

•

هیچ شتێکم

لە خۆشەویستیی ناوێ

جگە لە دەستپێک.

•

دڵی مەهجور

وەک بیرێک وایە

کە ئاوی تیادا وشکبووبێ.

•

**جیاوازیی گەورە هەیە**

**لە نێوان کەسێ کە فرمێسکت دەسڕێتەوە و**

**کەسێکیش کە لە گریان دوورت دەخاتەوە.**

•

**رووخسارم یەکە و مەرگیش یەک.**

•

**ئەی زیندووانی ژێر خاک بگەڕێنەوە**

**چونکە خەڵکانی سەرزەمین مردن.**

•

**هەرکەسێ ئێستا،**

**لەو بەیانییەدا خۆشەیستیی نەکا**

**هەرگیز خۆشەویستیی ناکا.**

•

هەستم لە مندا پازدەدا،

چەترێ هەڵدەکا و لە ژێر باراندا رێدەکا..

هەستم کردەیەکی دەرەکییە وەک باران.

•

سێ شت کۆتاییان نایە،

تۆ و خۆشەویستیی و مەرگ.

•

رۆژێ لە رۆژان تەنیا دەبیتە بیرەوەری

لە دڵی هەندێ کەسدا، وریابە تا ببیت

بە بیرەوەرییێکی جوان.

•

هەموو عەیبەکانتم خۆشدەوێ جگە لە غیابت.

•

لە تاریکییمدا مانگ هەڵدێ.

•

ئەگەر بمتوانیبا قسە لەگەڵ خوا بکەم

دەمگوت: خودای من.. خودای من

بۆچی وازت لە من هێنا کە من

جگە لە سێبەری سێبەرت هیچ شتێ نیم و

هەڵتداومەتە نێو تەڵەی پرسیارەکان؟

•

دەستتم دەوێ تا دڵمی پێهەڵگرم.

•

پێمبڵێ: بەیانی باش..یا هەر شتێکیترم پێبڵێ،

تا ژیان نازی خۆیم پێبدا.

•

**له نەزانیم ناوم لێنای: نیشتمان،**

**له بیرم کردبوو که نیشتمانەکان تاڵان دەکرێن.**

•

**تۆ خۆشەویستیی من نیت،**

**تۆ پرۆژەی خۆشەویستیی منیت**

**بۆ زەمەنی داهاتوو،**

**تۆ پرۆژەی چیرۆکی داهاتووم و**

**شادیی داهاتووی منیت..**

**تۆ هەموو پرۆژەکانی تەمەنی منیت.**

•

**له شته بچووکەکان بیره گەورەکان له دایکدەبن و**

**ریتم له وشەکانەوە نایه بەڵکو له یەکبوونی دوو**

**جەستەوە دێ له شەوێکی درێژدا.**

•

یادگەش پێویستی بە کەسێ هەیە

فەوزاکانی ڕێکبخا.

•

مەرگیش وەک من

لە ناکاو عاشق دەبێ و

وەک منیش

حەز بە چاوەڕوانی ناکا.

•

کاتێ خۆشەویستیی کۆتایی دێ

بزانە کە ئەوە خۆشەویستیی نەبووە،

خۆشەویستیی

پێویستە بژیێ

نەك یادی بکرێتەوە.

•

لەسەر حەقیقەتی سپی

بە حوبری قەلەڕەش بنووسە و

لەسەر حەقیقەتی رەشیش

بە رووناکیی سەراب.

•

نیشتمان چییە؟

نیشتمان شەوقە بۆ مەرگ

لە پێناو گەڕاندنەوەی حەق و خاک

نیشتمان تەنیا خاک نییە

بەڵکو خاک و حەقە بە یەکەوە، و

حەق لای تۆیە خاکیش لای ئەوان.

•

لەقەرەباڵغیدا، بیری خۆت دەکەیت.

•

له شەقامەکانی جەستەتدا

کۆچ راوی دەنام و

له کۆڵانەکانی جەستەتدا کۆچ گەمارۆی دەدام،

بێدەنگیم لەسەر لێوەکانت جێدێڵم و

دەنگیشم لەسەر پەیژەی سێدارە

وەک ئەوەی خۆشمبوێی.

•

چاو له تۆ و

قەسیده له من.

•

لەوانەیە هێشتا

له شوێنێ له شوێنەکاندا زیندووبم و

دەشزانم کە چیمدەوێ.

•

هیچ شتێ لە هیچ شتێ ناکا و

هیچ کەسیش جێی غیابی کەس پڕ ناکاتەوە

شتەکانمان جیان

ئەگەر لە دەستیان بدەین بەدیلیان نییە.

•

تۆ حەقیقەتی منیت و منیش پرسیارتم.

•

لەو جەنگە پەشیمان مەبەوە

کە پێیگەیاندووی.

•

پاڵەوانییەتیش

مێژووی بەسەرچوون هەیە.

•

ئەگەر قاوەخانە کۆنەکانیان

بۆ گەڕاندیەوە

ئەی کێ برادەرەکانت بۆ دەگەڕێنێتەوە؟

•

ئەی رابردوو

هەر کاتێ لێت دوور بکەوینەوە مەمانگۆڕە،

ئەی ئێستا کەمێ بەرگەمان بگرە

ئێمە هیچ نین جگە لە رێبواری رەزاگران،

ئەی ئاییندە لێمان مەپرسە ئێوە کێن و

چیتان لە من دەوێ؟ ئێمەیش ئەوە نازانین.

•

حەرفە دڕدۆنگەکان برسی وێنەن و

وێنەش تێنووی مانایە.

•

**بە گوێرەی پێویست**

**رابردووم هەیە و**

**لە سبەینێم کەمە.**

•

**پێویستە خەون**

**وەک سرووش**

**رابەرایەتی خەونبین بکا.**

•

**دەڵێی:**

**دەستت**

**تاکە شوێنە..**

**دەڵێی: دەستت وڵاتە..**

**ئاهـ لە نیشتمانێک لە جەستەدا.**

•

من ئەمڕۆ بە بۆنەی تێپەڕبوونی
ڕۆژێک بەسەر ڕۆژی ڕابردوو
ئاهەنگ دەگێڕم و بەیانی بە بۆنەی
تێپەڕبوونی دوو ڕۆژ بەسەر دوێنێ
ئاهەنگ دەگێڕم و پێکێ بۆ دوێنێ
بە یادی ڕۆژی داهاتوو دەخۆمەوە و
ئاوا ژیانم بەردەوام دەکەم.

•

قاوە، بۆ یەکێ کە وەک من
خووی پێوەگرتبێ کلیلی ڕۆژە.

•

وەرە خیانەت لە غیاب بکەین و
یەکتر ببینین.

•

**دەڵێ: کەی یەکتر دەبینین؟**

**دەڵێم: دوای ساڵێك و جەنگ.**

**دەڵێ: کەی جەنگ کۆتایی دێ؟**

**دەڵێم: کاتێ یەکتر دەبینین.**

•

**نە بە تەواوی جێمبێڵە و**

**نە بە تەواوی بمبە،**

**لە شوێن و زەمەنی درووستم دانێ،**

**هەر تۆی ڕێگا و هەر تۆی ڕێبەر.**

•

**خۆشەویستیی یەکەم نامرێ،**

**بەڵکو خۆشەویستییێکی ڕاستەقینە دێت**

**تا بە زیندوویەتی بینێژێ.**

•

ئەگەر بە هەموو هێزت هاوارت کرد و

لەولا سەدا وەڵامی دایتەوە،

بە شوناس بڵێ: سوپاس.

•

هەموو ئەوانەی مردن

بە سەیری لە ژیان رزگاریان بووە.

•

من باشم

مادەم هێشتا

چاوم دەبینێ و

مادەم هێشتایش

لە ئاسماندا

مانگ هەیە.

•

له پەرۆشیدا دەمرم

بە سووتان دەمرم

بە سەربڕین دەمرم

بەڵام ناڵێم:

خۆشەویستیمان رابرد و مرد

خۆشەویستییمان نامرێ.

•

خۆشەویستیی ئەوە نییە

لە دنیات دابڕێنم،

خۆشەویستیی ئەوەیە

لەناو قەرەباڵغیدا

بە جێتبێڵم و

بە تەواویش بزانم

کە دڵت هی منە.

•

سەرباری هەموو ئەو شتانەی
کە دەیڵێین و دەینووسین
هێشتا لە دڵدا
شتی گەورەتر دەمێنێ
لەوەی کە دەگوترێ.

•

هەرگیز لەگەڵ مێ توند نەبن
جگە لە کاتی لە باوەشگرتنیدا.

•

واملێهاتووە
کوالێتی خەڵک بەوە دەناسم
کاتێ قسە لەسەر کەسانیتر دەکەن
نەک لەسەر خۆیان.

•

ژیان فێری خۆشەویستییت دەکا

ئەزموون فێرت دەکا کێت خۆشبوێ

هەڵوێست فێرت دەکا کێ خۆشیدەوێیت.

•

مێژوو گاڵتە

بە قوربانییەکانی و

بە پاڵەوانەکانی دەکا

نیگایەکیان تێدەگرێ و

تێدەپەڕێ.

•

ئێستا سەعات: منە

تۆی دەوێ

بە کاتی دڵم.

•

**خەونم بینی**

**کە خەونێکم هەیە**

**هەڵمدەگرێ و هەڵیدەگرم**

**تا دوا دێر لەسەر مەڕمەڕی گۆڕ**

**دەنووسم: خەوتم تا بفڕم.**

•

**هیچ شتێ وەک خۆی نامێنێ**

**لە دایکبوون کاتی خۆی هەیە و**

**مردن کاتی خۆی هەیە و**

**بێدەنگیی کاتی خۆی هەیە و**

**قسەکردن کاتی خۆی هەیە و**

**جەنگ کاتی خۆی هەیە و**

**ئاشتیی کاتی خۆی هەیە و**

**کاتیش کاتی خۆی هەیە.**

•

له بەدبەختیت لەبیرم کرد کە شەو درێژە و

لە خۆشبەختیت تا بەیانی یادم کردی.

•

بەشێکم لای خۆمە و

بەشێکم لای تۆیە

بەشێکم موشتاقی بەشەکەیترمە

ئەرێ تۆ بۆ نایەیت؟

•

چ بەخشندەبوو

ئەو کلوە شەکرە،

هەرچی هەیبوو

بەخشییە _چایە_کە و

دواتر خۆی ونبوو.

•

زۆر متمانە مەکە

زۆر خۆشەویستیی مەکە

زۆر ئومێد مەکە، چونکە ئەو "زۆر"ە،

زۆر ئازارت دەدا.

•

هیچ کاتێکم نییە بۆ رقی ئەوانەی

کە رقیان لێمە

من بە خۆشەویستیی ئەوانە سەرقاڵم

کە خۆشیاندەوێم.

•

ئایە غیاب دەتکوژێ؟

من ئەو حزوورە بێ نوورە دەمکوژێ

کە لە عەدەم دەچێ.

•

هەموو فەرەنساش بگوشییە

نێو شووشەیەکی عەتر

بۆنەکەی ناگاتە بۆنی ئەو کەسەی کە خۆشماندەوێ.

•

_کوا برادەرەکانت؟

_هەموو ئەوانەی دەیانناسم

بە رووداوی متمانە مردن،

یەکێکیان رزگاری نەبوو.

•

ئێمە ئەو قوربانیەین

کە هەموو جۆرە کووشتنێک و

نوێترین چەکمان پێتاقیکراوەتەوە بەڵام ئێمە

ئەو شتە سەیرەین کە نامرێ و ناشتوانێ بمرێ.

•

کاتێ دەتانەوێ کۆچکەن، بڕۆن..

بەڵام هەرگیز مەگەڕێنەوە،

بە وەفابن بۆ رۆیشتنتان

با ئێمەیش دڵسۆزبین

بۆ لەبیرکردنتان.

•

منداڵێکی بەختەوەر نەبووم تا بڵێم:

هەمیشە دوێنێ جوانترە.

•

تەمەنت هەرچەندبێ

خۆت دەبینیەوە هەندێ رەفتاری منداڵانە دەکەیت

لە دانیشتن لەگەڵ ئەو کەسانەی

کە زۆر ئارامیت لەگەڵیان.

•

من ناگریم.. هەموو مەسەلەکە ئەوەیە
غوباری حەنین چۆتە چاوم.
•

ئەگەر دەتەوێ
لەگەڵ هەڵۆ ململانێ بکەیت
لەگەڵی بفڕە.
•

ئاوا بۆی بدوێ وەکچۆن نای
بۆ وەتەرێکی ترسنۆکی کەمانێک دەدوێ.
•

رۆحم سووکە و
جەستەشم بە بیرەوەری و خەڵک گران.
•

خۆشەویستیی ئەوەیە

لەسەر بچووکترین و

گەورەترین شت

گلەییت لێبکەم و گلەییم لێبکەیت و

لەسەر گەورەترین هەڵەش

بتبەخشم و بمبەخشیت.

•

خاک جەژنی دۆڕاوانە و

ئێمەش لەوانین.

•

کەسم نەدۆزییەوە

تا بپرسم:

کوێم لە کوێیە؟

•

ئای دایە.. شەو چ گورگێکی برسی و خوێنڕێژە،

غەریب بۆ کوێ بڕوا، راوی دەنێ.

•

پێمڕامەگەیەنە دوای من بۆ کوێ دەچیت و

دوای تۆ بۆ کوێ دەچم..

دوای؛ _دوای تۆ_ بوونی نییە.

•

دەیانەوێ بمرم

تا ستایشم بکەن.

•

مەرگ ئەوەیە،

مەرگ ببینی.

•

بریا دەمانتوانی کەمتر یەکترمان خۆشبوێ

تا زیاتر ئازارمان نەچێژتبا.

•

سڵاو لەو خاکەی کە بۆ ئاشتی خولقاوە و

رۆژێ لە رۆژانیش ئاشتی نەبینیوە.

•

رۆژێ لە رۆژان گوتمان:

بە مردن نەبێ جیانابینەوە،

مەرگ تاخیربوو، ئێمە جیابووینەوە.

•

ئەی ژیان وەک شادیی رەزیل مەبە..

بەخشندەبە وەک خەم، وەک چاوەڕوانیی، وەک زستان.

•

چیدەبێ ئەگەر لە رووداوی خۆشەویستییدا
دڵ و دڵێکیتر ئاوێتەبن؟
•

وەک غەریبێک لە دوورەوە چاودێریت دەکەم..
بۆ بەختەوەریت بزە دەکەم و دڵیشم دەسووتێ..
چیبکەم؟
•

بە مردوویەتی خۆشیاندەوێم
تا بڵێن: لە ئێمە بوو، هی ئێمە بوو.
•

لە خەونێکەوە دەفڕم بۆ خەونێکیتر و
ئامانجێکی کۆتایشم نییە.
•

خۆشەویستیی وەک قاوە وایە،

کەمی لێبخۆیتەوە

تێنوویەتیت ناشکێنێ و

زۆریشی لێبخۆیتەوە

لێی تێر نابیت.

•

جیانەبووینەوە

بەڵام هەرگیز

چاومان بە یەکتر ناکەوێتەوە.

•

ئەوانەی هاتبوونە پرسەکەم

ئەوەندەیان لە باوەش کردم،

دوو پەراسوویان شکاندم و دەفن بوون.

•

**له قانونی خۆشەویستیدا**

**ئەو بەیانیەی کە لە خۆشەویستەکەتەوە**

**گوێت لە _بەیانی باش_ نابێ**

**دنیا هەر شەو دەمێنێتەوە تا کاتێکی نادیار.**

•

**مردنم ناوێ مادەم هێشتا**

**لەسەر زەوی شیعر و**

**ئەو چاوانە هەن کە ناخەون.**

•

**بە شێوازێ خۆشمویستی**

**ئومێدم دەکرد**

**کەسێ بەو شێوازە**

**خۆشیبوێم.**

•

هۆكارێكم نەدۆزییەوە تا بپرسم:
ئەو كەسە غەریبە كێیە و لە كوێ ژیا و
چۆن مرد؟ چونكە هۆكارەكانی مردن زۆرن،
یەكێ لەوان، ژانی ژیانە.

•

دەتوانی چەند بمكوژی تا هاواركەم:
خۆشمدەوێیت..بۆ ئەوەی بحەسێیتەوە؟

•

ئێستام هەورە و بەیانیم باران.

•

وەک خۆشەویستییێكی راگوزەر و
وەک گوڵێک لە شەودا..لەبیر دەكرێی.

•

شەهادەی زانکۆ و چوار کتێب و سەدان وتار

کەچی هێشتا لە خوێندنەوەدا هەڵە دەکەم..

بۆم دەنووسی: بەیانی باش.

من ئاوای دەخوێنمەوە: خۆشمدەوێی.

•

فەیرۆز ئەو گۆرانیەیە کە هەمیشە

لەبیر دەکا گەورە ببێ، ئەو بیابان بچووک دەکا و

مانگ گەورە دەکا.

•

ئەی ناوم: ئێستا ئێمە لە کوێین؟

بڵێ: ئێستا چییە، بەیانی چییە؟

زەمەن چییە و شوێن چییە و قەدیم چییە و نوێ چییە؟

رۆژێ لە رۆژان دەبینە ئەوەی کە دەمانەوێ.

•

ئاهـ ئەی برینی خۆبەزلزانم،

نە نیشتمانم جانتایە و

نە منیش موسافیر،

من عاشقم و خاکیشم خۆشەویستم.

•

وەک خۆشەویستییێکی ڕاگوزەر و

وەک گوڵێک لە بەفردا لە بیر دەکرێیت،

باوەڕ دێنم کە من

ئازاد و زیندووم

کاتێ لە بیر دەکرێم.

•

نەمبیستوو دوو عاشق


بە یەکتر بڵێن: سوپاس..

هەرگیز نەمبیستووە دوو عاشق

بە یەکتر بڵێن: سوپاس..

بەڵام سوپاس بۆ تۆ چونکە تۆ خۆتی.

•



Gabriel García Márquez

**گابریک گارسیا مارکیز (2014_1927)**

**نووسەری کۆڵۆمبی.**

**منداڵەکان**

**شێتییان بە میرات**

**لە باوکەکانیان بۆ دەمێنێتەوە.**

•

**هیچ کەس**

**شایەنی فرمێسکت نییە،**

**کەسێکیش کە شایەنیبێ**

**لێناگەڕێ هەڵیوەرێنی.**

•

**مرۆڤایەتی**

**وەک سوپاگەلێک وایە لە جەنگدا،**

**پێشکەوتنی بە خێرایی**

**لەسەرخۆترین تاکەکانییەوە پەیوەستە.**

•

**مرۆڤ ئەو کاتە نامرێ کە دەیەوێ،**

**مرۆڤ ئەو کاتە دەمرێ کە دەتوانێ.**

**•**

**زۆرترینجار شێتە ئاشتیخوازەکان**

**ئەوانەن کە پێش ئایندە کەوتوون.**

**•**

**مرۆڤ تەنیا ئەو جارە لە دایکنابێ**

**کە لە دایکیان دەبن، بەڵکو ژیان**

**وا لە مرۆڤ دەکا لە خۆیان لە دایکبن.**

**•**

**غیرە**

**لە حەقیقەت زیاتر دەزانێ.**

**•**

**من دەوڵەمەند نیم، من هەژارم و پارەم هەیە**

**ئەوە شتێکی تەواو جیایە.**

•

**پێمدەگوت: هەرگیز شتێ مەدزە**

**کە مرۆڤ پێویستییەتی بیخوا.**

•

**مرۆڤ ناگەڕێتەوە شوێنێک**

**کە کەسانی مردووی لەژێر خاکەکەیدا نەبێ.**

•

**تەمەن ئەوە نییە کە پێیدەگەین**

**بەڵکو ئەوەیە کە هەستی پێدەکەین.**

•

هێنانەوەی رابردوو

ناتوانێ ئایندە رزگار بکا.

•

شەرم تارماییێکە

ناتوانرێ ببەزێندرێ.

•

کۆبوونەوەی پیر لەگەڵ پیر

وا دەکا کەمتر هەست بە پیریی بکەن.

•

لەو شارە بە گوللە نامانکوژن

بەڵکو بە بڕیار دوای بڕیار.

•

**کێشەی ژیانی گشتی ئەوەیە**

**فێربی بەسەر ترسدا زاڵبیت و**

**کێشەی ژیانی هاوژینیش ئەوەیە**

**بتوانی بەسەر وەڕسیدا زاڵبی.**

•

**ئەگەر سڕینەوە بە دەست من بووا**

**ئەو ساڵانەم دەسڕییەوە کە زیاد لە پێویست باشبووم و**

**ئەو ساویلکەییەشم دەسڕییەوە**

**کە گەیشتبووە ئەوەی باوەڕبێنم**

**هەموو کەس پاکن.**

•

**کاتێ زانیم بە کەلک هیچ نایەم**

**هەستمکرد دەبمە نووسەر.**

•

چاوەڕێ مەکە هەموو هەمان ڕەوشت و

پەرچەکرداری تۆیان هەبێ..

بەڵێ، قوڕ هەر قوڕە

بەڵام ڕۆحەکان لێکجیان.

•

نیشتمانپەروەریی هیچ نییە

جگە لە داهێنانێک کە حکومەت دایهێناوە

تا سەربازەکان لە پێناویدا بە خۆڕایی بجەنگن.

•

بیری خراپ

لە سەرت دەرکە

دەبیتە یەکێ لە ئەهلی

خۆشبەختی.

•

**هەمیشە لەبیرتانبێ رابردوو**

**جگە لە درۆ هیچ شتێک نییە و**

**زاکیرە هیچ رێگەیەکی نییە بۆ گەڕانەوە و**

**هیچ بەهارێکی کۆنیش ناگەڕێندرێتەوە.**

•

**هەمیشە شتێ دەمێنێ تا خۆشمانبوێ.**

•

**من ناتناسم بەڵام دەزانم کە خۆشمدەوێی.**

•

**پێویستە تەنیا ئەو کتێبانە بخوێنینەوە**

**کە ناچارمان دەکەن جاریتر بیانخوێنینەوە.**

•

**ئەگەر دوو چاوت هەیە بۆچی**

**بە گوێیەکانت خەڵک دەبینی؟**

**چی لە خەڵک دەبینی ئاوا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکە**

**نەک چییان لەبارەوە دەبیستی.**

•

**مەبە ژانێکی دیکە**

**بۆ هەموو ئەوانەی کە بە خەم بارگرانن.**

•

**نە زۆر گرنگی بە کەسێک بدەن و**

**نە گلەیشی لێبکەن، بە دوای کەسدا رامەکەن**

**تا وجودی خۆتانی بێننەوە یاد و**

**زۆر باشیش بزانن کەسێ کە یەکێکی خۆشبوێ**

**نە دەگۆڕێ و نە لە بیریشی دەکا.**

•

ئەگەر پێتوایە

دەتوانی بەبێ نووسین بژی،

مەنووسە.

•

گرنگیدان بە شێوە گرنگە

بەڵام گرنگیدان بە عەقڵ گرنگترە.

•

هەمیشە بەیانی هەیە و

ژیان دەرفەتمان پێدەبەخشێ

تا شتی باشتر ئەنجامبدەین

بەڵام ئەوە رۆژی کۆتاییمە و

دەمەوێ بڵێم: زۆرم خۆشدەوێیت و

هەرگیز لەیادت ناکەم.

•

**که یەکێ پیر دەبێ واز لە خەونبینین ناهێنێ**

**بەڵکو ئەو کاتە پیر دەبێ**

**کە واز لە خەونبینین دەهێنێ.**

**•**

**لەوانەیە ئەورۆ دواجاربێ**

**کە خۆشەویستەکانتی تێدا دەبینی**

**زیاتر چاوەڕێ مەکە،**

**بە خێرایی هەڵسوکەوت بکە**

**چونکە لەوانەیە بەیانی نەیەت.**

**•**

**برادەر  لە کردارییەوە بناسە نەک**

**لە قسەیدا و خۆشەویستیش لە**

**گرنگیدانی بناسە نەک لە زمانی.**

**•**

ئاواتەکانم ئەوەبوو دایکم ناچارم نەکا

چێشت بخۆم و ڕێگە بدا

عەسران لە باخچەدا یاری بکەم و

باوکم پایسکلێکم بۆ بکڕێ و

مامۆستا ئەستێرەیەک لەسەر دەستم بکێشێ،

ئای ئێستا چۆن شتەکان هەمووی ئاڵۆزبوون؟

•

خۆشەویستیی لە هەموو زەمەن و

شوێنێکدا هەیە بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی مەرگ

زۆر چڕ دەبێتەوە.

•

دایک وەک تەمەن وایە

دووبارە نابێتەوە.

•

خۆشەویستیی نەخۆشییە.

•

درۆی منداڵان ئاماژەیە

بۆ بەهرەیەکی گەورە.

•

زۆر چەنەبازیی دەکەین بەڵام ناتوانین وەک پێویست

وەسفی هەستەکانمان بکەین.

•

دواجار ئەو کەسە لەگەڵت دەمێنێتەوە

کە خۆشیدەوێیت

نەک ئەوەی کە خۆشتدەوێ.

•

**نایابەکان ئەوانەن**

**کە لە بەرانبەر خەڵک**

**بەرگریت لێدەکەن و دەتپارێزن،**

**بەبێ ئەوەی تۆ بزانیت.**

•

**مرۆڤ کە دەیەوێ بفرۆشێ**

**فێری زمانەکان دەبێ**

**بەڵام بۆ کڕین**

**هەموو تێدەگەن چۆنە.**

•

**هیچ دیمەنێک**

**لە دیمەنی ژنێکی جوان**

**جوانتر نییە.**

•

لەوانەیە بڵێن: ئەو کەسە شێتە،
بەڵام ئەگەر هۆکارەکانی شێتبوونی قبوڵبکەن
دەزانن کە شێت نییە.

•

گەورەترین سەرکەوتنەکانم ئەوەبوو:
وامکرد هەموویان لەبیرم بکەن.

•

هەر جارێک کە هەوڵدەدەم
خۆم لەگەڵ دەرەوەدا بگونجێنم و
دەچمە نێو خەڵک،
یەکەم شت کە دێتە خەیاڵم ئەوەیە
کە ئێرە جێی من نییە،
نێو خەڵک شوێنی من نییە.

•

**خوێندنەوەی رۆمان**

**ئازادیی زیاترە**

**لە تەماشاکردنی فیلم.**

•

**ئەگەر دەزانی ئەو دنیایە**

**چەند وەڕسم دەکا،**

**دەمەوێ راکەم و دوور دوور بکەومەوە لەو پیسییە،**

**بەڵام نازانم بەرەو کوێ راکەم**

**ئەی دایە گیان.**

•

**لە تەنیاییدا نامرین،**

**لەبەر ئەوانە دەمرین کە سووکیان کردین و**

**وامان هەست دەکرد ژیانمانن.**

•

ئەگەر خوا ژیانێکی دیکەم پێبدا

هەموو ئەو شتانەم نەدەگوت

کە بیریان لێدەکەمەوە

بەڵکو بیرم لە هەموو ئەو شتانە دەکردەوە

کە دەمەوێ بیڵێم بەر لەوەی بیاندرکێنم.

•

هیچ شتێ شادیی ناخاتە دڵی نەخۆش،

جگە لە قسەکردن لەبارەی ئازارەکانییەوە.

•

ڕەنگە ڕاستگۆیی و سەڕاحەت

زۆر کەس لە دەورت کۆنەکەنەوە

بەڵام باشترینت بۆ دەهێڵنەوە

ئەگەر ژمارەشیان کەمبێ.

•

هەموو بێدەنگێک لە توانایدا نییە وەڵام بداتەوە،

هەیە بێدەنگ دەبێ تا کەس بریندار نەکا،

هەیە بێدەنگ دەبێ چونکە ئازار دەچێژێ و

قسەکردنیشی ئازاری زیاتر دەکا،

هەیە دەزانێ قسەکردن سوودی نییە

ئەگەر قسەش بکا،

هەیە بێدەنگ دەبێ لە کاتی تووڕەبوونیدا

تا کەس لە دەستنەدا و بێدەنگیی گەورەش

کە بێدەنگی تۆیە دەمێنێتەوە.

•

پشکنین دەریخست کە نە _تا_ی لێیە و نە ئازار لە

هیچ شتێ، تاکە شتێ کە هەستی پێدەکرد

نیشانەکانی خۆشەویستیی بوو کە رێک بە نیشانەکانی

تووشبوون بە کۆلێرا دەچوو.

•

بریا باوکەکان

نە پیر دەبوون و

نە نەخۆش دەکەوتن و

نە غەمگین دەبوون و

نە کۆچیان دەکرد.

•



# Ghada al-samman

## غادە ئەلسەمان (1942_ )

### ژنە شاعیری سوری

جەژن بەردەوامە

جەژن دەمێنێ

تەنیا منداڵەکان دەگۆڕێن.

•

کە خۆشمدەوێی یانی

ئاشتبوونەوەم لەگەڵ مانگ و

درەختەکان و شادی و

چۆلەکەکان و

جەژن لە نیشتمانمدا

کە خۆشمدەوێی یانی

ئاگربەستم ڕاگەیاندووە لەگەڵ

خەم و گەڕاندنەوەی پەیوەندی

دیبلۆماسیم لەگەڵ سەمای

شەوانە لە خوێنمدا.

•

که بۆت دەنووسم

قەڵەم لە دەسمدا دەبێتە گوڵ.

•

زاکیرە و ئازار جمکن

ناتوانی ئازار بکوژی بەبێ هاڕینی زاکیرە.

•

تەنیا هونەر لە شێتبوون رزگارمان دەکا.

•

لە مەودای نێوان نەبوون و

حزوورت شتێ شکا هەرگیز

وەک خۆی لێنایەتەوە.

•

زمان ئامرازێک بۆ خراپ لێک
تێگەیشتن، تەنیا بێدەنگیی
زمانی عاشقانە.

•

ڕاستترین درۆ ئەوەیە:
من تاهەتایە خۆشمدەوێی.

•

پیاوێکم لەودا خۆشویست نایناسم.

•

بە هەموو مردنەکانم و ژیانەکانم و
خەمەکانم و نهێنییەکانمەوە خۆشمدەوێی.

•

هەندێجار

دەمەوێ نەزیفبم

لە یەکێ لە دەمارەکانت.

•

دەستم لە لەپی دەستت

حەشاردا و داتپۆشیم وەک

چۆن پێڵو لە گەردەلوولدا

چاو دادەپۆشێ.

•

جیهانی کۆنم رەتدەکەمەوە و

رقیشم لە جیهانێکی نوێیە، کوا

رێگای رزگاربوونم

ئەگەر چاوەکانت قەدەرم نەبووا؟

•

چاوەکانت و لێوەکانت و

باسکەکانت و جەستەت دەبینم بەڵام تۆ لە کوێیت؟

ئاھ چەند بیرت دەکەم تۆ لە کوێیت؟

•

ئارەزوومە کە رووخسارت یەکەم

رووخساربێ لەگەڵ ھەناسەدانی

ساڵێکی نوێدا بۆم دەرکەوێ.

•

شاھێدی بە ھەموو ئەو شتانە دەدەم کە خۆشمویستن

یا رقم لێیان بۆتەوە، بە ھەموو ئەوانەی

لە پشتەوە خەنجەریان لێداوم و

لە پشتەوە خەنجەرم لێیان داوە،

شاھیدی دەدەم کە من خۆشمدەوێی.

•

دان بە راستییێکی غەمگین دەنێم:

بەڕاستی ئەو ڕۆژەی خۆشمویستی

ئەگەر دارشەقی ئەبجەدیەت

نەبووایە لە بەرانبەرت وردوخاش دەبووم.

•

دەزانم پێویستیت پێمە بەڵام داوام ناکەیت و

دەزانم تۆ ئەوە دەخوێنیتەوە و

هەر وەک خۆشت دەمێنێیتەوە..

قسەیەک بکە.. بێدەنگیت دەمکوژێ.

•

بە دوای ئەو بانکەدا دەگەڕێم کە عومرێکی نوێم

بە قەرز دەداتێ تا لەگەڵ تۆدا بژیم و دوای ئەوە

ئیفلاسبوونی خۆم رادەگەیەنم.

•

دووبارەی دەکەمەوە:

کە لەگەڵت بووم غەریب بووم و

بێ تۆش غەریبم و

تاهەتایش بە تۆوە غەریبم.

•

رقم لە رەوشتی

ئەو مشارە دەبێتەوە

کە تەنیا بە بڕینی

ئەوانیتر خۆی بە دەستدێنێ.

•

دایکایەتی

خۆشەویستییە

لە یەکەم لێدانی زگ، لە ژوورەوە.

•

ترس و نەمریی، ڕێک ناکەون.

•

دیموکراتییەت؟ بەڵێ، بێگومان،
بەڵام چی لە شێتێکی وەک من دەکەیت
بەردەوام دەنگ بە دیکتاتۆرییەتی
خۆشەویستییت دەدا؟

•

ئەوانەی بیر لە خیانەت ناکەنەوە
گومان ناکەن خۆشەویستەکەیان خیانەتیان لێ بکا.

•

ئەو گوللەیەی دەردەچێ ناگەڕێندرێتەوە.

•

**رقلێبوونەوە داننانە**

**بە بوونی شتێکی ناپەسند.**

•

**ئەو شەو تەنیام و**

**جگە لە خۆم**

**هیچ نابینم و**

**کاتێکیش جگە لە خۆم**

**هیچ نابینم تۆ دەبینم،**

**تەنیا تۆ بە ڕۆشنی دەبینم.**

•

**ئێمە هەڵە نابینین**

**ئەو کاتە نەبێ**

**کە ئافرەت ئەنجامی دەدا.**

•

راستیی من نیشتەجێی
هیچ شوێنێ نیم جگە لە چاوەکانت.

•

ها ئەوە دڵم بیبە و
وەک سێو بیگەزە
بەڵام لەنێو بازنەدا زیندانم مەکە.

•

هەر بەڕاست ئەوە تۆی؟
لێت رادەمینێم و لەناو تۆدا
بە دوای تۆدا دەگەڕێم و
ناتدۆزمەوە.

•

ئەی دوور وەک بیرەوەری
منداڵییم ئەی نزیک وەک

هەناسە و بیرۆکەکانم
خۆشمدەوێیت و پڕ بە بێدەنگییم
هاوار دەکەم خۆشمدەوێی.

•

لە پێناو تۆدا
فێری زمانی بێدەنگیی بووم
تا گلەییەت لێ نەکەم و
بەردەوام نەڵێم: شەرمەزارت کردم.

•

ئەی بەدبەخت.. ئەگەر خۆشتنەویستبام
دەمتوانی وەکچۆن
هەڵم لەسەر جامی بیرەوەری دەسڕمەوە
ئاوا وێنەت لە چاوەکانمدا بسڕمەوە.

•

دۆزەخی ئەبەدیم ئەوەیە
کە خۆمم ناسی و تۆشم ناسی.

•

خۆشەویستیی من کورسییێک نییە لە باخی گشتیدا
هەر کات بۆت بلوێ جێیبێڵیت و
کەیش بتەوێ بۆی بگەڕێیتەوە.

•

**خۆشەویستەکەم پەنجەمۆری لەسەر شەو جێهێشت**

**ئەستێرەکان لە دایکبوون.**

•

**تۆ خەنجەرێکی شاراوەی لەنێو گۆشتی بیرەوەریەکانمدا.**

•

**پیاوێکی وەک تۆ بە دە ژن دەوری ناگیرێ جا من چۆن**

**دەتوانم بە یەکجار هەموویانبم، ئەی خۆشەویستم.**

•

**سواری زۆر شەمەندەفەربووم و هەڵەم کرد**

**کاتێ تووشی وەهمی ئەوە هاتم**

**کە رێگەیەک دەدۆزمەوە نامگەیێنێتە تۆ.**

•

لەنێو ئازارەکانمدا گەشە دەکەم و
وەک گیا لەنێو ئازاری ئەوانیدی
پەخشان دەبم.
•

بەڕاستی شتێکی غەمناکە
کە موڵکی خۆت نەبیت و
هەرچییش بکەیت
شانۆگەرییێک بێت و
پێشکەشی خەڵکی بکەیت.
•

چاوەکانت قەدەرمن،
هیچ کەس
لە قەدەری خۆی راناکا.
•

نەبوونت دەمکوژێ و حزووریشت

دەمکوژێ چونکە سەرەتاییێکە

بۆ نەبوونێکی نوێ.

•

غوربەت لە هەموو مامۆستاییێکی دیکە

باشتر فێری کردم چۆن

ناوی نیشتمان بە ئەستێرەکان

لەسەر تەختەڕەشی شەو بنووسم.

•

لەوانەیە بوونی هەندێ پ

رسیاریبێ وەڵام پێویستبێ

تا لە ژیان بەردەوامبین و

تێبکۆشین و بگەڕێین.

•

گوللەیەک بەس بوو

بۆ سەری تۆ و سەری من،

خۆمان بە یەکەوە نووساند،

لە ترسانبوو یا لە خۆشەویستیی؟

•

هەموو ئەوانەی هەوڵیاندەدا بمکوژن،

چەقوەکانیان بە وشەی خۆشمدەوێی

تیژ دەکردەوە.

•

هەر چرکەیەک

پەنجەمۆرێکە

دووبارە نابێتەوە.

•

**هەموومان بە ئاسانی دەمرین**

**بەبێ ئەوەی هەوڵ**

**بۆ بە دەستهێنانی بدەین**

**بەڵام ناژین**

**ئەگەر هەوڵ بۆ مەحاڵ نەدەین.**

•

**چەند بە ئازارە ئاواتت ئەوەبێ پیربیت.**

•

**نامەوێ خۆم**

**لە خۆشەویستییت رووت بکەمەوە**

**تا زاکیرەم لە دەستنەدەم و**

**ناشتوانم خۆشەویستییت بپۆشم**

**تا خۆم لە دەستنەم.**

•

خیانەت لە ژیانت مەکە و بزە بکە،

تۆ هێشتا زیندوویت.

•

هیچ شتێ

لە خەیاڵگەی ئەو ژنە چالاکتر نییە

کە هەست بە غیرە دەکا.

•

هێشتا ناوت

تاکە ناوێکە

(الممنوع من الصرف)ە،

لە ژیانمدا.

•

گرنگ نییە وشەی دووبارەم بۆ بڵێیتەوە و

لە زماندا نوێ نەبێ بەڵام دەتوانم دەستنیشانی

ترپە و بڵێسەی وشەکان بکەم.

•

ساڵ دوای ساڵ فێربووم

چۆن لە ژنێکی عەرەبەوە

ببمە _با_یەک کە هیچ دەستێك بتوانێ زیندانی بکا.

•

بەر لەو شەوە سەرنجم نەدابوو

کە فرمێسکەکانت ڕەنگاوڕەنگن و

ئەو خوێنەش کە بە نێو

دەمارەکانتدا دێ و دەڕوا

ڕەنگی پەلکەزێڕینەیان هەیە.

•

ئەگەر هەستت بە درەوشانەوەی بێدەنگیی دەکرد..

ئەگەر  فیغانی بێدەنگیی و

پاڕانەوەی بێدەنگییت دەبیست

پارچە پارچە دەبوویت و کارەساتی منت دەزانی.

•

بریا ژیانمان

دروستکردبا

بەر لەوەی

نەمریی دروستبکەین.

•

بێدەنگیی چەند دژوارە

لە کاتی فیراقدا!

•

**چیت پێبڵێم کە من وا بیرەوەرییەکانم**

**وەک نانێکی ژەهراوی لەسەر خوانی فیراقدا دەخۆم؟**

•

**لەگەڵ تۆ زانیم کە چۆن**

**کەوتن دەبێتە فڕین و قووڵییش بە ترۆپک.**

•

**ئەو تەمەنە هەمووی بەشی ئەوە ناکا**

**تا پێتبڵێم: چەند خۆشمدەوێی.**

•

**هەر بەڕاست ئەوە خوێنە**

**لە دەمارەکانتدا دێ و دەچێ یا هەنگوین؟**

•

هەر بەڕاست

رابردوو کۆتایی دێ

یا لەنێو سەرماندا

بەردەوامیی بە ژیان دەدا؟

•


تۆ ئەی غەریب

بە دواتدا دەگەڕێم

چۆنکە من بۆم هەڵبژاردی

ببیتە جەللادم.

•



**Ahlam Mosteghanemi**

**ئەحلام موستەغانمی (1953_      )**

**نووسەری جەزائیری**

بەختەوەریت بە ڕووداني

شتی گەورە پەیوەست مەکە،

زۆرجار شتی بچووک

سەرچاوەی بەختەوەریی گەورەن.

•

لە کۆتایی پەیوەندییەکاندا

ئەخلاق دەردەکەوێ نەک لە سەرەتا.

•

پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان وەک خانوو وایە؛

بەشێکیان پێویستیان بە چاککردنەوەیەکی بەسیت

هەیە و بەشێکیان دەبێ بیڕووخێنیت و سەرلەنوێ

بینای بکەیتەوە و بەشێکیشیان ناچارمان دەکەن

لەسەریان بنووسین بۆ فرۆشتن.

•

له هەموو دنیا هیچم نەدەویست

جگە لە تۆ،

بەڵام ئەمڕۆ دەڵێم:

با هەموو دنیا بۆ تۆبێ جگە لە من.

•

خۆشەویستیی عومری نییە،

بەردەوام لە دایکدەبێ.

•

لە کۆتاییدا

ئەو کەسە لەگەڵت دەمێنێتەوە

کە تۆی خۆشدەوێ

نەک ئەو کەسەی کە تۆ خۆشتدەوێ.

•

**هەندێک کەس بێئەوەی هیچیان پێشکەش بکەیت**

**خۆشەویستیت پێدەبەخشن و**

**هەندێکیش دوای ئەوەی**

**هەموو شتێکیان پێدەبەخشیت**

**ئازارت پێشکەش دەکەن.**

•

**کاتێ هەست دەکەی**

**لە تەسلیمبوون نزیکیت،**

**بیر لەوانە بکەوە**

**کە ئومێد دەکەن بە فاشیلی بتبینن.**

•

**ئەگەر حزوور و غیابت وەک یەکبن،**

**بڕۆ.**

•

ژیان لە تەمەن بدزن بەرلەوەی تەمەن

جوانترین ساڵەکانی ژیانتان بدزێ.

•

جوانترین و نایابترین هەندەسە لە دنیادا ئەوەیە

پردی ئومێد لەسەر رووباری بێئومێدی درووستکەیت.

•

هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە

هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵک بکە:

ئەگەر سوودی پێناگەیەنی زیانی پێمەگەیەنە،

ئەگەر شادی ناکەیت

غەمگینی مەکە و

ئەگەر ستایشی ناکەی

زەمیشی مەکە.

•

لە لێبوردندا گەڕانەوە هەیە

بەرەو منداڵیی.

•

مرۆڤ ساڵەکانی سەرەتای

بە فێربوونی قسە بەسەر دەبا و

رژێمە عەرەبییەکانیش

تەواوی تەمەنی بە فێرکردنی بێدەنگی

لێ بەسەر دەبەن.

•

پێڵاو بۆ خەونەکانت بکڕە،

هەموو رێگەکان

بەرەو شادیی

ئاوەڵا دەبن.

•

بەهێزترین ئەوەیە

کە هیچی نییە بیدۆڕێنێ.

•

ئازادیی ئەوەیە کە چاوەڕوانی

هیچ شتێک نەکەیت.

•

ترس لە مەرگ..

مەرگێکە

بە درێژایی ژیان.

•

زاکیرە باشترین خزمەتگوزاری عەقڵە و

لەبیرکردنیش باشترین خزمەتگوزاری دڵ.

•

**بەختەوەریی ئەوەیە تا تاستێ**

**سەرقاڵ بیت تێبینی نەکەی کە بەدبەختی.**

•

**تێربوون سەرەتایی برسییەتییە.**

•

**ئازایەتی ئەوەیە سەرەڕۆیی**

**بە گوتنی شتێک بکەیت**

**کە ئەوانی دیکە حەزی پێناکەن.**

•

**پیاوەتی ئەوەیە دوای جیابوونەوەش**

**بەردەوام بیت لەوەی**

**لەگەڵی بوەستیت.**

•

پارە بەختەوەریی ناهێنێ،
بەڵام رێگە دەدا لەناو بەدبەختیمان
بە رەفاهیەت بژین.

•

ژیان شتێکت پێنادا کە لە بەرانبەردا
شتێکت لێنەبا.

•

دادپەروەریی تێچووی کەمترە لە زوڵم و
ئاسایشیش لە جەنگ.

•

پیاوێک کە پرچی رەش دەکاتەوە
بە دڵنیایەوە شتێکی شاراوەی هەیە.

•

ئەو نازانێ خۆشییەکانی

لەگەڵ کێ دابەش بکا و

ئەوەش ئەوپەڕی تەنیاییە.

•

خەڵکانێک هەن

توانایەکی ئەفسانەییان هەیە بۆ رۆیشتن

بەسەر دڵی ئەوانی دیکە

بەبێ ئەوەی هەست بە گوناح بکەن.

•

هەندێ دۆڕانی وا گەورە هەن

تا حەدێ کە دوای ئەوە

هیچ دۆڕانێک

شیاوی خەمخواردن نییە.

•

هەیە بە تۆمەتی بەخشین

دەست بەسەر دارپرتەقاڵدا دەگرێ.

•

دوو جۆر دەبەنگ هەن: ئەوانەی گومان

لە هەموو شتێ دەکەن و

ئەوانەیش کە گومان لە هیچ شتێ ناکەن.

•

یابان بە عەقڵیان

پەرجووەکانی خۆیان

درووستکردوە و

ئێمەش بە عاتیفەمان

هەموو کارەسەتەکانمان

بۆ خۆمان درووستکردوە.

•

کاتێ دیموکراسیەت

بەخششی داگیرکەربێ

چۆن دەتوانی

لە جەللادەکەت فێری ئازادیی بیت؟

•

هەر شتێ

بە پەلەپەل بێت

بە خێرایی دەڕوا و

هەر شتێکیش کە بە خێرایی بە دەستیبێنین

بە ئاسانی لە دەستیدەدەین.

•

چەند دەدۆڕێنێ

ئەوەی نهێنی نییە.

•

نیشتمانگەلێکمان دەویست

لە پێناویدا بمرین،

ئێستا

نیشتمانگەلێکمان هەیە

لەسەر دەستی ئەوان دەمرین.

•

هیچ کەس لەوە هەژارتر نییە

کە بیرەوەری نییە.

•

هەندێ شت هەن

لە بەختەوەریی دەچن

سەرنجیان نادەین

ئەو کاتە نەبێ کە لە دەستیان دەدەین.

•

تەنیا دەریا گوێی

لە ناڵەی نەهەنگەکان دەبێ لە زەریاکان.

•

دواجار ئازادیی چییە جگە لەوەی

حەقی ئەوەت هەبێ جیاواز بیت؟

•

ئێمە ڕۆمان دەنووسین تا ئەو کەسانە بکوژین

کە وجودیان بۆتە بارگرانی بەسەرمانەوە،

ئێمە دەنووسین تا لێیان ڕزگاربین.

•

جگە لە سەرکەوتن هیچ بژارەیەکی دیکەت نییە،

کارەساتی گەورە، گەورەمان دەکا.

•

ئەگەر دەتەوێ

لە دوای مردن لە یاد بمێنیت

یەکێ لەو دوو کارانە بکە:

شتێ بنووسە شایەنی خوێندنەوەبێ،

یا شتێ بکە شایەنی ئەوەبێ بنووسرێ.

•

کاژێر لەسەر ترپەکانی دڵت رێکبخە

دڵنیا دەبیت کە تەمەن یەک چرکەیە.

•

خۆشەویستیی بۆ ئەوە دۆزراوەتەوە

تا مەرگت لەبیر باتەوە، بۆیە هەر چەند

دەست لە پانتایی زاکیرەت هەڵگری

مەرگ دێتە پێش و داگیری دەکا.

•

ژیان لەوە جوانترە جەنگی بەسەردا رابگەیەنی،

لەگەڵ دوژمنەکانی بجەنگە.

•

پیاو ئازاری خۆشدەوێ،

ئەوەی خۆشدەوێ کە ئازاری دەدا،

بە ئازار پیاوەتی و توانایی سەبری خۆی تاقیدەکاتەوە،

بۆیە بە ژنێک پەیوەست نابێ

کە لە بەرانبەریدا بگریێ بەڵکو بە ژنێک پەیوەست

دەبێ کە دەیگرییێنێ.

•

بە تەواوی دڵت مەڕۆ، (دڵی ئاوای پێگوت)

بەڵام ژنە بە تەواوی دڵی رۆیشت و

بە بێ عەقڵ گەڕایەوە.

•

ئاسکێک لە ماڵدا ئاسک نییە بەڵکو مریشکە،
ئاسک بۆ ئەوە خولقاوە لە دەشت و دەر راکا
نەک خۆی بشارێتەوە.. ترس لە مەرگ مەرگێکە
بە درێژایی ژیان درێژ دەبێتەوە.

•

ماڵئاوایی لەوانە ناکەین کە خۆشماندەوێن،
چونکە لە راستیدا ئێمە لێیان جیانابینەوە،
ماڵئاوای بۆ کەسانی نامۆ داهێنراوە
نەک بۆ خۆشەویستان.

•

دەتوانی بە سامانت ملیۆنان مەتر زەوی بکڕی
بەڵام لە کۆتاییدا جەستەت تەنیا
لەنێو مەتر و نیوێکدا جێگیر دەبێ.

•

ئێمە نیشتەجێی ژانەکانمانین،
هەتا ئەگەر خۆشەویستیش بکەین
ناتوانین هیچ بکەین جگە لە گۆڕینی
خۆشەویستیی بۆ خەمی گەورە.

•

ساتێ ئێمە خۆشەویستێک
لە دەستدەدەین
قەسیدەیەک دەنووسین و
ساتێکیش نیشمان لە دەستدەدەین
ڕۆمانێک دەنووسین.

•

کێ پێداگریی لەسەر ئەوە بکا بەختەوەربێ،
بەختەوەریی دەدۆزێتەوە.

•

چەندمان لە ژێری پێدەوێ

تا برینەکانمان بە زمان بشارینەوە؟

•

ئەو کاتە دەزانیت عاشقیت

کە دەست بە هەڵسوکەوتی

دژ بە بەرژەوەندییەکانی خۆت دەکەیت.

•

خۆشەویستیی وەک باڵندەیەک وایە

لەنێو قەفەز، دەرگای بە کراوەیی بۆ جێبێڵە،

ئەگەر گەڕایەوە ئەوە هەمیشە هی تۆ بووە و

ئەگەریش نەگەڕایەوە

ئەوە تەنانەت

ڕۆژێکیش هی تۆ نەبووە.

•

باشترە پیاوێکت خۆشبوێ کە ژنێک لە ژیانیدایە

لەوەی پیاوێکت خۆشبوێ کە قەزییەک لە ژیانیدایە،

سەرکەوتوو دەبیت لە بەدەستهێنانی یەکەم

بەڵام هی دووەم نابێتە هی تۆ

چونکە خۆی موڵکی خۆی نییە.

•

بۆ کووشتنی نەریتی کۆن

پیویستە نەریتی نوێ بەدەستبێنی.

•

کەسێ بیەوێ لە ژیانت بچێتەدەرەوە

لە کونی دەرگاشەوەبێ چوونەدەرەوە

دەبینێ و کەسێکیش بیەوێ بێتە ناو ژیانت

لە دیواریشەوەبێ کونێک درووست دەکا.

•

ژیان فێری کردم باوەڕ بە ئامۆژگاری

ئەندریە مارلۆ بکەم

"ئامادەکاریی بۆ خۆشییەکانت مەکە"..

هەمیشە بێئومێدییە گەورەکان

لەسەر ئەو مافوورە نایابانە دێ کە بۆ پێشوازیکرن

لە بەختەوەریی رامانخستوون.

•

نووسین ترسناکە چونکە هەمیشە

ژوانمان بۆ لەگەڵ ئەو شتانە دادەنێ

کە دەترسین رووبەڕوویان ببینەوە

یا قووڵببینەوە لە تێگەیشتنیان.

•

لە ناخماندا گۆشەیەک هەیە، بارانی تێدا ناوەستێ.

•

لەوانەیە ژیان هەموو جوانییەکانی خۆی

لە کەسێکەوە پێشکەشت بکا.

•

ئەو کەسەی کە پێویستە

یاداشتی برینەکانتی

لەگەڵ باس نەکەیت،

خۆتی.

•

وا سەمابکە وەک ئەوەی کەس ناتبینێ،

وا گۆرانی بڵێ وەک ئەوەی کەس ناتبیستێ،

ئاوا خۆشەویستیی بکە

وەک ئەوەی کەس پێشتر

برینداری نەکردبی.

•

لاشەی وا هەن

شیاوی ئەوە نین

لە دڵەکانماندا بیاننێژین،

خۆشەویستیش دوای مردنی

بۆنێکی ناخۆشی هەیە.

•

جوانترین شیعرەکانی خۆشەویستیی

ئەو کەسانە نووسیویانە کە تەنانەت

لە ژن نزیکیش نەکەوتوونەتەوە و

جوانترین نامەکانی خۆشەویستیش

ئەو کەسانە نووسیویانە کە تەنانەت

پەیوەندیشیان بە ئەدەبیاتەوە نەبووە،

لە نووسینی نامەی خۆشەویستیی مەوەستن،

ئێوە شاعیرن ئەی خوێنەران.

•

ئەو کاتە خۆشەوستیی کۆتایی دێ

کاتێ بەو شتانە پێدەکەنین

کە رۆژگارێ بە هۆیەوە گریاوین.

•

ساڵ بۆ ژیانتان زیاد مەکەن

بەڵکو ژیان بۆ ساڵەکانتان،

ژیان لە تەمەن بدزن

بەر لەوەی تەمەن

جوانترین ساڵەکانی ژیانتان بدزێ.

•

ئەو ژنەی داوای هچ شتێ ناکا

شایەنی هەموو شتێکە

بەڵام وامەکە زۆر چاوەڕوانبێ.

•

فێربە گوێ لە بێدەنگیی ئەو کەسە بگرە

کە خۆشتدەوێ

نەک تەنیا قسەکانی،

تەنیا بێدەنگیی

ناواخنی پیاوان ئاشکرا دەکا.

•

تەنیا پاڵەوانییەتی بچووک هەیە،

پاڵەوانیەتی گەورە ئەفسانەن

دواتر دایاندەهێنین.

•

دەبێ شتێ لەوە بە ئازارتر هەبێ

بچیتە ژیانی کەسێکەوە و

ئەویش لە کەناری جێهێشتنی ژیاندابێ؟

•

خەم لەو کەروێشکە مەخۆ

کە لە ژیانتدا رایکردووە،

پیاوێک ئەگەر یەکجار رایکردبێ

ئەوە هەموو جارێک لە هەموو ژنێک رادەکا.

•

ئەوە چ زانستێکە

تا ئێستا نەیتوانیوە

دەنگی ئەوانەی

کە خۆشماندەوێن

بخاتە نێو حەب یا شووشەی شرووب

تا کاتێ تووشی نەخۆشیی عاتیفە دێین

بە نهێنییەوە بیخۆین و بیخۆینەوە

بەبێ ئەوەی خاوەنەکانیان بزانن

کە چەند پێویستمان پێیانە.

•

**هەندێ نوێژ دەکەن و**

**هەندێ سەرخۆش دەبن و**

**لەو نێوانەشدا**

**ئەوانی دیکە نیشتمان دەبەن.**

**•**

**ئێمە بەرانبەر دنیا گەورە دەبین**

**تا حەقی ئەوەمان هەبێ**

**بەرانبەر تاکە کەسێک لاواز بین.**

**•**

**تەنیا بێدەنگیی**

**ئەو شتە رووتەیە**

**کە خاڵییە**

**لە درۆ.**

**•**

**نووسین وەهمی گەورەی ئێمەیە،**

**پێمانوایە بە هۆیەوە ئەوانیدیکە**

**لەبیرمان ناکەن.**

•



# Ali Schariati

## عەلی شەریعەتی (1933_1977)

**نووسەر و بیرمەندی ئێرانی**

عەشق غەرقبوونە لە دەریادا و

خۆشەویستییش مەلەکردنە تێیدا.

•

بۆیە زۆربەی شۆڕشەکان سەرکەوتوو نابن

چونکە ئێمە زاڵم دەگۆڕین نەک زوڵم.

•

دوێنێ دراوسێکەم لە برسان مرد و

لە پرسەکەیدا سەری هەموو بەرخەکانیان بڕی.

•

کاتێ ستەم

جوبەی خواپەرستیی دەپۆشێ،

گەورەترین کارەسات لە دایکدەبێ.

•

زۆرم لام باشترە

لە شەقامەکان بڕۆم و بیر لە خوا بکەمەوە

لەوەی لە مزگەوت دانیشم و

بیر لە پێڵاوەکانم بکەمەوە.

•

ئەو رۆژگارە برسییەتی فکر

کارەساویترە لە برسییەتی ژیان.

•

ئەو گەلەی بە یەک شێوە بیر دەکاتەوە

گەلێکی مردووە

چونکە لە راستییدا بیر ناکاتەوە

وەک یەک بیرکردنەوە

وەک بیرنەکردنەوە وایە.

•

ئەوەی لە جەوهەری حەجکردن

نازانێ بە جانتایەکی پڕ لە دیاری و

عەقڵێکی بۆش لە مەککەوە دەگەڕێتەوە.

•

خودایە

ئەوەی کە عەقڵت پێیداوە

لە چی بێبەشت کردووە؟

ئەی ئەوەی لە عەقڵ بێبەشت کردووە

چیت پێیداوە؟

•

ڕێگەیەک کە مرۆڤ بە هۆیەوە بتوانێ

خۆی لە زیندانی خۆی رزگار بکا،

باوەڕ و خۆشەویستییە.

•

با بازرگانەکانی دین باش بزانن

رۆژێ دێ خەڵک شۆڕشیان لەسەر دەکا و

من لەوە دەترسم

ئاین ببێتە قوربانیی ئەو شۆڕشە.

•

ئەو شۆڕشانە هیچ سوودێکیان نییە

کە گەلان لە زوڵمەوە

بەرەو تاریکیی دەگوازنەوە.

•

ئازادیی ژن یانی

ئازادیی هەڵبژاردن و

ئازادیی بیرکردنەوە و

ئازادیی ژیان.

•

ئەوان لە عەقڵت دەترسن کە تێبگا

نەک لە جەستەت کە بەهێزبێ.

•

ئێمە فێڵ لە گەلانی خۆمان

دەکەین کاتێ رۆژئاوا دەکەینە

رستەیەک و هەموو کێشە و

کارەساتەکانی کۆمەڵگاکانمانی

پێهەڵدەواسین، ئەوە کوێرمان

دەکا بەرانبەر زانینی هۆکارە

راستەقینەکانی ئەو کێشانە.

•

لە پێناو بەرژەوەندی

حەقیقەت ناکەمە قوربانیی.

•

نەبوونی هەست ئافاتێکە

ڕێک وەک نەبوونی شەرەف وایە.

•

حەقی ئەوەت هەیە ڕقت لە خەڵک ببێتەوە

بەڵام حەقت نییە ناوبانگی ئەو کەسانە بزڕێنی

کە ڕقت لێیان دەبێتەوە.

•

کاتێ بڕیار دەدەی دژی ستەم بوەستیتەوە

جنێوت پێدەدرێ و

تەخوین دەکرێیت و

دواتر بە کافرت دادەنێن

بەڵام نەکەی لە زوڵم بێدەنگبیت

لە پێناو ئەوەی پێتبڵێن: تۆ پیاوی ئاشتەواییت.

•

باوکم

ناوی بۆ من هەڵبژارد و

ئەژدادیشم

ناوی بنەماڵەکەمیان هەڵبژارد،

تا ئێرە بەسە،

ئێستا من ڕێگەی خۆم هەڵدەبژێرم.

•

دوای ڕووخاندنی دیکتاتۆر

شۆڕشگێڕ دەچێ بخەوێ

تا بحەسێتەوە و

تەمبەڵ بەوپەڕی چالاکییەوە

لە خەو هەڵدەستێ

تا دەسەڵات بگرێتە دەست،

ئەوە واقیعی هەموو شۆڕشێکە.

•

ئەو کچەیساڵێک تێدەپەڕێنێ

بە قسەکردن لەسەر کەل و پەل و

مارەیی و خشڵ و

سازدانی ئاهەنگی گەورە

ئەوە هێشتا پڕ بە مانای وشە جاریەیە.

•

کاتێ پیاوانی دین

واز لە بەرپرسیارتییان دێنن و

دەبنە هۆکاری بێهۆشکردنی خەڵک

ئەو کاتە شتێکی چاوەڕوانکراوە

کە خەڵک واز لە ئاین دێنن و

بە دوای ئەو شتەدا دەگەڕێن

کە ئاواتەکانیان بەدی دێنێ.

•

زوهد جۆرێکە لە کەرایەتی چونکە
فەرمان بە مرۆڤ دەکا واز لە مافە
کۆمەڵایەتییەکانی بێنێ و
پێداویستییە سرووشتییەکانی
بخاتە لاوە و حەبلی ئومێد
بە هەموو ئەو شتانەوە بپچڕێنێ و
مرۆڤ بە پێداویستیی زۆر سادە پەیوەست دەکا
کە لە پێداویستییەکانی ئاژەڵ زیاتر نین.

•

ئەگەر ناتوانی
زوڵم نەهێڵی
ئەوە بەلایەنی کەم
هەموو کەسی
لێ ئاگادار بکەوە.

•

**ئەگەر دەتەوێ**

**هەر شۆڕشێک تێکدەی**

**ئەوە رەهەندێکی مەزهەبی**

**یا ئاینی بدێ و**

**ئەو کات**

**هەموو شت بە بۆشیی کۆتایی دێ.**

•

**ئیسلامییەکان**

**منیان لا شیوعییە و**

**شیوعییەکان**

**منیان لا ئیسلامییە**

**چونکە مەحاڵە**

**بیرمەندی ئازاد**

**پۆلێن بکرێ.**

•

**دیارترین خاسیەتەکانی بلیمەتان ئەوەیە**

**کە لە زەمەنی خۆیاندا هەست بە تەنیایی دەکەن و**

**غەریبیشن لە نیشتمانیاندا،**

**رەنگە ئەوانەی لە ئایندەدا دێن بیانناسن و**

**لێیان تێبگەن و ئاستیان بزانن.**

•

**ئەو ئاینەی کە بەر لە مردنی مرۆڤ**

**سوودی بۆ مرۆڤ نەبێ**

**دوای مردنیشی سوودی بۆی نابێ.**


•

**ئەگەر گەلێک بەر لە شۆڕش هۆشیار و رۆشنبیر نەبێ**

**ئەوە گلەیی لە کەس مەکەن**

**کاتێ شۆڕشەکەیان لێدەدزرێ.**

•



# Abdalrachman Munif

## عەبدولڕەحمان مونیف(1933_2004)

### نووسەر و بیرمەندی سعودی

ئەگەر حەسانەوە درێژەی کێشا
تەمبەڵیی لە دایکدەبێ و
ئەگەر زیاد لە پێویستیش ڕەنجدرا
شۆڕش لە دایکدەبێ.

•

هەر شتێک لە کاتی خۆیدا ئەنجامبدە،
چونکە ئەنجامدانی دوو شت لە یەک کاتدا
دەبێتە هۆی لە دەستدانی
دوو شت بە یەکەوە لە یەک کاتدا.

•

مێژوو دەرس بە مرۆڤ دەدا و
هۆشیارتری دەکات و وایلێدەکا
بتوانێ هەنگاوی گونجاو بنێ.

•

**تووڕەبوونی یەکەم شێتییە و**

**دوا تووڕەبوونیش پەشیمانیی.**

•

**هەر مرۆڤێک کە دەمرێ**

**لە دیدی خۆشەویستانی کۆتایی پێنایە**

**ئەو کاتە نەبێ کە بە فرمێسک دەیشۆرن،**

**فرمێسک، وردە خۆڵی کۆتاییە**

**کە مردووی پێدادەپۆشرێ و**

**جا پێیدەگوترێ: ئەو کۆتایی پێهات.**

•

**ئەگەر لە یادکردن نەبووایە مرۆڤ دەمرد**

**لەبەر ئەو هەموو**

**شتە زۆرانەی کە دەیزانی.**

•

بوونی ئازار و نەبوونی ئازار

پەیوەستە بە حاڵەتی هۆشیاریی.

•

ئەوەی نهێنی تۆی لابێ ماندووت دەکا،

هەتا ئەگەر لەگەڵ تۆشدابێ.

•

پێویست خاوەنی بیرۆکە

بەرگەی زۆر شت بگرێ تا بیرۆکەکەی بگەیەنێ،

لەو رووەدا پێغەمبەرەکان پێشەنگمانن.

•

فیراق.. مردنێکی بچووکە.

•

مێژوو،

سەرلەنوێ داڕشتنەوەی

وێنەی شوێنەکان و

زەمەنە تێپەڕیوەکانە؟

پشتگیرییە لە زاکیرەی نەوە نوێیەکان؟

•

خەم چییە

جگە دڵڕەقییێک

کە مرۆڤ بەسەر خۆیدا دەیسەپێنێ.

•

برادەر بارگرانییە لەسەر مرۆڤ و

عاقڵ ئەو کەسەیە پشت بە خۆی ببەستێ و

پێویستیی بە کەسانی دیکە نەبێ.

•

سەختترین شت ئەوە نییە کەسێک بمرێ،

بەڵکو ئەوەیە دەوروبەری ئەو کەسە

هەمووی بمرن و خۆشی بە زیندوویەتی بمێنێتەوە.

•

مرۆڤ ئەگەر زمانیشی بگیرێ

چاوەکانی قسە دەکەن.

•

برسییەتیی، باشترین مامۆستایە.

•

بۆ مرۆڤ یادگە ئەزموونە و

هەر ئەوەشە رێگە بە بەزین نادا.

•

تاکە شتێ کە مرۆڤ هەڵەی تیا ناکا پارەیە
وەکچۆن منداڵ هەڵە لە مەمکی دایکی ناکا.

•

بێدەنگیی دەرمانە، فێربووم هەموو کاتێ
ئەو دەرمانە بە کار بێنم و شیفای خۆمی پێبکەم.

•

نەریتەکان بناغەی ژیانن
چونکە ژیان نەریتی دووبارەیە.

•

سەیرە، مەرگ مرۆڤ سەرلەنوێ دادڕشتەوە و
بەرانبەر ژیان هەستیارتری دەکا.

•

**جیاوازییێکی گەورە هەیە**

**لەنێوان**

**ئەو شتەی کە ئارەزووی دەکەیت**

**لەگەڵ ئەوە شتەی کە دەتوانی بەدەستیبێنی.**

•

**شتی جوان و**

**ئەو شتانەیش**

**کە مرۆڤ ئومێدی بۆ دەخوازێ**

**درەنگ دێن.**

•

**سیاسیی نەبوون**

**لە ئەدەبدا**

**سیاسەتە.**

•

**زمانی بێگانە گرنگە،**

**جا هەر زمانێکبێ،**

**زمانی عەرەبی لە دوای بەیرووت**

**بە کەلک هیچ نایێ.**

•

**ئەو رۆژهەڵاتییانەی لە بیابان و**

**هەوای ئازاددا ژیاون**

**هیچ سەقفێ دەوریان بگرێ جگە لە ئاسمان.**

•

**لە زۆر کاتدا**

**وشە دەژیێ و دەمرێ**

**بەڵام زۆرینەی خەڵک**

**درک بەوە ناکەن.**

•

**هۆکاری گریان گرنگ نییە**

**چونکە کاتێ دڵمان پڕ لە خەمە**

**هەموو شتێ دەبێتە هۆی گریان.**

•

**بێئومێدی هەموو رۆژ لە دایکدەبێ،**

**لەگەڵ هەڵاتنی**

**خۆردا پەخشان دەبێ و**

**لەگەڵ بەرزبوونەوەی خۆریشدا درێژ دەبێتەوە.**

•

**پێتوانەبێ ئەو هێمنییەی لە رووخسارەکاندا دەیبینی**

**بە مانای رازیبوونبێ،**

**هەر مرۆڤێ شتێ لە ناخیدا هەیە دەیهەژێنێ و**

**ئەشکەنجەی دەدات.**

•

ئەو ئێوارەیە جیهانی من تەقییەوە
بۆیە بڕیارمدا گوێیەکانم کەڕکەم
هەرچەند هاوار بەرزتربێت و
ئەنجامیش هەر چییەک بێت.

•

ئیدی داوای شادی ناکەین
تەنیا ئومێدمان ئەوەیە
لە هێمنیدا وازمان لێبێنن.

•

مرۆڤ چییە
ئەگەر زاکیرە و
مێژووی
نەبێ؟

•

**هەر کەسێ مێژوو بە هەڵە**

**بخوێنێتەوە، ئێستا و ئایندەش**

**بە هەڵە دەخوێنێتەوە.**

**•**

**ئێمەی عەرەب بلیمەتین**

**لە بە وەهمکردنی خەم و**

**رادەستبوونی.**

**•**

**ئێمەی مرۆڤی ئەو زەمینە**

**لە کاتی لە دایکبوونمانەوە**

**تا کۆچکردنمان**

**هیچ شتێ نازانین**

**جگە لە گریان.**

**•**

جیاوازیی لە نێوان کەوتن و

خۆڕاگریدا یەک چرکەیە،

ڕاڕەوێکی تەنگە،

زۆر کەس ئەوە لە بیر دەکەن

یا دەیانەوێ لە بیری بکەن.

•

هەمیشە دەتوانرێ پرد درووستبکرێ،

بەڵام درووستکردنی مرۆڤ سەختە.

•

ئازار بەهێزترین بزوێنەری ژیانە

وەکچۆن دەتوانێ مرۆڤ رزگار بکا

هەر ئاواش دەتوانێ وێرانی بکا..

ئازار جیهانێکی بێ نەخشەیە.

•

بزە ئیرادەیە

هەتا ئەگەر غەمگینیشبێ.

•

ئەگەر پیاوێکت دیت هیچ ژنێکی لە دڵدا نەبوو،

دڵنیابە ئەوە پیاو نییە

بەڵکو تەرمێکە پێویستی بە قەبرێکە.

•

مرۆڤ هێزێکی دیاریکراوی بۆ بەرگەگرتن هەیە،

دواتر ئەو هێزە نامێنێ.

•

شتێ کە بە پارە بە دەستنایێ عەقڵە.

•

مرۆڤ لە حەیوان خراپترە
کاتێ دەبێتە حەیوان.

•

جارێک خوێندمەوە ئەوانەی
هەڵوێستی ئازایانەیان هەیە
لە هەموو خەڵک کەمتر باسی
ئازایەتی دەکەن.

•

کەسێکم نەدیتییە گلەی لە
کەسێک بکا ئەگەر خۆشینەوێ
هەڵە تێمەگە لە کەسێک کە
گلییەت لێدەکات و وابزانی
دەیەوێ دوورت بخاتەوە.

•

مرۆڤ هەرچەند بەهێزبێ

وەک مێشوولەیەکیش نابێ

ئەگەر  بە تەنیابێ.

•

خەون تاکە شتێکە کە مرۆڤ

دەتوانێ بەبێ چاودێریی هیچ

کەسێک پەیڕەوی بکا.

•

ئەگەر جگەرە نەبووایە

دنیا ئاگری تێبەردەبوو،

دەبێ مرۆڤ

شتێ داگیرسێنێ

تا شتێ بسووتێ.

•

پەیوەندی نێوان وڵاتان

خاڵییە لە سۆز.

•

لەسەر عەرەب پێویستە ئەگەر

تەنیا بۆ یەکجاریشبێ بیسەلمێنن

کە ئەواب دەتوانن بە ئەمەریکا بڵێن: نەخێر.

•

راستە من توانای بەرگرییم نییە

بەڵام نامە ئەوەی کە ئێوە دەتانەوێ.

•

لە وڵاتانی ئێمەدا ئێمە بێنرخترین شتین.

•

زمانی بەرژەوەندی لە پەیوەندی

نێوان وڵاتان بەهێزترین و کاریگەریترین زمانە.

•

ژنان لە رۆژهەڵات تەنیا چێژت پێنابەخشن

بەڵکو نهێنێنی و دەسەڵات و هەموو ئەو شتانەت

پێدەبەخشن کە تۆ دەتەوێ.

•

لەبیرکردن ئاسانترین رێگەیە بۆ ژیان.

•

دڵی پیاو خاڵیی نابێ لە ژن،

جا ژنێکی زیندوو یا مردوو،

هاوژین یا دۆست، یا هەر شتکی دیکە.

•

**کە مرۆڤ بووە شاهیدێکی لاڵ**

**کە بووە کێڵی قەبر، کە بووە شتێکی بێ کەلک،**

**ئەو کاتە هەموو پاساوهێناوەیەکی لە دەستدەدا.**

**•**

**مرۆڤ لەو رۆژگارەدا**

**رۆحێکی دڕندەی هەیە**

**کە نە گورگ و نە هیچ ئاژەڵێکی دیکە**

**ئەو رۆحەیان نییە.**

**•**

**سەیر لەوەدایە مرۆڤ شتی نزیک نابینێ،**

**پێویستە مەودایەک لێی دوور بکەوێتەوە**

**یا کاتێکی درێژ**

**تا بە رۆشنیی بیبینێ.**

**•**

ئەی برادەر سەیرترین شت

لەو ژیانەدا ئەوەیە

مرۆڤە خراپەکان نامرن،

لەوە زیاتر دەژین کە پێویستە بژین

هەر بۆ ئەوەی ژیانی ئەوانی دیکە خراپ بکەن.

•



# Muhammad al-Maghut

## محەمەد ئەلماغوت (1934_2006)

**شاعیری سوری.**

چاودێریکردنی ئازار  لە پشت شووشەوە؛
شتێکی پێکەنیناوییە،
وەک ئەو کەڕە وایە کە گوێ لە مۆسیقا دەگرێ.

•

هیچ کات کێشەمان لەگەڵ خوادا نەبووە،
بەڵام هەمیشە کێشەمان لەگەڵ ئەوانە هەیە
کە خۆیان لا خوایە.

•

دەسەڵات چاودێریی
میللەت دەکا و
میللەت چاودێریی
دەسەڵات دەکا و
ئیرسرائیلیش چاودێریی هەمووومان دەکا.

•

یەکێتیی ڕاستەقینەی جێگیر

لەناو عەرەبدا

یەکێتیی ئازار و فرمێسکە.

•

هەوڵدەدەم لەناو شیعر و

لە دەرەوەی شیعریش شاعیربم

چونکە شیعر هەڵوێستە لە ژیان و

هەستێکە پەیوەندی بە ڕەوشتمانەوە هەیە.

•

ڕێککەوتوون..

لەسەر یەکێتیی خوا و

دابەشکردنی

نیشتمانەکان.

•

ئەگەر بنووسم لە ترسان دەمرم و

ئەگەر نەنووسم لە برسان دەمرم.

•

مرۆڤی عەرەب جا سیاسیبێ

یا بیرمەند یا رۆژنامەنووس

یا عاشق لە هیچ شوێنێ

لەسەر حەقیقەتی خۆی دەرناکەوێ جگە لە حەمام.

•

عەرەق گەمە بە سەرم دەکا و

ژنم گەمە بە گیرفانم دەکا و

تەڕەفرۆش گەمە بە حیسابم دەکا و

زیاتر لە زەعیمێکیش

گەمە بە چارەنووسم دەکەن.

•

دەوڵەت لە هاونیشتمانیان ناپرسێ

چی لە پشت سەری دەکەن

ئەگەر هاونیشتمانیان لە دەوڵەت نەپرسن

چی لە پشت سەریان دەکا.

•

ژن تاکە شوێنە کە هەر چوار

ئاراستەکە دەکاتە یەک ئاراستە و

کەسیش ناتوانێ دەستنیشانی بکا.

•

هەموو رۆژ لە نیشتمانمدا شکۆیەکی نوێ و

شەرمەزراییەکی نوێ دەبینم و هەواڵێک دەبیستم

کە سەر بەرز دەکا و

هەواڵکیش کە فشاری خوێن بەرز دەکا.

•

له نیشتمانی عەرەبییدا

له هیچ شوێنێ

هیچ ئامێرێکی چاودێریی دانەنراوە،

چونکە هیچ کەس قسە ناکا.

•

هیچ بۆم گرنگ نییە چ ناوێک

له نووسینەکانم دەنێن؛ شیعر،

پەخشان، پەیکەرتاشیی یا سەما.

•

له جیهانێکی داتەپیودا

سەرکەوتوو مەبە، چونکە دەبیە شانەیێ هەنگوین

له جیهانی مێشووڵەدا، دواجار هەنگوینەکە

لەناو دەچێ و مێشووڵەکان دەمێننەوە.

•

هەرچەند پێویستیشبێ سەر بۆ هیچ کەسێک دامەنوێنە

چونکە ڕەنگە جارێکی دیکە دەرفەتی

هەستانەوەت بۆ نەڕەخسێ.

•

مرۆڤەکان وەک سندووقی پۆستی

داخراوی لە تەنیشت یەک دانراویان لێهاتووە

بەڵام کەس نازانێ چی لە ناویاندا هەیە.

•

هیچ مرۆڤێکی ڕۆژهەڵاتیی نییە

شتێکی لە خیانەت تێدا نەبێ.

•

چ سوودێکی هەیە کە رژێم لە ئاسنبێ و

هاونیشتمانییش لە شووشە؟

•

لەو چاخەدا هیچ تاوانێکی کامل وجودی نییە

جگە لەوەی کە مرۆڤ بە عەرەب لە دایکببێ.

•

پێدەچێ ئازادکردنی عەقڵی عەرەبی

لە ئازادکردنی فەڵەستین سەختتربێ.

•

هەر جارێک دوو عەرەب کۆبوونەوەیان کردبێ

سێیەمیان موخابەرات بووە.

•

**مردن لە دەستدانێکی گەورە نییە**

**گەورەترین لە دەستدان ئەوەیە**

**یەکێ لە ئێمە بمرێت و ئێمەش زیندوو بین.**

•

**ئەی گۆڕستانە بە کۆمەڵەکان**

**هاوڕێکانی خۆمم دەوێتەوە.**

•

**لەو جیهانەدا**

**زۆر شت هەن**

**شیاوی شاپ تهێەڵدانی زیاترن**

**لەو تۆپە پلاستیکییە**

**بەدبەختە.**

•

_ئێوە کێن؟

_ئێمە عەرەبین.

_بە چییەوە سەرقاڵن؟

_ئێمە سەرقاڵ نین،

جیهان بە ئێمەوە سەرقاڵە.

•

داهێنەر رووبارە

بوەستێ بۆگەن دەبێ.

•

خۆشەویستییم کرد و رقم بۆوە..

دڵخۆشبووم و غەمگینبووم..

پێکەنیم و گریام و سەرباری هەموو ئازارەکانیشم ژیام

ئەوە کورتکراوەی دنیای منە لەگەڵ ئەزموونەکانم.

•

من درەختی شادییم

هەتا ئەگەر لە پایزدا برووسک

لە رەگیشم بدا.

•

من وەک ئەو زیندانییەم

کە بیست ساڵ چاڵ هەڵدەکۆڵێ و

دواتر دەبینێ کە ئەو چاڵەی هەڵیکۆڵیوە

دەیگەیەنێتە زیندانێکیتر.

•

هەندێجار

بێدەنگیی

جوانترین

مۆسیقایە لە جیهان.

•

ئەی خوایە هەموو وڵاتان

دەخەون و دەخەون و

لە چرکەساتی یەکلاکەرەوەدا

بەخەبەر دێن جگە لە نیشتمانی عەرەبی..

نیشتمانی عەرەبی بەخەبەر دێن و بەخەبەر دێن و

لە چرکەساتی یەکلاکەرەوەدا دەخەون.

•

ئازادیی نییە

بەڵام وتار

لەسەر ئازادیی هەیە.

•

عەرەب رێککەوتوون

لەسەر خیانەتکردن لە هەموو شتێک.

•

خۆشەویستیی ناتوانێ راوەستێ

ئەگەر لەسەر دوو قاچ نەبێ،

قاچێک لە گرینگیدان و قاچێک لە رێزلێنان،

ئەگەر یەکێ لەو دوو قاچە لە دەستبدا ئەوە

خۆشەویستییێکی شەلەیە.

•

ئەی هەورە گەڕیدەکان بە هەموو شوێنێکدا،

ئایە هیچ میللەتێکی

رەسەنتر و

بە پیتتر و

بەخشندەتر و

خانەدانتر و

بەدبەختترتان

وەک میللەتی من دیتییە؟

•

دەمەوێ

لە خۆشەویستییم و

لە ئەشکەنجەم و

لە گەورەییم و

لە بەخشینم و

لە رقم و لە قەروێڵەکەمدا بە تەنیابم.

•

خۆڕاگریی و بەرگریی:

خۆڕاگریی لەسەر کورسیی و

بەرگرییکردن لەوانەی نزیک کورسییەکە دەبنەوە.

•

شانی بێچەک ناتوانێ

بەسەر جەللادەکاندا سەرکەوێ.

•

جگە لە کووشتن و

تاڵان و

خوێنڕشتن

هیچ شتێکی دیکە نییە،

کەس بیر لەوە ناکاتەوە

منداڵییێك هەیە پێویستە گەشە بکا.

•

هەست دەکەم

شتێ لە قووڵاییەکانی مندا شکاوە و

ئێسکیش نییە،

شتێکی گرنگتر لە ئێسک

هەرگیز ناشتوانرێ

چاک بکرێتەوە.

•

ئابووریی نیشتمانییمان هەیە

پیشەسازیی نیشتمانییمان هەیە

پەروەردەی نیشتمانییمان هەیە

ئەحزابی نیشتمانییمان هەیە

خوێندگەی نیشتمانییمان هەیە

سروودی نیشتمانییمان هەیە

قەڵەمی نیشتمانییمان هەیە

ئاگردانی نیشتمانییمان هەیە

نەوتی نیشتمانییمان هەیە

پێڵاوی نیشتمانییمان هەیە

نەعلەی نیشتمانییمان هەیە

حەمامی نیشتمانییمان هەیە

ئاودەستی نیشتمانییمان هەیە

بەڵام نیشتمانمان نییە.

•

**هەرچی لە زەمین و ئاسمان و**

**زەریاکاندا هەیە بۆ نیشتمانە و**

**نیشتمانیش بۆ هەندێک دز و جەردە.**

•

**نازانم حیکمەتی بوونی بەنج**

**لە نەخۆشخانەکانی**

**وڵاتانی عەرەبیی چییە ،**

**ئێمە هەر لە ئەساسەوە**

**میللەتێکی بەنج کراوین.**

•

**خودایە**

**هێزی پۆڵا و**

**نەرمیی پەپوولەم پێببەخشە.**

•

هەر کاتێ لە هەر  شوێنێ لە دنیادا

بارانی ئازادیی دابباریێ

هەموو رژێمە عەرەبییەکان پەلە دەکەن

لە هەڵدانی چەتر  بەسەر سەری میللەتەکانیان

لە ترسی ئەوەی نەوەک تووشی هەڵامەت بێن.

•

خوایە پێیەکانی عەنکەبوت بە من و

هەموو منداڵانی رۆژهەڵات ببەخشە

تا بتوانین خۆمان بە سەقفی نیشتمان هەڵواسین

هەتا ئەو قۆناغە کۆتایی پێدێ.

•

چ سوودێکی هەیە بتوانی هەموو شتێ بنووسیت لەو دنیایە و نەتوانی هیچ شتێ بگۆڕیت لەو دنیایە.

•

هەژارەکان پێش هەموو کەس

لە خەو هەڵدەستن تا هیچ کەس

پێش ئەوان نەگاتە عەزاب.

•

ئەی چێنەرەکان..

کفێکی گەورەم دەوێ

بۆ خەونەکانم.

•

هیچ هێزێک نییە لەو جیهانەدا

بەسەرمدا بسەپێنێ

کەسێکم خۆشبوێ کە خۆشمناوێت و

رقم لە کەسێک ببێتەوە

کە رقم لێی نابێتەوە.

•

به درێژایی ژیانم

له خوا دەترسام و

دواتر زانیم که خوا پەناگەمە.

•

خۆشەویستیی تاکە نەخۆشییێکە

دەمەوێ تووشی بێم بەبێ فریاکەوتن.

•

من دەنووسم،

گۆرانی دەڵێم،

سەما دەکەم،

شێت دەبم،

بەڵام هەرگیز

گوللەیەک ناتەقێنم.

•

هەر جەمێکی سیاسی لە ناوچەکەدا
ئەمریکا ئامادەی دەکا و
رووسیا ئاگری لە بن هەڵدەکا و
ئەوروپا ساردی دەکاتەوە و
ئیسرائیل دەیخوا و
عەرەبیش قاپەکان دەشووا.

•

بەهرەدار مەبە
ئەو زەمەنە
زەمەنی هیچ و پووچەکانە.

•

خراپترین دیموکراتییەت لە دنیادا
لە دادپەروەرترین دیکتاتۆر باشترە.

•

هیچ شتێ بەو خاکە

پەیوەستم ناکا

جگە لە پێڵاوەکانم.

•

بە رووتیی

لە ماڵ دەردەچم و

دەگەڕێمەوە دارستانەکەم.

•

عەرەب

وەک هەلیکۆپتەر وان

گڕە گڕیان

لە خێراییان زیاترە.

•

بۆ ئەوەی ببیتە شاعیرێکی گەورە

دەبێ ڕاستگۆبیت و

بۆ ئەوەی ڕاستگۆبیت

دەبێ ئازادبیت و

بۆ ئەوەی ئازادبیت

دەبێ بژیت و

بۆ ئەوەی بژیت

دەبێ دەمت داخەیت.

•

کاتژمێریان پێداین و زەمەنیان برد

•

پێڵاویان پێداین و

ڕێگەکانیان برد

•

پەرلەمانیان پێداین و

ئازادییان برد

•

عەتر و ئەنگوستیلەیان پێداین و

خۆشەویستییان برد.

•

جۆلانەیان پێداین و

جەژنەکانیان برد.

•

شیری وشکیان پێداین و

منداڵییان برد.

•

پەینی کیمیاویان پێداین و

بەهاریان برد.

•

مزگەوت و کڵێسەیان پێداین و

ئیمانیان برد.

•

پاسەوان و قفڵیان پێداین و

ئاسایشییان برد.

•

شۆڕشگێریان

پێداین و

شۆڕشیان برد.

•



**Ahmed Matar**

**ئەحمەد مەطەڕ (1954_2014)**

**شاعیری عێراقی.**

پێویستە

مافی مرۆڤ

لەماڵەوە دەستپێبکا.

•

لە هەر وڵاتێکی عەرەبییدا

ئەگەر کەسێک ژیر

زیرەکیی خۆی نیشانبدا،

دەبەنگە.

•

ئەگەر شۆڕشگێڕ پاکبێ

بۆچی شۆڕش

پیس دەبێ؟

•

**دز پارچە کاغەزێکی لەسەر حەسیر**

**بۆ جێهێشتبووین لێی نووسرابوو:**

**لەعنەتی خوا لە ئەمیر بدا هیچی**

**نەهێشتۆتەوە بیدزین جگە لە پرخە پرخ.**

•

**واز لە سەڵاحەدین بێنن لە خۆڵیدا و**

**رێز لە بێدەنگیی بگرن**

**چونکە ئەگەر زیندوو ببێتەوە و**

**بێتە ناوتان دەیکوژن.**

•

**پێویستە دانیپێدابنێم من ئازا نیم**

**بەڵکو لە زۆری ترسمدا**

**دەترسم بترسم.**

•

له وڵاتانی ئێمەدا

ئەگەر نووستوو لە خەو هەستێ

دوو کەس لە ترساندا دەلەرزن:

دز و دەسەڵاتدار.

•

ئەی خاکی ئێمە،

ئەی دەڤەری دابەزینی پێغەمبەران،

یەک پێغەمبەرمان بەس بوو

ئەگەر دەبەنگ نەبووایین.

•

تاک لە وڵاتانی ئێمەدا

یا هاوڵاتییە یا سوڵتانە

ئێمە مرۆڤمان نییە.

•

خەم لەوە دەخۆم نەوەیەک بێت
لە مانای ئازادیی تێنەگا.
•

گورگ چووە تەویلەی حەیوانان
بەرخێکی سپی خوارد،
مەڕە ڕەشەکان دڵخۆشبوون،
دواتر بەرخێکی ڕەشی خوارد و
سپییەکان گوتیان: گورگێکی دادپەروەرە.
ئیدی گورگەکە تا ئەوڕۆ  ئەو عەدالەتەیان
لەسەر جێبەجێ دەکا.
•

ئەگەر نەوت هەرزانە بۆچی لە تاریکیی دادەنیشین؟
ئەی ئەگەر گرانە بۆچی تیکەیەک نان نییە بیخۆین؟
•

**سەرباری ئەوەی شار**

**پڕبووە لە هەزاران هاوڕێ**

**کەچی من هیچ هاوڕێیەکم نەماوە.**

•

**دادپەروەریی رۆژئاوایی**

**هەمیشە پشتگیریی لە وڵاتە بێهێزەکان دەکات**

**بە مەرجێ ئەو بڕە نەوتەی دەستکەوێ کە پێویستیەتی.**

•

**ئەو بە تەورات سەری پەل دەدرێ و**

**ئەویتر بە ئینجیل سەری پەل دەدرێ و**

**ئەوەیان بە قورئان سەری پەل دەدرێ،**

**هیچ دینێ گوناحی نییە**

**گوناحەکە لە سرووشتی مرۆڤدایە.**

•

چرکەساتی لە دایکبوون دەگرین

چونکە دێینە شانۆیەک پڕە لە دەبەنگ.

•

ئێمە میللەتێکین

هەر هاوڵاتییێک دەتوانێ

هەموو ئەوانی دیکە

بە کافر دابنێ و بەهەشتیش

تەنیا بە هی خۆی دابنێ.

•

ئەگەر من

شیعر نەنووسم

راپۆرتنووسەکان

چۆن دەژین؟

•

سەگ بەبێ تەنگپێهەڵچنین

بە هەموو ئاراستە جیا جیاکان رادەکەن و

کەرەکان بە ناخۆشترین دەنگ

گوزارشت لە فکریان دەکەن و

ئێمەی رەچەڵەکی ئادەمیش

لە وڵاتی خۆماندا نە لە ریزی زیندووانین و

نە لە ریزی مردووانیش.

•

دوای چەندین دەیە،

سەگ نەخۆش کەوت و

مژدەیان پێداین

کە ئێمە دواجار میللەتین،

سەگ مرد و کوڕی سەگ

بە کۆدەنگیی بووە سەرۆک.

•

بە هەموو راستگۆییێکەوە درۆ دەکەن..

بە هەموو دڵسۆزییێکەوە خیانەت دەکەن..

بە نیشتمان پەروەرییەوە وڵاتەکانیان وێران دەکەن..

بەوپەڕی مرۆڤایەتییەوە

براکانیان دەکوژن و

بەوپەڕی بەخشندەییشەوە

پشتگیریی دوژمنەکانیان دەکەن.

•

جارێک جوحا بیرێکی دیت،

وایزانی منارەیەکی سەرەوژێرە؛

هەر بەڕاست جوحای مامان

کەسێکی دەبەنگبوو

یا ئەو ئایندەی

عرووبەی ئاوا دەدیت؟

•

لە راکردنمان رادەکەین

لە ترسی ئەوەی

بە تۆمەتی ژیان بگیرێین.

•

عەربن

بەڵام ئەگەر پێستیان

لەبەر دابکەنی ناوەڕۆکیان ئەمەریکییە.

•

بۆچی پێبکەنم؟ کە دەربەدەرەکان

هێشتا لە سەرماندا دەمرن و

بۆڕی نەوتی عەرەبیش

بەسەر تەرمیاندا بەرەو

ئەمەریکا و ئەوروپا دەڕوا تا گەرمیان بکاتەوە.

•

لە وڵاتی مندا سەگ دەڕوا و

کاروان پێی دەحەپێ.

•

بە ژنەکەی گوت: بێدەنگبە و

بە کوڕەکەی گوت: دەنگت دەرنەچێ..

دەنگتان بیرکردنەوەم دەشێوێنێ،

یەک وشەش مەدرکێنن دەمەوێ

لەسەر ئازادیی رادەربڕین بنووسم.

•

ئەگەر شەیتان مەلعونە

بۆچی دەسەڵاتی پێدەبەخشین؟

ئەی ئەگەر فریشە بێ گوناحە

بۆچی پۆلیس پاسەوانیی لێدەکا؟

•

**بەیانی ئەورۆ زەنگی کاتژمێر**

**بە خەبەری هێنام و گوتی:**

**بخەوە ئەی کوڕی عەرەب ئێستا کاتی خەوە.**

•



# Nizar Qabbani

## نزار  قەبانی (1923_1998)

### شاعیری سوری

له وڵاتانی عەرەبیدا کتێبەکانی چێشتلێنان و
تەفسیری خەون پڕ فرۆشترین کتێبن،
ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئێمە
نەتەوەیەکین تەنیا دەخۆین و دەخەوین.

•

دوو جۆر پیاو هەن: پیاوێک هەیە ئەگەر خۆشیویستی
دەتکاتەوە منداڵ و وا دەکا بەنێو کێڵگەی یاسەمیندا
رابکەیت و پیاوێکیش هەیە ئەگەر خۆشیویستی وا
پیرت دەکا تەمەنت دەکاتە سەد ساڵ و زیاتریش.

•

شیعر قسەیەکی بەرزە، مرۆڤ
بۆ ئەوە درووستی دەکا تا
ئاستی مرۆڤی پێبەرز بکا.

•

ئەگەر هەستی خۆم بەرانبەر بە تۆ
بە دەریا بڵێم، کەنارەکان و
سەدەفەکان و ماسییەکان
بە جێدێڵێ و دوای من دەکەوێ.

•

ئەو قەدەرمە چۆن لێی رابکەم؟
ئایە رووبار  دەتوانێ رێڕەوی خۆی
بگۆڕێ؟

•

هەندێجار زۆر لێبوردن لە کەسانێ
کە خۆشتدەوێن هۆکاری
سەرنەکەوتنی پەیوەندییە.

•

کەسی ساویلکە داوا لە ژن دەکا
خۆشیبوێ بەڵام کەسی زیرەک
وا لە ژن دەکا خۆشیبوێ.

•

ژن پیاوی دەوڵەمەند یا جوان
یا هەتا شاعیریشی ناوێ،
ئەو پیاوێکی دەوێ لە چاوەکانی
تێبگا کە غەمگین دەبێ و
دەست لە سینگی بدا و بڵێ:
ئێرە نیشتمانتە .

•

چۆلەکەکان
داوای ڤیزە ناکەن.

•

خۆشمدەوێیت،

ئەوە تەنیا کارێکە کە من دەیزانم.

•

من شەمەندەفەری خەمم، هیچ رەسیفێکم نییە.

•

شیرینەکەم

خۆشەویستی رۆمان نییە تا لە کۆتاییدا

پاڵەوانەکانی زەواج بکەن.

•

بێدەنگیی ژن پەیامی هۆشدارییە بۆ پیاو،

یانی لە کەناری کەوتندای لە دڵیدا.

•

خۆشەویستیی هی ئازاکانە،

ترسنۆکەکان دایکیان ژنیان بۆ دێنن.

•

ئەگەر پێتوابێ چەند زیاتر ژن پشتگوێ بخەی ئەوەندە زیاتر پەیوەستت دەبێ، ئەوە دەبەنگییەت پیرۆز.

•

خۆشەویستیی یانی هەر جارێ

کە ببینی وەک یەکەم دیدار وابێ.

•

بێدەنگیی یانی پێویستیی، یانی ئازار، یانی ژان،

درۆزنە ئەوەی گوتویەتی: بێدەنگیی نیشانەی رازیبوونە.

•

_کەسێ خۆشیبوێی دەگەڕێتەوە؟

_ئەوەی خۆشیبوێی ناڕوا، برادەر.

•

هێز ئەوەیە فشار بخەیتە سەر ئازارت و

بەرانبەر ئەوانە تێپەڕیت

کە چاوەڕوانی کەوتنت دەکەن.

•

ئەی نیشتمانی غەمگینم

لە چرکەیەکدا منت لە شاعیرێک

کە بە خۆشەویستیی و سۆز دەینووسی

گۆڕی بۆ شاعیرێک

کە بە چەقۆ

دەنووسێ.

•

ئەگەر ناتوانی

سەرسوڕهێنەر بیت

دەستدرێژی مەکە سەر

کاغەزی نووسین.

•

لە شیعردا شتێ نییە بە ناوی

حەسانەوەی جەنگاوەر و

نە مۆڵەتی هاوینە و

نە مۆڵەتی نەخۆشیی و

نە مۆڵەتی ئیداریش نییە،

یا دەبێ

تا دوا دڵۆپی خوێنت تێوەبگلێیت

یا دەبێ

لە گەمەکە بچیتە دەرەوە.

•

شیعر هەمیشە لەگەڵ باران دێ و

رووخساری جوانت هەمیشە لەگەڵ باران دێ و

خۆشەویستیش دەستپێناکا ئەو کاتە نەبێ

کە مۆسیقای باران دەستپێدەکا.

•

ژن لە پێناو خۆشەویستیی نەخولقاوە،

بەڵکو خۆشەویستیی لە پێناو ژن خولقاوە.

•

ئەگەر  بە راکردن

کێشەکان چارەسەر ببان

ئەوە گۆی زەوی دەبووە

هەسارەیەکی مەهجور.

•

**هیچ دەسەڵاتێک نییە بتوانێ**

**ڕێگە لە ئەسپ بگرێ بحیلێنێ و**

**ڕێگە لە چۆلەکەش بگرێ ئاسۆ ئاشکرا بکا.**

•

**حەرف حەرف کتێبی مێینەم خوێندەوە**

**کەچی هێشتا نازانم چ شتێ لە سەری ژندا دەخولێتەوە.**

•

**عەقڵ بەرهەڵستکارێکی تاهەتاییە.**

•

**من بێهێز نابم ئەو کاتە نەبێ**

**کە غەریبیت دەکەم.**

•

کوێریت تۆ؟

دڵم نابینی کە لە چاوەکانمدا

کۆبۆتەوە!؟

•

دڵەکانمان

هەمیشە

سەختترین عەشق هەڵدەبژێرن.

•

ئەو کەسەی

چاوەکانی لەبەر غیرە

فرمێسکیان نەباراندبێ

هەرگیز عاشق نەبووە.

•

بەر لە نووستن جوانترین پۆشاکت لەبەرکە،

ژوورەکەت رێکخە و

عەترپرژێنی بکە چ

ونکە بەشێک لەوانەی کە دێنە خەونت

شیاوی پێشاوازییێکی گەرموگوڕی زیاترن

لەوانەی لە واقیعدا دێن.

•

عەقڵم لە دوای خۆم جێدێڵم و

بە دوای شێتایەتیمدا

رادەکەم و رادەکەم و رادەکەم..

•

بەبێ تۆ

زەمین درۆیەکی گەورەیە.

•

دەمەوێ بپرسم: بۆچی لە وڵاتی مندا

ژنان دژی ئازادیی ژنان دەوەستنەوە؟

•

نهێنی کارەساتەکانی ئێمە

لەوەدایە هاوارمان لە دەنگمان

بەرزترە و شمشێریشمان لە بەژنمان.

•

پاسپۆرتم هەڵدەدەمە نێو دەریا و

ناوت لێدەنێم نیشتمانم.

هەموو فەرهەنگەکانم هەڵدەدەمە

نێو ئاگر و ناوت لێدەنێم زمانم.

هەموو مەلیکی تائیفەکان

تیرۆر دەکەم و ناوت لێدەنێم شاژنم.


•

**کاتێ زیرەکیی و خەیاڵ و مەکر**

**لە ژنێکدا کۆبوونەوە،**

**دڵنیابە کە تۆ لە گێژاودایت.**

•



**Paulo Coelho**

**پاولۆ کۆیلۆ (1947_      )**

**نووسەری برازیلی**

تەنیا شتێک کە وادەکا

بە دەستهێنانی خەون مەحاڵبێ،

ترسە لە فەشەل.

•

مرۆڤ پێویستی بەوە نییە

بچێتە سەر چیا تا بزانێ چیا بەرزە.

•

خەڵک ڕاشکاوانەتر

لەگەڵ دکتۆری دەروونی قسە دەکەن

لەوەی لەگەڵ قەشە

چونکە دکتۆر

بە دۆزەخ

هەڕەشەیان لێناکا.

•

کاتێ یەکێ دەڕوا ئەوە یانی

یەکێکیتر وا خەریکە دەگا.

•

دەرفەت بۆ ئەوە خولقاوە

تا یەکسەر پەلاماری بدەیت.

•

تاریکترین سعات ئەو کاتەیە

کە دەکەوێتە پێش هەڵاتنی خۆر.

•

پیاوان ئەوەندە خەون بە گەڕانەوە نابینن

بەقەد ئەوەی خەون بە ڕۆیشتنەوە دەبینن.

•

سەرکەوتن و دۆڕان بەشێکن

لە ژیانی هەموو مرۆڤێک

جگە لە مرۆڤی ترسنۆک،

چونکە ترسنۆکەکان هەرگیز

نە دەدۆڕێنن و نە دەشبەنەوە.

•

ئەو رێگەیەی کە دەیبڕی

گرنگییەکەی کەمتر نییە

لەو شوێنەی کە پێیدەگەیت.

•

بە دوای چارەسەرییەکاندا بگەڕێ

نەک تەنیا

وەڵامدانەوە.

•

ژیان زۆر خێرا تێدەپەڕێ،

لە چەند چرکەیەکدا

لە بەهەشتەوە دەمانگوازێتەوە دۆزەخ.

•

ترس لە ئازار خراپترە لە ئازار.

•

ئەو ژن و پیاوانەی

ئیرادەیەکی بەهێزیان هەیە،

عادەتەن لە پۆلی گۆشەگیرانن.

•

ڕێگەی ڕاست، شوفێری لێزان، درووست ناکا.

•

چاوەکان، هێزی رۆح دەردەخەن.

•

شتە سادەکان، سەرسوڕهێنەرترن.

•

رۆح ئازار دەچێژێ و ئازاری زیاتر دەچێژێ
کاتێ ناچاری دەکەین ڕووکەشانە بژیێ،
رۆح هەموو شتێکی جوان و قووڵی خۆشدەوێ.

•

مرۆڤ یەک مێژووی هەیە، ئەویش
مێژووی هەموو مرۆڤایەتییە،
دەمەوێ بزانم؛ ئێمەی مرۆڤ باشین یا دڕندە؟

•

**مەرج نییە بەختەوەریی کەسێک**

**بە مانای بەدبەختیی کەسانی دیکە بێ.**

•

**ئەگەر حەز بکەیت پەلکەزێڕینە ببینیت،**

**پێویستە فێری خۆشویستنی باران بیت.**

•

**ئەگەر بتوانی هەمیشە لە ئێستادا بژیت،**

**ئەوە یانی تۆ مرۆڤێکی بەختەوەریت.**

•

**کاتی ئێمە لەو سەرزەمینەدا زۆر  پیرۆزە،**

**پێویستە ڕێز لە هەر چرکەیەکی بگرین.**

•

باش گوێ بۆ دڵت ڕادێره،

چونکه ئەو هەموو شتێ دەزانێ و

له ڕۆحی جیهانه و

ڕۆژێ له ڕۆژانیش دەگەڕێتەوە لای ئەو.

•

ئێمه هەمیشه دەمانەوێ وەکچۆن

خۆمان دەمانەوێ ئاوا شتەکان

شیبکەینەوە نەک وەک ئەوەی که هەیه.

•

لەنێو هەموو ئەو چەکه ترسناکانەی

که مرۆڤ دایهێناون

هێشتا هەر _قسه_ بەهێزترین و

ترسناکترین چەکه.

•

جارێک یەکێ گوتی:

فرمێسک خوێنی ڕۆحە.

•

مرۆڤ پارەی پێبێ

هەرگیز تەنیا نابێ.

•

کەسێک خوا بناسێ ناتوانێ وەسفی بکا و

کەسێک بتوانێ وەسفی خوا بکا، نایناسێ.

•

مرۆڤ ناتوانێ

واز لە خەون بینین بێنێ.

•

هیچ مەڵێ، ئێمە یەکترمان خۆشدەوێ

چونکە یەکترمان خۆشدەوێ،

هەر ئەوەیە و هیچ هۆکارێکی دیکە نییە

تا یەکترمان خۆشبوێ.

•

تاکە شتێکی گرنگ لە ژیانماندا ئەوەیە:

هەر یەک لە ئێمە

لەنێو ئەفسانەی تایبەتی خۆماندا بژین.

•

شەڕ لەوەدا نییە کە دەچێتە دەمی مرۆڤەوە

بەڵکو لەوەدایە

کە لێی دێتە دەرەوە.

•

ئەو شتانەی کە چارەسەر ناکرێن

دەبێ بەرگەیان بگیرێ.

•

جەنگاوەری نوور لەوە ناترسێ خەڵک بە شێتی بزانن.

•

ئەی برادەر ئێمە جەنگاوەرین و

جەنگاوەرانیش بە زمانی یەکتر دەدوێن.

•

هەرچەند زیاتر وردەکاری و ناوەڕۆکی شتی ئاڵۆز

بزانیت، زەحەمەتتر دەبێ بتوانی

بۆ کەسانێکی شیبکەیتەوە کە لێی نازانن.

•

هەندێ کەس هەن

خۆشیاندەوێین بەڵام نازانن

چۆن ئەوە دەربڕن،

پێویستە لە شەرمکردنیان تێبگەین.

•

هەموو ئەو شتانەی لە ژیانمدا

لە دەستمداون بەو هۆیە بووە

کە زۆر ترساوم لە دەستیانبدەم.

•

واز لەوە بێنن

ئێوە کێبوون،

لەوە بڕوانن

ئێوە کێن.

•

**کەس ناچار مەکە شتێکت بۆ بکا**

**کە خۆی نایەوێ بیکا،**

**جوانی شتەکان لەوەدایە کە بەبێ**

**داواکاری بۆت بکرێ.**

**•**

**کاتی خۆت بە شەرح و**

**ڕوونکردنەوە بە فیڕۆ مەدە،**

**خەڵک گوێ لەو شتانە دەگرن**

**کە خۆیان دەیانەوێ گوێی بۆ بگرن.**

**•**

**ئەگەر باوەڕی وایە سەرکێشی ترسناکە**

**ئەوە ڕۆتین تاقیبکەوە**

**ئەو بکوژە.**

**•**

یەکەم شت لە بەیانیاندا

کە پێویستە بیکەیت گەڕانە بە دوای کەسێک

کە بزە بخاتە سەر لێوەکانت،

چونکە بزە هەمیشە

ڕۆژێکی باشترت بۆ درووست دەکا.

•

ژیان زۆر سادەیە، بەڵام ئێمە

زۆرجار پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەین ئاڵۆزی بکەین.

•



**Suzanne Alaywan**

**سوزان عليوان(1974_     )**

**ژنه شاعيرى لوبنانى**

باڵندەکان دەزانن کە هیچ جۆرە

بەختەوەرییێک لە سەرزەمیندا نییە.

•

لێرەدا دەوەستم، کێ خەونەکە تەواو دەکا؟

•

منداڵگەلێ دەبینم،

لە قەسیدەکانمان بەلەمی فرمێسک درووست دەکەن.

•

ئێستا هەست بە کارەساتی موهەریج دەکەم

کاتێ تەواوی خوێنی خۆی دەخاتە

نێو دەماری نوکتە و کەسیش پێناکەنێ.

•

دەریا لە پشتمانە و دەریا لە پێشمانە و

ئێمەیش بەر لە هەر کەسێکی دیکە

دوژمنی خۆمانین.

•

لێرە تەرمەکان زیاترن

لە گوڵەکان و

خوێنگێڕیش لە خولانەوەدا ناوەستێ.

•

نزیکییش بریندارکارە.

•

ئەی دیوارەکان، کوا پەنجەرەکەم؟

•

ماڵمان نییە، دەرگایەک لە نێوانماندایە.

•

هەندێ شت هەن پێیان رانایێین،

هەموو شەو بە شێوەیەکی کاتی دەمرین

بەڵام هەمیشە مردنی ئەخیر کارەساتبارمان دەکا.

•

بمبە ئەو شوێنەی کە منداڵەکان

دڵی رەنگاوڕەنگیان هەیە و ئەسپە دارینەکانیش باڵ.

•

لەوانەیە رۆژێ لە رۆژان

زاکیرم لە مردنیدا بە خەبەر بێتەوە.

•

باڵندەیەکی سەوز دەخەمە
سەر شانم و دەڕۆم
بەڵکو باڵێکی بچووکم لێ بڕوێنێ.
•

شتەکان و تارماییەکانیان جێدێڵم
بەرەو شوێنێکی بێ سێبەر رێدەکەم،
بە ختەوەریی من
لەوەدایە لە درەوەی شوێندا نیشتەجێبم.
•

لە هەسارەکەی خۆمدا
بەربوومەوە
نێو بیابانی ئەوان.
•

هاوڕێکەم بیرەوەرییەکانی خۆی

وەک تارمایێک دەبینێ،

من وەک فریشتە و کەسانێکیش هەن نایانبینن.

•

چاوەکانت

ڕێگەمن بەرەو خوا.

•

نەبوونت

گۆڕستانێکی مەهجورە.

•

لە سێبەریدا سێبەری خۆم ونکرد.

•

دڵم یەتیمە

وەک خاڵێکی تاریک

لەنێو رووناکییدا.

•

مانگێکی رەنگاوڕەنگ ناگریێ

منداڵەکان پیر نابن

ئەوەیە شاری من.

•

هەر کاتێ خەونم بینی

بێئومێدی کردم،

دەڵێی پێیە بچووکەکانم

بۆ خزین خولقاون.

•

چەند تاریکیی و ئازاری قووڵمان پێویستە

تا ببینین کە وەک دوژمن

چیمان بەسەر خۆمان هێناوە!؟

•

لە ناخمەوە دەگریام بێ ئەوەی

کەس سەرنجی شکانم بدا جگە لە ئەو.

•

نامەوێ جگە لە تۆ

هیچ کەس بمدۆزێتەوە.

•

هیچ شتێ یەکسان نییە بە نزیکییت.

•

هێشتا لە ئاو و خۆڵین

ئەوە چۆنە کاتێ دەگرین گوڵمان لێ ناڕوێ!؟

•

مادەم ئاو ژیانە،

بۆچی باران نابێتە مرۆڤ و ماڵ و نیشتمان؟

•

لەو سەرزەمینە گەورەیەدا

من لە پانیایی سێبەرتدا نیشتەجێم.

•

نهێنی ئەو بەدبەختییە خۆڵەمێشییە چییە

لە چاوەکانت؟ چیبکەم تا بتوانم رەنگیان بکەم؟

•

**چ سزایەکی توندتر هەیە**

**لە زەمەن؟**

•

**ئەو چاوانەی لە شووشەن نابینن**

**تەنیا خەون دەبینن.**

•

**جیهان راست نابێتەوە**

**تەنیا بە سەرێکی لار نەبێ**

**لەسەر شانی ئەوانەی خۆشماندەوێن.**

•